# مۆرفیمەکانی (ێ) لەزمانی کوردیدا بەکەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب : مۆرفێمەکانی (ێ) لە زمانی کوردیدا بە کەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو .
- نووسینی : پ.ی.د.لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ .
- ژمارەی لاپەرە : ١٣٠ .
- ئەندازە : ٢٤ * ١٧ سم .
- چاپی یەکەم : ٢٠٢١ ز .

# مۆرفیمەکانی (ێ) لە زمانی کوردیدا

# بەکەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو

نووسینی

پ.ی.د.لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ

## تێبینی

ئـەم کتێبــە لــە بنەڕەتــدا، نامــەی ماســتەرە و لــە ڕۆژی ٢٢-١٠-١٩٩٨ تاوتوێکــراوە, بــە پلــەی (نایــاب) وەرگیــراوە، بــە سەرپەرشــتی (پ. د. ئەوڕەحمانــی حاجــی مــارف) بــووە.

# پێشەکی

وێـڕای هـەوڵ و کۆششـی جۆربەجـۆری ڕێزماننووسـانی کـورد لـە بـواری زمانەوانیـدا، هـەر یەکـە و کـەم تـا زۆر، بـە پێـی توانسـت و بۆچوونـی تایبەتـی، خـۆی ئـاوڕ و لای لـە ڕێزمانەکەمـان داوەتـەوە، هەوڵـی گەلێکیـان مایـەی شـانازی و دەستخۆشـی لێکردنـە، لەگـەڵ هەمـوو ئەوەشدا زۆر ڕوو و لایەنـی شـاراوەی زمانەوانـی هەیـە، تا ئێسـتا پەردەیان لـە ڕوو هەڵنەماڵـراوە، کـە پێویسـت بـەوە دەکات کاری سـەربەخۆیان لـە بـارەوە بکرێـت. هـەر لـەم نیـگا و ڕوانگەیـەوە ویسـتوومە بـە شـێوەیەکی ورد و زانسـتی لـە مۆرفێمەکانـی (ێ) بدوێـم و تیشـك و ڕووناکـی بخەمـە سـەر لایەنـە شـاراوەکانی.

هـەر ئەمـەش وای لێکـردم، نامەکـەم بـۆ ئـەم بابەتـە واتـا (مۆرفێمەکانـی (ێ) لـە زمانـی کوردیـدا) تەرخـان بکـەم و بـە پێی توانسـت لێکۆڵینەوەیەکـی سـەربەخۆی تێـر و تەسـەلی لەسـەر ئامـادە بکـەم.

ئـەوەی زیاتریـش هانیـدام و پاڵـی پێوەنـام، ئـەم باسـە هەڵبژێـرم، حـەز و ئـارەزووی هەمیشـەیی چەنـد سـاڵەی خـۆم بـوو، جگـە لـەوەی ئامادەکردنـی بنەماکـانی زمانەکەمـان دەکات و وەك ئاشـکرایە، ڕاژە و خزمەتکردنـی زمانەکەشـمان هیـوا و ئاواتـی سـەرپاکی دڵسـۆزانی زمانـی کوردییـە.

لێکۆڵینەوەکـە، ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی وەسـفییە و کەرەسـتەکەش، بـە کەرەسـتەی کرمانجیـی خـواروو و ژووروی زمانـی کوردییـە.

ناوەڕۆکـی نامەکـە بریتییـە لە پێشـەکییەك و سـێ بـەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.

**ـ بەشی یەکەم:**

لـە بەشـی یەکەمـی ئـەم نامەیەدا، بە پێویسـتمان زانی پێـداچوونەوەیەك بـۆ کارەکانـی پێشـوو بنووسـین و هەمـوو کەموکورتـی و خەوشـەکانیان نیشـانبدەین و بـە بۆچوونـی خۆمـان و کەرەسـتەی زمانـی کـوردی و ڕای زانایانـی زمـان ڕاسـتیانبکەینەوە. پـاش دیاریکردنـی کەموکورتـی و لایەنـی چاکـی هـەر بەرهەمێـك کـە قامکی بـۆ درێژکـراوە، بـە پێویسـتمان زانیـوە بۆ لێکۆڵینەوەکانـی خۆمان کەڵك و سـوودیان لێوەرگرین و باسـەکەی پێ فراوان و دەوڵەمەنـد بکەین. لێرەدا ئەوەش دەخەینـەڕوو، کە جگە لە (د، ن، مەکەنزی) هیـچ نووسـەرێك ئاماژەی بـۆ ئـەوە نەکـردووە، کـە (ێ) وەك ئینتەرفێکـس دەتوانـێ ڕۆڵ ببینێـت، هەرچەنـدە ئەویـش بـە ناتـەواوی لێـی دواوە و بـە پاشـماوەی ئیزافـەی (ێ)ی مێیینـەی داناوە، کە بە لای ئێمەوە ئینتەرفێکسـە و تەنهـا لـەو وشـەیەدا دەرناکەوێت، کە ئـەو یادداشـتی کردووە، بەڵکو وشـەی دیکـەش هەیـە، هەمـان ڕۆڵ دەبینێـت، وەك (پیـرێ دێـوە بۆڕێـزەن) هـەر لـەم بەشـەدا ئاماژەمـان بـۆ زۆربەی زۆری نووسـینی ئەو نووسـەرانە کـردووە، کە پێوەندییـان بـە مۆرفێمەکانـی (ێ)ەوە هەبـووە، هەرچەنـدە ئەو نووسـەرانەش بـە گوێرەی پێویسـتی بابەتەکانیـان ئاوڕیان لـە مۆرفێمەکانـی (ێ) داوەتەوە، ئێمـەش لە جـێ مەبەسـتی خۆمـان کەڵکیـان لـێ وەردەگرین.

**ـ بەشی دووەم:**

لەم بەشـەدا باسـی مۆرفێمەکانی (ێ)ی وشـەگۆڕ دەکەین، کە لە (١٠) دەوردا دەردەکـەون و لـە سـازدانی ڕسـتەدا بەشداریدەکەن، وەك:-نیشـانەی جنسـی مێ دۆخی ناڕاسـتەوخۆ، نیشـانەی ئیزافە، نیشـانەی کاتی ڕانەبردووی کـردار لـە حاڵەتی کارا نادیـار... هتد. بە پێـی پێویسـت دەوری هەریەکەیان و شـێوەی دەرکەوتنیانمان ڕوونکردووەتەوە.

- بەشی سێیەم:

لـە بەشـێ سـێیەمی ئـەم نامەیـەدا باسـی مۆرفیمەکانـی (ێ)ی وشـەدارێژ دەکەیـن، واتـە - ئـەو حاڵەتانەمـان دەستنیشـانکردوە، کـە (ێ) وەك مۆرفیمـی وشـەدارێژ دەردەکەوێـت و یارمەتـی ڕۆنانـی وشـەی نوێـدەدات, بـۆ نموونـە: پاشـگر و ئینتەرفێکـس و ناوگـر، لـە هـەر یەکـە لـەو شـوێنانەدا دەورو ئەرکیـان، پێناسـە و ڕاڤەکەیـان ڕوونکراوەتـەوە.

- ئەنجام:

لـە ئەنجامـدا هەوڵمانـداوە وێنەیەکـی گشـتی هەمـوو ئـەو ئەنجامانـە بکێشـین، کـە لـە بەشـەکانی نامەکـەدا باسـکراون و بـە چەنـد خاڵێـك تۆمارکـراون و ڕوونکراوەتنـەوە.



# بەشی یەکەم
# پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێک

# بەشی یەکەم:
## - پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێک

مۆرفێمەکانی (ێ) لە زمانی کوردیدا گەلێك ڕۆڵی گرنگ و دیار و بەکەڵکیان هەیە، ڕێزماننووسانی زمانی کوردیش هەر لە زووەوە هەستیان بە بایەخی ئەم مۆرفیمانە کردووە، بۆیە زۆربەی زۆریان ئاوڕیان لێی داوەتەوە... تەنیا هێندە هەیە، لەبەر ئەوەی ئاوڕدانەوەکانیان بە گوێرەی پێویستی بەرنامەی بابەتاکانیان بووە، واتە ڕاستەوخۆ لە سەرجەمی ئەم مۆرفێمانە و سەرپاکی ئەرکەکانیان نەدواون، بەڵکو تا ڕادەیێك لابەلا باسییانکردوون. هەروەهاش تا ئێستا وەکو ناملکەیەک، یان کتێبێك، یان وتارێکی سەربەخۆ هیچ لێکوڵینەوەیەك دەربارەیان نەکراوە. لەم نامەیەدا وامان بە چاك زانی، سەرەتا لە کۆنەوە بۆ نوێ لە زۆربەی ئەو کارانە بدوێین، کە پێوەندییان بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت و سەبارەت بە هەر باسێکیش لەو باسانە ڕاوبۆچوونی خۆمانیان لە ئاست دەربڕین.

مامۆستا (تەوفیق وەهبی) لە بەرهەمە ڕێزمانییەکەی ((دەستووری زمانی کوردی))دا.[1] باسی مۆرفێمی (ێ) نەناسیاوی کردووە و لە ژێر سەرناوی (ئەداتی تەعریفی نامەعیەن) لە (ێ، ێك) دواوە و دەڵێت:-

((١١٦. ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە حەرەکە بێ (ێ)یێك ئەخرێتە مەیانی ناوەکە و ئەداتی تەعریفی نامەعەیەنەوە, وەک:

برا. برایێ. برایێک

کوندە. کوندەیێ. کوندەیێک،

هەرمێ. هەرمیێ. هەرمێیێك... هتد

-----------------

١ ) تەوفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩, ل٣٦.

١١٧. ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە (ی)بێ (ێ)یێکی کەی لێ زیاد ناکرێ وەکو، ماسی، ماسیێ، ماسییێك.

١١٨. ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە دەنگی بێ هەر (ێ) یان (ێک) بە کەڵک دەهێنرێ، وەکو:

پیاو. پیاوێ. پیاوێك

مریشک. مریشکێ. مریشکێك)).[1]

شایانی باسە، مامۆستا لەو سەردەمە زووەدا هەستی بەم دیاردانەی زمانی کوردی کردووە.

هەر لەو بارەیەوە لە باسی (سفەتی موبهەم)یشدا چەند تێبینی و حاڵەتی وەك:

((هیچ... ێ، هەموو... ێ، هەر... ێ، چەند... ێ، چی... ێ، هەرکام... ێ، هەرچی... ێ، هەرچۆن... ێ ـ چۆن... ێ)).[2] ـ یادداشتکردووە، کە پێوەندییان بە (ێ) نەناسیاوییەوە هەیە... ئەوەشی لە بیرنەکردووە کە: ((ئەو سفەتە موبهەمانەی (ێ)یێکی جوییان لە دواوەیە، ناوەکە دەگێڕنەوە ناو خۆیانەوە، وەکو هیچ مناڵێ، هەموو کەسێ، هەر دارێ، چەند مامۆستایێ، چی پیاوێ، هەر کام کتێبێ، هەرچی گەڵایێ، هەرچوون کارێ، چوو کارەکەرێ)).[3]

مامۆستا (وەهبی) وێڕای مۆرفێمی (ێ)ی نەناسیاوی لە مۆرفێمی (ێ)ی نیشانەی مێی دۆخی بانگهێشتنیش دواوە و ئەوەی وتووە، ((کە ئەو مۆرفێمە لەگەڵ ناوی مێینەدا بەکاردێ و دوو وشەی (پورێ، خوشکێ)ی بۆ کردۆتەوە نموونە)).[4]

-----------------

١) هەمان سەرچاوە، ل٣٦_ ٣٧.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

٤) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

((سێیەم مۆرفێمی (ێ)، کە لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی)دا باسکرابێت، (ێ) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە)).[1]

مامۆستای ناوبراو لە بەرهەمێکی دیکەیدا (قواعد اللغة الکردیة).[2] کە بە زمانی عەرەبییە لە هەندێك ناوی تایبەتی بچووککراوەدا مۆرفێمی (ێ)ی دیاریکردووە، وەك ((بەهێ (بهیە)، حەبێ (حبیبە)، فاتێ (فاطمة)، خورشێ (خورشید)، شانێ (شاناز)، سەفێ (صفیە)، خەجێ. لە جێی (خدیجە)، امێ (امنە)، خانێ (خاتوون)، زیێ (زبیدة))).[3]

نووسەر لە نموونەکانیدا تەنیا ناوێکی (کوردی یادداشتکردووە کە ئەو بچووککردنەوە و کورتکردنەوەیەی بەسەردا دێت، ئەویش (شانێ) یە، لە نێو ناوە عەرەبێکاندا نموونەیەکی جوان و لە باریان بۆ ئەم باسەی ئێمە تێدایە ئەویش (خورشێ- خورشید)یە... (خورشێ) بۆ ناوی ئافرەت بەکاردێت، بۆیە (ێ)ی بچووککردنەوە و نیشانەی مێینەی وەرگرتووە، (خورشید- خورشە)یش بۆ ناوی نێرینە بەکاردێت، کەچی مامۆستا (وەهبی) ئەم تێبینییەی تۆمارنەکردووە.

ئەگەرچی نووسەری ئەو دوو کتێبە چەند مۆرفێمێکی (ێ)ی یادداشتکردوون و هەندێک ئەرکیانی باسکردوون، بەڵام چەند مۆرفێمێکی دیکەی دیار و گرنگی (ێ) هەن، کە نەناوی بردوون و نە لێیاندواوە.

مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) لە لاپەرەی (٢٦)ی کتێبی ((ڕێزمانی کوردی))دا.[4] ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (ێ) وەك نیشانەی بانگهێشتن بەکاردێت و بە (ئامرازی نیداء)ی ناوبردووە، نموونەکەشی بریتییە لە (خوشکێ، بۆچی بە نارەوا داوێنم ئەگری).

-----------------

١ ) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

٢ ) تەوفیق وەهبی، قواعد اللغة الکردیة، ج ١، الباب الاول، بیروت، ١٩٥٦, ل٣٧.

٣ ) هەمان سەررچاوە، ل٣٦.

٤ ) نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی ١٩٦٠, ل٦٨.

بۆ مۆرفێمێكی دی (ێ) لە ژێر ناوی (ئامرازی پێ ناس)دا وتوویە: ((ئەو پیتە پاشگرە پێ ناسانەن كە ئەخرێنە دوا ناوێكەوە بۆ ئەوەی ببن بە ناسیاو لە شێوەیەكی شوناس یان شوناسدا، وەك:

- بە بەردێ دوو چۆلەكەم كوشت.

لەم ڕستەیەدا: پیتە پاشگری (ێ) و (كە)ی دوا ووشەی (بەرد) و (چۆلەكە) ئامرازی پێناسن، چونكە یەكەمیان (ێ) ناوی (بەرد)ی بە جۆرێكی شوناس ناوی (چۆلەكە)ی كرد بە ناسیاو)).(١)

لێرەدا نووسەر باش نیشانی نەپێكاوە، كە پێی وایە كۆتایی (بەرد) نیشانەی ناسیاوییە، چونكە سەرەڕای ئەوەی (بەرد) ناوێكی گشتییە و بەهۆی ئەو (ێ)یەوە نەبووە بە ناسراو، بەڵكو بووەتە نەناسراو، هەروەها تاكایەتیشی نیشانداوە – واتە (ێ) نیشانەی نەناسیاوییە نەك ناسیاوی.

مامۆستا (كامیل بەسیر) سەبارەت بەو بۆچوونەی مامۆستا (نووری عەلی ئەمین)، دەڵێت:

((ئامرازی (ێ)ی دوا بە دوای وشەی (بەرد) بەرامبەر بە (تنوین)ی عەرەبی دێت كە نیشانەیەكی تەنكیر و نەناسینە)).(٢)

هەروەها دەبێ ئەوەش بوترێت، لەبەر ئەوەی (ێ) كورتكراوەی (یەك)م، بۆیە تاكایەتی نیشاندەدات، ئەوەتە كورد دەڵێ: (بە یەك بەرد) دوو چۆلەكەكەی كوشت.

پاشان مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) لە ژێر سەرناوی (ئامرازی نەشوناس)دا نووسیویەتی: ((ئەم پیتە پاشگرانەی (ێ، ێك، یەك) ئەگەر خرانە دوا ناوێكی سادە یا لێكدراوەوە، لە وێنەیەكی نەشووناسدا، دەیكەن بە

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

٢ ) د. كامیل بەسیر، ئامرازی پێناس لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگانن، ((گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی كوردی))، ب١٤، بەغدا، ١٩٨٦، ل٣.

ناسیاو، بەڵام کەی و چۆن بەکار ئەهێنرێن؟

(٢) ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگ هاتبێ، ئامرازی (ێ، ێک) ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وەك: هەنار– هەنارێ. سەلکەتوور– سەلکەتوورێ– سەلکەتوورێک)).[1]

ئێمە پێمان وایە، کە نیشاندانی تاکایەتی (نیشانەکانی نەناسیاوی) مامۆستا (نووری عەلی ئەمین)ی خستبێتە سەر ئەو جۆرە ڕایە... ((ئەوانە کە نیشانەی نەناسیاویین، ئیتر چۆن لە وێنەیەکی نەناسراوییەوە دەکەنە ناسراو؟!)).[2]

تێکڕا لەم بوارەدا تێکەڵی لە کارەکەی مامۆستادا دەبینرێ، بۆ نموونە لە لاپەڕەی (١٢٥)دا لە ژێر سەرناوی (ئاوەڵناوی) ئیشاری موبهەمدا هەمان هەڵەی دووبارەکردۆتەوە، هەروەها لە هەندێك جێگەی دیدا کە باسی مۆرفیێمەکانی (ێ) بەرچاو دەکەون، وەك لە لاپەڕە (١٥٤)– (پیتە پاشگری ڕەگی فرمان) و لە لاپەڕە (١٥٨)– (ڕستەی مەعلوم چۆن ئەکرێ بە مەجهول) کە هەمان کەموکورتییان تێدایە.

مامۆستا (جگر خوێن) لە کتێبی ((آوائو دەستورا زمانی کوردی))دا.[3] بە گوێرەی توانست ئاماژەی بۆ مۆرفیێمەکانی (ێ)کردووە. ئێمەش لەم هەڵسەنگاندنەدا ڕوودەکەینە جێ مەبەستی خۆمان، نووسەر گەرچی لە دیاریکردنی (نێر و مێ)دا ئەوەی دیاریکردووە، کە لە کرمانجیی ژوورووی زمانی کوردیدا (ێ) نیشانەی نێرە و بەم جۆرەبەکاردێ. وەك ((هەسپێ قەمەر))[4] چونکە (هەسپ) نێرە و نیشانەی (ێ)ی وەرگرتووە.

-----------------

١) نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، ل٦٨.

٢) مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) ئەوەشی دەستنیشاننەکردوە، کە (ەک)یش وەك نیشانەی (ێ، ێک) هەمان دەوردەبینێ بە وێنە: (هەنار، هەنارێ، هەنارێك – هەنارەك، ئەگەر چی ئەو (ەک)ـە زیاتر لە ناوچەی سۆران و کرمانجیی ژووورودا بەکاردێت.

٣) جگر خوین، آوائو دەستورا زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦١, ل٢٦.

٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

بۆ (مـێ) ینەش (ا) وە دەگرێت، وەك (مەهینا قەمـەر)، لەبەر ئەوەی مایین (مێ)یـە بۆیـە نیشـانەی (ا)ی چۆتـە سـەر...بەڵام ئـەوەی یادداشـتنەکردووە، کـە ئەمە لـە دۆخـی ئیزافەدایە.

مامۆسـتا ڕاست ئەوەی دەستنیشـانکردووە، کە لە دۆخی بانگهێشـتندا بە ((بانکراو(المنـادي)) نـاوی بـردوە، دەڵێـت: ((وجارنـا دمـێ یا دە (ئـێ) دکەڤی داویاناڤ: وازینێ.وا گـەورێ!...)).[1]

دیسـانەوە مامۆسـتا (جگـر خوێـن) ئەوە دووپـات دەکاتەوە، کـە (((ئەرۆ) و (ئـەرێ) وەکو(لـۆو)، لـێ – ژ بـۆ بانگـێ تێن: (ئـەرۆ) ژ بۆ نێـراو (ئەرێ) ژ بـۆ مـێ یاتیـن: ئەرۆ رابـە ئەم هەرن! ئـەرێ خوشـکێ !)).[2]

نووسـەر لە باسـی (پالڤدار و پالڤدێر: (مضاف و مضاف الیە)) نوسیوییە: ((پالڤـدار و پالڤدێـر، دو ناڤـن کـۆ تم ئێ پێشـی پالاخوە ددی ئێ پاشـی.وەك: بازنـێ زێـڕ)).[3] واتا مامۆسـتا لێـرەدا مۆرفێمـی (ێ)ی وەك ئامرازی خسـتنە سەر بەکارهێناوە.

مامۆسـتا لـە شـوێنێکی دیکـە لەژێـر نـاوی (پەنـدی و نەپەندی)دا باسـی مۆرفێمی (ێ) دەکات و دەڵێت: ((دە شـیوەی سـۆری دە: پێکراو شـوناکرۆك دگـری و کۆکا ژێدەر و شـوناکرنێ دگری و یەك ژڤـا دو آلاڤال دوای تێ– (ڕا، ڕێ) وەك: -بـارام کـوژرا– بـارام نەکـوژروێ– نـان خورا– نان ئەخـورێ...: د مـزد، -بـارام پێکرا و شـونا کـرۆک سـتاندنی یە، کوژ کـوە کاژێـدەرە، (ڕا) و (ڕێ) دو آلاڤـن، دگـەل کـۆ کا ژێـدەر هاتنـە)).[4] لێـرەدا مامۆسـتا تێکـەڵ و پێکەڵیکـردووە، بـە ڕای ئێمـە ئـەم (ێ)یە نیشـانەی نادیارییە.

هەروەهـا تـا کۆتایـی کتێبەکـەی چەنـد جارێکـی دیکـە بەهەمـان شـێوە

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٩١.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

٤ ) هەمان سەرچاوە, ل١٣٢.

سەبارەت بەم مۆرفیمە دەدوێت.

مامۆستا (مەکەنزی) لە کتێبی ((دیالێکتی زمانی کوردی))دا،[1] دەربارەی نیشانەی خستنەسەری (یّ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، لە دیالێکتی سلێمانی (ا)، (ی) بەکاردێت و لە دیالێکتی (بنگرد و پشدەر و موکری)دا نیشانەی (یّ).

هەروەها دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا لە پاش ناوی تاك و کۆی نێر و مێدا نیشانەی خستنەسەری (ی) بەکاردێت، بەڵام لە پاشی ناوی تاکی مێینە نیشانەی خستنەسەر (ئیزافە) (یّ) دەبێت: وەک: دیالێکتی موکری ← خاتونیّ نەو جوانە، (xatune naw jwana) و بە گشتی خەڵکی (ی) بەکاردێنیّ لە جێگەی (یّ). هەروەك: دیالێکتی بنگرد ← بۆ ماڵی مە، (bomalema)، زۆر دەگمەنیش (ئیزافە)ی (یّ) لەگەڵ ناوی نێردا دەرکەوێت، وەك: دیالێکتی بنگرد ← نێویّ خۆشت.(Newe xosit) لە دیالێکتی ڕەواندزدا بەبیّ جیاوازی ڕەگەز (جنس) هەردوو نیشانە (ی) و (یّ) بەکاردێنرێت.- دیالێکتی ڕەواندوز ← بابی من، یان (بابیّ من)...)).[2]

پاشان مەکەنزی لە پەراوێزی ژمارە (١)ی هەمان لاپەڕەدا، پێی وایە:-((پیرێژن (پاشماوەی ئیزافەی (یّ)ی مێینەیە و تەنها لەم وشەیەدا ماوەتەوە)).[3] ئەمە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە ئەم بڕیارە یەکجارەکییە، بەڵام مەرج نییە تەنها ئەو وشەیە هەبێت. بۆ نموونە مامۆستا تەوفیق وەهبی لە کتێبی ((قواعد اللغة الكردية))دا.[4] (پیریّ دێو)یشی یادداشتکردووە وەك ناوێک، هەرچەندە هیچ تیشکێکی ڕێزمانی نەخستۆتە سەر ئەم مۆرفیمە، جا بە لای ئێمەوە ئەو (یّ)یە ئینتەرفیکسە و یاریدەری دروستکردنی ناوی لێکدراوی داوە.

-----------------

١) D.N.Makenzie , Kurdish Dialect Studies , London , 1961, 61.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٦١.

٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٦١.

٤) تەوفیق وەهبی، قواعد اللغة الكردية، الجزء الاول، الباب الاول، بيروت، ١٩٥٦, ل٢٠.

مامۆستا (گیوی موکریانی) لە کتێبی:-((ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بەزاراوەکانی سۆرانی، بادینی، فەیلی، هەورامی))دا.[1]

بە شێوەیەکی ڕاست نیشانەکانی نێر و مێی دیاریکردووە، بۆ ناوچەی سۆران دەڵێت: ((لە کاتی دوواندنیدا بۆ نێرینە پیتی (ە) و بۆ مێینە (ێ) بە دوای ناوەکانیانەوە دەنووسێ نموونەی مێینیان: (پورێ کەی هاتی؟، کچێ دانیشە، خوشکێ بیخەوێنە، خەسوو لەگەڵ تۆمە، بووکێ تۆ گوێت لێ بێت)).[2]

سەبارەت بە نیشانەی نێرینە و مێینە لە بادیناندا دوو نیشانەی بە باشی ساغکردووەتەوە، واتە: (ا – A) بۆ مێینان و (ئێ – E )ش بۆ نێرینیان، هەروەها ئەوەیشی دیاریکردووە کە ئەم حاڵەتە وەك دەڵێت: ((بە دوای ناوانەوە دەنووسێ لە کاتی دانەپاڵدا: نموونەی نێرینیان: بابێ من، نانێ هیشك، گۆشتێ سور...)).[3]

مامۆستا (گیو موکریانی) بە شێوەیەکی زانستیانە ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە: ((لە کاتی وتو و وێژ، یا بانگکردنیدا لە بادینان بۆ مێینان (ێ–E)، بۆ نێرینان (ۆ–O) بە دوای ناوانەوە دەننوسێ بۆ نموونەی مێینان: خوشکێ، داکێ، دیدێ)).[4]

مامۆستا ئەوەیشی باسکردووە، کە ((ێ) لە زاراوەی سۆرانی و بادینی و هەورامیشدا بۆ مێیییان بە دوایی ناوانەوە دەنووسێ وەک: گوڵێ، نارێ، شۆرێ، سێوێ، ناسکێ، دایکێ، خوشکێ...)).[5]

نووسەر لە کۆتایی هەمان باسدا تێبینییەک دەخاتە پێشچاو و

---

١ ) گیوی موکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بە زاراوەکانی سۆرانی، بادینی، فەیلی، هەورامی، هەولێر، ٢٥٨٢ ی کوردی ١٩٧٢ی بوونی.

٢ ) هەمان سەرچاو، ل١٢٦.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.

٤ )هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.

٥ ) هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

دەڵێت: ((جار جارەش بۆ مەبەستی گچکە کاری پیتی (ک) دەخرێنە نێوانی هەندێک ناو پیتی (ێ) یەکەوە، وەکوو، ژنەکێ، کچەکێ)).[1]

مامۆستا (محەمەد ئەمین هەورامی) لە کتێبی: ((سەرەتاییک لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی))دا.[2] بە ئاوڕێکی پەلەی پڕ لە هەڵە و ناتەواوی لای لەم مۆرفیمە گرنگانەی زمانەکان داوەتەوە، بۆ نموونە بەم شێوەیە لە سوفێکس (Suffixes) گەیشتووە و وتوویەتی: ((مۆرفێمی پاشبەند(Suffixes): -ئەوەی کە من بیزانم ئەوەیە، کە زۆربەی ئەم مۆرفێمە- پاش بەندانە، لەم جێگایانەی خوارەوەدا دەردەکەون: -

١- پاش بەندی (ێ) و (ێک)، کە یەک واتایان هەیە و یەک جێگاشیان هەیە، و بە مەبەستی (واتا)، واتای (تاک = مفرد) دەدەن، وەکو: نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە)).[3]

لێرەدا مامۆستا بە هەڵە زاراوەی (سۆفیکس)ی بەکارهێناوە و مانای لێکداوەتەوە، چونکە ((پاشگر کە بە لاتینی بە ((Suffixes) ناسراوە، ئەو مۆرفێمەیە کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ)).[4] ئایە (ێک) لە نموونەی (ئاگرێك)دا، چ ڕۆڵێکی لە ڕۆنانی وشەکەدا بینیوە ئایە بە (سۆفێکس) ناوی بەرین، گومان لەوەدا نییە کە مۆرفێمەکانی (ێ) گەلێك ڕۆڵی دیکەی هەیە دەبوایە مامۆستا (محەمەد ئەمین) هەر هیچ نەبوایە ئاماژەی بۆ کۆمەڵێک لە ئەرکەکانی بکردایە.

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

٢ ) محەمەد ئەمین هەورامی، سەرەتاییک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤, ل٧٤.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

٤ ) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٣٦ _ ٣٧.

مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لە بەرهەمەکەیدا زۆرجار پەنجەی بۆ مۆرفێمەکانی (ێ) ڕاکێشاوە گەلێک لایەنی شاراوەی یەکلاکردوەتەوە و ڕاست و ڕەوان نیشانیداون، لە بواری هێنانەوەی نموونەدا ڕوودەکەینە کتێبی ((ورد بوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی)).[1] لە لاپەرەی (٤٩)ی وتاری (بەکارهێنانی (ێ) لە ڕێزمانی کوردیدا) ڕاست بۆ ئەوە چووە، لە جۆرێک کرداری کوردیدا (ێ) یەک دێتە ناوەوە (گوێزانەوە) دەبەخشێ، وەک دەڵێت: ((لە جۆرێك فیعلی کوردیدا (ێ) یەک دیتە ناوەوە (انتقال) دەبەخشێ، دەڵی (تفەنگێکم گرتە نیشانە) بەڵام کە معمولەکە لە ڕستەدا ونکەی دەڵیی (تفەنگێکم گرتێ)، دەڵێی (چۆتە ماڵەکە- چومێ، نۆڕیمە باغەکە- نۆڕیمێ، بومە مامۆستا- بومێ، خەنجانمە جێگەکە- خونجامێ). ئەم (ێ)یە کە دەچێتە دوای فیعلەکەوە (بوومێ، چومێ، گرتمێ، کەوتمێ، نۆریمێ، خونجامێ، دامێ، پەسوامێ، ترنجامێ) ئاوەڵ ناوی شەخسی سێیەم نییە، بەڵکو (ئەمرازە یان پاشگر)ێکە بزوتنەوەکە و انتقالەکە دەبەخشێ، ئەم (ێ) یە هەمان بزوێنی (ە)یە کە دەکەوێتە دوای فیعلەکەوە لەو ڕستانەدا کە مفعولیان تێدا دیارنەکرێ، وەك گوتمان و لێرەدا دەڵێینەوە (گرتمە نیشانە، چوینە خانووەکە...)).[2]

هەروەها مامۆستا لە پەراوێزدا دەڵێت: ((لێرەدا (مناقشە)ی ئەوە ناکەم پیتێك کە لە کۆتایی فیعلەوە بێ و بزوتنەوە و گۆڕان و انتقال پەیدا بکا داخوا پاشگرە یا ئەمراز)).[3]

بێگومان ڕاستە بە لای مامۆستاوە گرنگ نییە پاشگر بێت، یاخود

---

١) مەسعوود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی بەغدا، ١٩٧٤، ل٤٩.
٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٩.
٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

ئامـرازە، چونکـە لـەم باسـەدا تەنهـا مەبەسـتی هێنانـەوەی نموونە بـووە، بەڵام بـە لای ئێمـەوە گرنگـە، چونکـە یەکێکـە لـە مۆرفێمەکانـی (یٚ) ئـەم ئەرکـە گرنگـەی بینیـوە، واتـە بـۆ جیاکردنـەوەی (پاشـگر و ئامـراز) لـە یەکـدی دەبـێ ئـەوە بزانرێـت، پاشـگر مۆرفێمێکـە لـە پێکهاتنـی وشـەی نوێـدا دەور دەبینێـت، واتـا پاشـگر سـەر بـە بەشـی مۆرفۆلۆژییـە و بەشـداری دارشـتنی وشـە دەکات، هەرچـی ئامـرازە دەوری لێکدانـی وشـە دەبینـێ بـۆ پێکهێنانـی رِسـتە و سـەر بـە باسـی سینتاکسـە، بـەم جۆرە بـەلای ئێمـەوە ئـەم مۆرفێمە وەك جێگـری پیپۆزیشـن (بە)یـە، واتـە نـە پاشـگرە و نـە ئامـراز.

پاشـان مامۆسـتا پێـی وایـە، ئـەو (یٚ)یـە هەمـان (ە)یـە کـە دەکەوێتـە دوای کردارەکـەوە، ئەمـەش بـە لای ئێمـەوە وانییـە، چونکـە (یٚ) و (ە) دوو مۆرفێمـی جیـاوازن، بـەڵام دەتوانرێـت بگۆڕێـت، کـە هەندێـک جـار دەوری یەکـدی دەبینـن و دەبنـە جێگـری پریپۆزیشـنەکان.

مامۆسـتا لـە لاپەڕەیەکـی دیکـەدا ئـەوەی دەستنیشـانکردووە، کـە (یٚ) لـە بانگهێشـتنی مێیینـەدا بەکاردێـت، نموونەکانیشـی ((خوشکـێ، پـووریٚ، دایکـێ، کیـژێ، حورمـێ، کچـێ)).[1] هەروەهـا زیاتـر پێـی لـە سـەر ئـەم خاڵـە دادەگرێـت و دەڵێـت: ((لـە فۆلکلـۆردا هەیـە دەڵێـت: (هـێ ڕەوشـەنێ، هـێ چەلەنگـێ پێـش قوشـەنێ)، ڕەوشـەن نـاوی ئافرەتـە، چەلەنگیـش کـە بـووە بـە ئـاوەڵ نـاو بـۆ ڕەوشـەن ماملەتـی مێـی لەگەڵـدا کـراوە)).[2]

ئینجـا مامۆسـتا (مەسـعوود محەمـەد) خاڵێکـی دیکـە دیاریـدەکات و دەڵێـت: ((زۆرینـەی نـاوی یـاری لـە زمانـی کوردیدایـە ئامرازێـك پێکـدێ پیتـی (یٚ)ی تێدایـە)).[3] نموونەکانیشـی لـە ناوچـەی هەولێـر و کۆیـی

-----------------
١ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

و هەندێ شوێنی دیکەی کوردستانی خواروو وەك ((جگانێ، مووشانێ، هێلکەشکانێ ، چەڵەمەشکانێ، کارەمستانێ، تۆپانێ، جغزانێ... هتد)).[1]
بە بۆچوونی ئێمە ئەو (ێ)- یە ئامراز نییە و پاشگرە، وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە.

مامۆستا ئەوەی دەستنیشانکردووە، کە (ێ) دەتوانێ ئاوەڵناو و ناو پێکبهێنێت، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە، ئەم (ێ)یە پاشگرە و توانستی گۆڕینی بەشێکی ئاخاوتنی هەیە، بۆ بەشێکی دی ئاخاوتن، وەك (کرم) ناوە (کرمێ) ئاوەڵناوە، مامۆستا ئەوەی دیاریکردووە، کە ((لەگەڵ وشەی (کرم)دا ئاوەڵ ناوێکی تایبەتی پەیدا دەکا و دەڵێ (دڵی کرمێ بوو، مێوەکە کرمێ بوو)، بەڵام لەگەڵ هەندێ وشە (کەژ، نەرم، گوڵ) ناو پەیدا دەکا بۆ ئافرەت دەگوترێ (کەژێ، نەرمێ، گوڵێ، شەمێ).)).[2]

مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێت: (((ێ) دەچێتە دوای چەند وشەیێکی وەك: (شەو، ڕۆژ، سبەینە) کە پێیان دەگوترێ (ناوی زەرف) دەیان کا بە زەرف و دەیانخاتە ڕیزی (دوێنێ و پێرێ) کە زەرفن و هەر ئەم دارشتنەشیان هەیە، واتە وەك (شەو، ڕۆژ، چێشتەنگاو) نین ئەسڵێکیان هەبێ و (ی) چوبێتە دواوە، دەڵێی (ڕۆژێ دەگەڕێم و شەوێ دەنووم)... چێشتەنگاوێ هاتەوە... سبەینێ نامە دەنووسم)، ئەم وشانە و گەلێ وشەی دیکە وەك (نیوەڕۆ، مەغریب، عەصر، عیشا، نیوە شەو، بەهار، هاوین، پایز، زستان، ڕۆژهەڵات) پێیان دەچێتە دواوەوە و دەیان کا بە زەرف... (نیوەڕۆیێ گەیشتم... مەغریبێ... عەسرێ... ڕۆژهەڵاتێ... دەڕۆم... نیوەشەوێ تێر خەو دەبم، هاوینێ... بەهارێ دەچمە کێو... هتد)).[3]

-----------------
١ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٥.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

مامۆستا ڕاست بۆ ئەوە چووە، کە (ێ) دەتوانێ ناوی کات بکات بە ئاوەڵکردار، بەڵام ئەوەی دیارینەکردووە (ێ) وەك پاشگر خۆی نواندووە. هەروەها ئەوەیشی یادداشتنەکردووە، کە پاشگری (ێ) دەتوانێت بچێتە سەر ئاوەڵکرداری سادە و بیکات بە ئاوەڵکرداری دارێژراو- وەک (سەر- سەرێ، خوار- خوارێ) یاخود (ێ) هەر چەند نیشانەی نەناسیاویش دەبەخشێت، بەڵام دەتوانێ وەك پاشگر هەندێ ناو و ئاوەڵناو و جێناو و ئاوڵکرداری چەندێتییان لێ سازبکات وەك: ((ساڵێ، ڕۆژێ، گەلێ، کەمێ، چەندێ... هتد)).[1]

هەروەها مامۆستا (مەسعود محەمەد) لە وتاری ((زاراوەی پێوانە)) دا.[2] ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (ێ) لە کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بۆ ڕەگەزی مێیینە بەکاردێت، وەك دەڵێت: ((فەرقی نێر و مێیەش دەکرێت وەك کە بڵێیت: بە فاتێ دەڵێم، بە ئەحمەدی ناڵێم، چوومە دەشتێ، ناچمە شارێ، لە سەفینێ ڕا دەمێنم، لە کەرکووکێ دەنووم، ناوی شاخ و مامڵەتی نێرینەی لەگەڵدا دەکرێت، ناوی ئاوایی مێیینەیە، وشەی شار نێرە، وشەی دەشتی مێیە... بە ئاخاوتنی کرمانجیی سەروودا نیشانەی مێیینە (ا)یە و هی نێرینە (ێ)یە)).[3]

مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لە وتارێکی دیکەدا بە ناوی ((زاراوە سازیی پێوانە)).[4] سەرنجێکی زۆر ورد دەردەبڕێت و دەڵێت: ((دەبێت بزانین ناوێک دەلالەتی کاتی هەبێت نابێتە ئاوەڵکار هەتا لە ڕستەدا

-----------------

١) بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ئاوەڵکردار و جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕوی ڕۆنانەوە، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ و بەیان))، ژمارە (١٢٧) بەغدا، ١٩٩٦، ل٥٩.

٢) مەسعود محەمەد، زاراوی پێوانە، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١١٢)، بەغدا، ١٩٨٦, ل١٦٢.

٣) هەمان سەرچاوە، ل١٦٢.

٤) مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١١١)، بەغدا ١٩٨٦, ل٢٣٣.

لایەنی کاتی بە مەبەست دەگیرێ، کە دەڵێین: (بەهار خۆشە) وەک ئەوەیە کە تێبینمان (بەرد ڕەقە)، بەهار و بەرد لەو دوو ڕستەیەدا وەک یەکدی ناون، کە دەڵێین: (بەهارێ دەچمە سەفەر)، لێرەدا بەهار بوو بە ئاوەڵکار، دەتوانیت بڵێیت (ساڵی بێ بەهار هیچ نایەنێت) بەڵام ناشێ بگوترێ (ساڵی بێ بەهارێ))).[1]

سەبارەت بە بوونی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا مامۆستا (مەسعوود) پێی وایە ((کە (ێ) وەك ناوگرێک خۆی ئاخنیوەتە نێو وشەکە، هەر وەک دەڵێت: (برێشکە: لە برژانەوە هاتووە، دیارە دەنگێکی (ێ) لە لاوە هاتووە بۆ ناو ئاخنی وشەکە)).[2]

بێگومان ئەم بۆچوونەی مامۆستا (مەسعوود محەمەد) سەبارەت بە ناوگر، بوو بەهۆی جۆشاندنی پێنووسی نووسەران، بە تایبەتی مامۆستا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف و حەسەن قزڵجی) و پاشان ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێبێت کە لایەن (فازڵ عومەر)ەوە وتارێك بە ناو (نێفگر د زمانی کوردی دا).[3] بڵاوکرایەوە.

مامۆستا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەم ڕووەوە دەڵێت: ((نووسەری ئەم کتێبە- مامۆستا مەسعوود محەمەد لە باسی ناوگردا (ل ٧٧ – ٨٥) گەلێك ڕووی گرنگی ئەو کێشەیەی ساغکردۆتەوە و (٢٢) نموونەی هێناوەتەوە، کە بەڕای ئێمە زۆربەی زۆریان بۆ سەلماندنی بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا بەکاردێن وەک برێشکە)).[4] ئینجا مامۆستا پێی وایە، ئەم وشەیە واتا: (((برێشکە): وشەیەکی کۆنی پەهلەوییە لە ئەسڵدا (وریژتیك)ە، فارسەکان کردوویانەتە

------------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٣.

٢ ) مەسعوود محەمەد، چەند حەشارکەییێکی ڕێزمانی کوردی بەغدا ١٩٧٦, ل٥٠.

٣ ) فازڵ عومەر، تێفکر د زمانی کوردی دا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١٠٩) بەغدا ١٩٨٦, ل٤٥.

٤ ) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشە ڕونان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٤٥– ٤٦.

(برشته). له کوردیدا (یت)ی لێ فڕێ دراوه بۆته (وریژک)، (و)، کراوه به (ب)، (ژ)یش کراوه به (ش) بۆته (برێشک) هێیه‌کی وه دواخراوه بۆته (برێشکه)))[1]. پاش ئه‌م وتاره مامۆستا (مه‌سعوود محه‌مه‌د) له وتاری (به‌سه‌رداچوونه‌وه)دا وه‌ڵامی (حه‌سه‌نی قزڵجی) ده‌داته‌وه و ده‌ڵیت: ((له باره‌ی وشه‌ی (برێشکه)وه که ئه‌ویش له لاپه‌ڕه‌ی (١٢١)دا باسکراوه، من هه‌روه‌ها ده‌زانم به هۆی ناوگری (ێ) له (برژان)ی کوردییه‌وه په‌یدابووه نه‌ک له ((وریژتیک))ه‌وه، به‌ڵگه‌شم وشه‌یێکی تره، که ئه‌ویش هه‌مان جۆره، ئه‌م ده‌نگه‌ی (ێ) تێیدا به ناوگر هاتووه، وشه‌که‌ش (نان برێشك)ه که خه‌ڵق کردوویانه‌ته (ناو برێشك)وا ده‌زانم زۆر زه‌حمه‌ته زمانی کوردی له وشه‌ی (ورێژتیك)ه‌وه ڕێژه‌ی (برێشک)ی بۆ وشه‌ی (نان برێشك- ناوبرێشك) خواستبێته‌وه به تایبه‌تی که له کۆنه‌وه وشه‌یه‌کی وه‌ك (نان برێژتیک) نه‌بوو بێت بیکه‌ین به بنه‌مای وشه‌که‌ی ئێستای کوردی))[2].

پاشان مامۆستا (فازڵ عومه‌ر) له وتاره‌که‌یدا ده‌ڵێت: ((برێشکه، ، ناو برێشك (نان برێشک): ژ برژان وه‌ک ئه‌و ده‌فه‌رموو...هۆسا (سه‌یدای ئاشکر کر کو نێگفرد د زمانێ کوردی دا هه‌یه، گه‌رچی ب ڕه‌نگه‌ک ئاڵۆز...))[3] هه‌روه‌ها (مامۆستا فازڵ عومه‌ر) له هه‌مان وتاردا کۆمه‌ڵێك ناوگر ده‌ستنیشانده‌کات و ده‌ڵیت (٢- نێڤگر(ێ)- ê- ئه‌ڤ نیڤگره جودای ژ نێڤگر A)[4].

-----------------

١ ) حه‌سه‌ن قزڵجی، له باره‌ی هێندی له نهێنه‌کانی ڕێزمانی کوردی گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد))، به‌رگی پێنجه‌م، به‌غدا، ١٩٧٧، ل١٢١.

٢ ٥٠) مه‌سعود محه‌مه‌د، به‌سه‌رداچوونه‌وه، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد))، به‌رگی پێنجه‌م، به‌غدا، ١٩٧٧، ل١٣٥.

٣ ) فازڵ عومه‌ر، نێڤگر د زمانی کوردی دا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژماره (١٠٩)، به‌غدا، ١٩٨٦، ل٢٦٧.

٤ ) تێبینی: مامۆستا فازڵ عومه‌ر له لاپه‌ڕه (٢٦٩)ی هه‌مان وتاری به ناوی (نێڤگر (ا، A) دا کۆمه‌ڵێک ناوگری ده‌ست نیشانکردووه بۆ (ا) وه‌ک: ئاخافتن، ئاخێف...هتد.

١ـ-نەگۆرە، ئانکول هەمی دارشتنان (ێ) دمینە.

٢ـ-کێمترە، گەرچی چەلەنگترە.

| کاری تێنەپەڕ | تێپەڕی خوەسەر | تێپەڕی کشێ | بنکارێ تپ خ |
|---|---|---|---|
| کشا | کێشا | کشاند | کێش |
| ڕشت | ڕێت | ڕژاند | ڕێژ |
| گەڕا | گێڕا | گەڕاند | گێڕ |
| کەڕیا | | | |
| کەڕها | | | |
| پڕیا | پێت / بەهێت | پژاند | پێژ)).[1] |

بێگومان ئەوانە ڕاوبۆچوونی نووسەران بوو سەبارەت بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا، هەر چەندە هەندێك لە نووسەران پێیان وایە لە زمانی کوردیدا ناوگر نییە، هەروەک (مامۆستا وریا عومەر ئەمین) دەڵێت: ((... ناوگر ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەرئەکەوێ لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ئەفێکسە نییە)).[2] بێگومان ئەمیش بڕیارێکی یەکجارەکییە و جێی هیچ شیانێکی (احتمال) نەهێشتۆتەوە و کە بە تەواوی پێچەوانەی بیروڕای ئێمەیە و ڕامان لەگەڵ مامۆستایانی ناوبرادا یەکناگیر دەبێت.

مامۆستا (جەمال نەبەز) لە کتێبی ((زمانی یەکگرتووی کوردی)) دا.[3] دەربارەی (ێ)، کە جێ مەبەستی باسەکەمانە لە دیاریکردنی (نێر

----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.

٢ ) د.وریا عومەر ئەمین، ووشە، گۆڤاری ((نووسەری کورد)) ژمارە (٩) خولی دووەم تشرینی دووەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل٨٨.

٣ ) د، جەمال نەبەز، زمانی یەکرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦, ل٢٧.

و مێ) لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروودا، ئەوەی دەستنیشانکردووە، کە دەڵێت: ((شێوەی کرمانجیی ژووروو بە پێچەوانەی شێوەی کرمانجیی نێوەڕاستە، وەک زمانە ئێرانییە کۆنەکان، ڕەسەنی نێر و مێ لە یەک جیادەکاتەوە ئەم جیاکردنەوە - یەش لە سێ دۆخداییە)).[١] ئینجا مامۆستا ئەو سێ دۆخە دەستنیشاندەکات و ((لە دۆخی خستنە پاڵدا (في حالة الاضافة))دا.[٢] ئەوەی دەستنیشانکردووە، کە لە کرمانجیی ژووروودا (ێ) وەک نیشانەی خستنەسەر ئەگەر (مضاف) نێر بێ و ئەگەر مضاف مێ بێت ئەوا (ا) بەکاردێت: (((باڤێ ئازاد) بۆ نێر (خوشکا ئازاد) بۆ مێ)),[٣] هەروەها (جەمال نەبەز) دەڵێت: ((... ئەگەر دووا تیپی (مضاف) تیپێکی دەنگدار (حرف علة) بوو، وەك (دا) و (برا) ئەوا ئامرازی خستنەپاڵ دەبێتە (یا– Ya ) ئەگەر مضاف مێ بێ و دەبێت (یێ– Ye ) ئەگەر مضاف نێر بێ، بۆ وێنە دەڵێت (دیا ئازاد) (DiyaA) لە جیاتی (دایکی ئازاد) و دەڵێت (برایێ ئازاد) (birayaeA ) لە جیاتی (برایی ئازاد))).[٤]

لێرەدا دەبێ ئەوە بووترێت، مامۆستا (جەمال) ئەوەی یادداشتنەکردووە، کە پەیدابوونی (ی) نێوان هەر دوو بزوێن بۆ ئەوەیە، چونکە دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا پێکەوە نایەن، واتە نیشانەکە لە بنەڕەتدا (یاویێ) نییە بەڵکو وەك وتمان ئەو (ی)یە تەنها لە بەر ئەوەیە کە دوو بزوێن لێکجودا بکاتەوە.

نووسەر لە دیاریکردنی دۆخی دووەمی نێر و مێ لە کرمانجیی ژووروو راست بۆ ئەوە چووە کە وتوویەتی: ((لە دۆخی کەسی

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
٤ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

سێیەمدا (في حالة الشخص الثالث): بۆ وێنە دەڵێت: (ئەز وێ دەبینم) واتا: من ئەو (ژنە) یا ئەو (کچە) دەبینم)).[1] واتە بۆ ڕەگەزی مێ (وێ)یە و بۆ نێر (وی)یە.

هەروەها مامۆستا (نەبەز) لە دیاریکردنی دۆخی سێیەمدا، کە بە (دۆخی بانگکردن)ی ناوبردووە، بۆ مێیینە (ێ) و بۆ نێرینە (ۆ)، هەروەها ئەوەیشی دەستنیشانکردووە، لە هەروو دیالێکتدا (ن) بۆ مێیینە، بەکاردێت. وەک: ((کەچێ، میمکێ واتا کچێ، پووری)).[2] پاش دیاریکردنی لە ڕەگەزی (نێر و مێ) ڕایەکی تایبەتی خۆی دەردەبڕێت و ڕای ئێمەش لەگەڵیدا یەکانگیر دەبێت، کە دەڵێت: ((بوونی نێرینە و مێیینە لە زماندا، هەرچەندە هێندێ سوودی هەیە، بەڵام گەلێ جار دەبێتە هۆی قورسکردنی ئەو زمانە. بە تایبەتی کرمانجیی ژووروو بۆ جیاکردنەوەی نێر ومێ دەستوورێکی ئاشکرای نییە تا پێڕەوی بکرێ. لەبەر ئەوەیە بیروڕای من پێویستە نێر و مێ بخرێتە پشتگوێ، وەک زمانە ئەدەبییەکەمان خستوویەتیە پشت گوێ)).[3]

مامۆستا لە کۆتایی ئەم باسەیدا بە پێویستیان دەزانێ لەم دوو دۆخەدا جیاوازی هەبێت:

١ـ ئەگەر ڕەسەنی نێرەکە ئاشکرا نەبێت لە ڕستەدا، وەک (هەڤاڵ) دەشێ ئەو هەڤاڵە پیاو بێ یا ژن بێت، واتا نەگوترێ (هەڤاڵێ من) بۆ هەردوو ڕەسەن، بەڵکو وەک کرمانجیی ژووروی لێ بکرێت، واتا بگوترێت (هەڤاڵی من) ئەگەر هەڤاڵەکە پیاو بوو وبگوترێت (هەڤالا من) ئەگەر هەڤاڵەکە ژن بوو، هەروەها بۆ بانگهێشتن دەڵێت: ((بە

---

١) هەمان سەرچاوە، ل٢٧،
٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

کورتی بۆ بانگ کردنی نێرینه بڵێین: (بابه) یان (بابۆ) و بۆ بانگ کردنی مێ یینه: (خوشکێ))).[1]

شایانی باسه که مامۆستا (له دەمی کاری فەرماندا (صیغه الامر) ئاماژەی بۆ ئەوه کردووه، که ((هەندێ جار کاری فەرمان له جیاتی به (e) کۆتای بێ به (ê) کۆتایی دێ ئەمەش له هەردوو شێوەکه دا هەیه و ئەو کارانەی که بەم جۆرەن زۆر کەمن)).[2] نموونەکانی مامۆستایش ئەمانەن ((بپژێ، بگەڕێ، بوەڕێ، بوەڕێ، بسووتێ، برژێ، بکوڵێ)).[3]

له کتێبی ((ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی به پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی))دا.[4] به گوێرەی پێویستی باسەکان، لەگەڵێك شوێندا ئاماژە بۆ مۆرفێمەکانی (ێ) کراوه، بۆ نموونه لیژنه له لاپەڕە (٢٠)دا ڕاست پەنجەی بۆ ئەوه درێژ کردووه، که ناو له کرمانجیی ژووروودا به نیشانەی نێر و مێ له یەک جودا دەکرێنەوه و ئەویش، به هۆی نیشانەی خستنەسەر، که لیژنه به (ئامرازی) ناوبردووه، نموونەکانی (سەرێ مەزن (نێرینه)).

پاشان لیژنەی ناوبراو تێبینیەك دەدات و دەڵێت: ((وشەی (دار) ئەگەر وشک بۆ (نێره) وەک دارێ گوێزێ. ئەگەر سەوز بۆ (مێ)یه وەک دارا گوێزێ)).[5] ئینجا لیژنه بۆ بەکارهێنانی نیشانەی نێر و مێ ناوچەکانی کوردستانی دیاریکردووه و دەڵێت: ((هەروەها له شێوەی خوارووشدا، به تایبەتی خوشناو و باڵاکەتی، له بانگهێشتن و ئیزافەدا وەک شێوەی ژووروو جودایی له نێر و

---

١ ) هەمان سەرچاوه، ل٢٨.
٢ ) هەمان سەرچاوه، ل٤٧.
٣ ) هەمان سەرچاوه، ل٤٧.
٤ ) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی به پێی لێکوڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦, ل٢٠.
٥ ) هەمان سەرچاوه، ل٢٠.

مێدا هەیە، جگە لەوانەش شێوەی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و موکریانیشدا لە بانگهێشتندا جودایی نێر و مێ هەیە، وەک: پووریێ وەرە (ێ)، کورە مەڕۆ (ە))).[1]

لەگەڵێک شوێنی دیکەیشدا باسی مۆرفیمەکانی (ێ) کراوە، وەک لە (ڕاناوی کەسی جودا، ٣-کەسی سێیەم، ١- تاک (ئەو، ئەوێ، ئەوی، وێ، وی).[2]

لیژنە لە دیاریکردنی (((مضارع)ی تێپەڕ و تێنەپەڕی (معلوم)دا ڕاناوی کەسی سێیەمی لە شێوەی (ێ، ێت)دا دەردەکەوێت، وەک: دەچێ، دەچێت، دەخەوێ، دەخەوێت، دەمرێ، دەمرێت...)).[3] بێگومان سەبارەت بە (ێ) و بەکارهاتنی لەگەڵ زۆربەی کارەکاندا باسکراوە، هەروەها لیژنە ڕاست بۆ ئەویش چووە کە ((لە (مضارعی مجهول) ڕاناوی کەسی سێیەم لە شێوەی (ت)دا دەردەکەوێت وەک: دەنووسرێت، دەخورێت، دەبینرێت)).[4]

هەروەها لیژنە ئەوەیشی دەستنیشانکردووە (دەرنەکەوتنی لە شێوەی (ێت) لەبەر ئەوەیە کە (فعلە مضارعە مجهولەکە کۆتایی بە بزوێن (**Vowel**)ی (ێ) هاتووە و ناشێ دوو بزوێنیش پێکەوە دەرکەون بۆیە (ێ) یەك قرتاوە).[5]

لیژنە لە لاپەڕە (٤٣) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەندێ جار (ێ) یان (ت) یان (ا) دەردەکەوێت، سەبارەت دەرکەوتنیان بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ((ئەو تاوتووەوە هاتووە، کە بەسەر زمانەکە دا هاتووە، ئەگینا (ێ) کورتەی (ێت)...)).[6] هەروەها (((١) شێوەی گۆڕاوی (ێ)

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٣٤-٣٥.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٤١-٤٢.
٤ ) هەمان سەرچاوە، ل٤٢.
٥ ) هەمان سەرچاوە، ل٤٢.
٦ ) هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

کەیـە، چونکـە لـە زمانـی کوردیـدا گۆڕینـی پیتـی (ێ) بـۆ (ا) یـا بـە پێچەوانـەوە (ا) بـۆ (ێ) ڕوودەدات وەک: (پـێ- پـا، تـا- تـێ، ڕێ- ڕا، کێـرد- کارد). کەواتـە (ات)ەکـەی دوای کاری (دەڕوات، دەبات، دەخوات) هـەر (ێت)ەکـەی دوای شـێوەکانی تریەتـی)).[١] هـەر لەبەردەوامـی هەڵسـەنگاندنی ئـەم کارەی لیژنـە شایانی وتنـە، کـە (مامۆسـتا نەسریـن فەخـری) سـەبارەت بـەم جێنـاوە ڕایەکـی گرنگـی خـۆی دەدات و دەڵێـت: (((ێـت) ڕانـاوە بـۆ کەسـی سـێیەمی تـاک لـە کاتـی ئێسـتا و داهاتـوو نـەک (ێ) بـە تەنهـا، هەرچەنـد (ێ)ش کـە کورتکـراوەی (ێـت) و (ێتن) ە- بـە تەنهـاش ئـەو کەسـە بـە دیـار دەخـات لـە قسـەکردن و نووسـیندا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە نووسـینی (ێـت) بـە پێویسـت دەزانیـن)).[٢] هـەر لـەم بـوارەدا لـە زۆر وێنـدا بـە ناخـی ئـەم جێنـاوەدا شـۆربوونەتەوە و زانیـاری بەکەڵکیـان تۆمارکـردووە.

لیژنـە لـە ژێـر سـەر نـاوی (ئامـرازی (ێ)یشـدا ئـەوەی دیاریکـردووە، کە لـە کاتـی بانگهێشـتندا ئـەم مۆرفێمـە بـە دوای نـاوی مێینـەوە دێـت، وەک ((هـێ ڕەوشـەنێ، هـێ چەلەنگـێ پێـش قوشـەنێ)).[٣]

پاشـان لیژنـە تێبینییـەک تۆمـاردەکات و دەڵێـت ((لـەم نموونانـەدا دەردەکـەوێ، کاتێـك نیداکـراو

مێیینـە بـو لـە بـڕێ (ە)ی نێرینـە ئامـرازی (ێ) بەکاردێـت)).[٤] بـەڵام سـەرباری ئـەو تێبینییـە، دەبوایـە لیژنـە ئامـاژەی بـۆ ئـەوەش بکردایـە، کـە هەندێـك جـاری دیکـەش (ە) بـۆ ئـەو نـاوە مێیینانـەش بەکاردێـت، وەک، خوشـکە، پورە...هتد.هەروەهـا لیژنـە لـە زۆر شـوێنی دیکەشـدا لـەم

-----------------

١) هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٩

٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٣٢.

٤) هەمان سەرچاوە، ل٤٣٢.

مۆرفیمـە دواوە گەلێـك ڕووی شـاراوەی ئاشـكراكردووە.

مامۆسـتا (ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف) لـە كتێبـی ((ڕێزمانـی كـوردی- بەرگـی یەكـەم- مۆرفۆلـۆژی (بەشـی یەكـەم) - نـاو))دا.[1] كـە دێتـە سـەر دیاریكردنـی جنسـی نـاو و دەڵێـت: ((پێویسـتە پەنجـە بـۆ ئـەوە ڕابكێشـین، كـە لـە چەنـد حاڵەتێكدا نیشـانەی وا بـەدەر دەكـەون كـە جیاوازی جنسـی دەگەیەنـن)).[2] بـە وێنـە: -

١ـ لە دۆخی تیاندا:-

لێـرەدا دكتـۆر پەنجـەی بـۆ ئـەوە ڕاكێشـاوە، كـە لـە دۆخـی تیانـدا نیشـانەی (ی) بـۆ نـاوی نێـر بـەكاردێ و (ێ)ش بـۆ نـاوی مـێ بـە تایبەتیـش لـە ناوچـەی موكریـان و سـۆران... تەنانـەت هەنـدێ لـە دەورو پشـتی سـلێمانیش)...[3] ئینجـا مامۆسـتا كۆمەڵێـك نموونـەی چاكـی لـە (تحفـە مظفریـە) كردۆتـە بەڵگـەی قسـەكانی، بـۆ ناوچـەی سـۆران و ناوچـەی سلێمانیش كۆمەڵێـک بەڵگـەی فۆلكلـۆری هێناوەتەوە و پاڵپشـتی وتەكانـی پێكـردووە.

٢ـ لە دۆخی بانگهێشتندا: -

مامۆسـتا دەڵێـت: ((لـە زۆربـەی دیالێكتـی خـواروودا لە دۆخی بانگهێشـتن جیـاوازی لە نێوان نێر و مێدا دەكرێ)).[4] پاشـان دەڵێت:-((بە كۆتایی ناوی نێرەوە نیشـانەی (ە)و، بـە كۆتایی ناوی مێوە نیشـانەی (ێ) دەلكـێ)).[5] نموونەكانیش، كـە بۆ جنسـی (مـێ)ی هێناوەتەوە بریتیـن لە (بووكێ، پـووریێ، كچـێ...) هەر لە

------------------

١ ) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم- مۆرفۆلۆژی (بەشی یەكەم)- ناو- بەغدا، ١٩٧٩, ل١٧٢.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

٣ ) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

٤ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٩.

٥ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٩.

دوای نموونەکانی تێبینی یەکمان بۆ دەنووسێت، و دەڵێت (ێ) تەنها بە ناوی جنسی مێوە دەلکێ. ئینجا مامۆستا دێتە سەر دیالێکتی کرمانجیی ژووروو دەڵێت: ((لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا، هەروەها نیشانەی تایبەتی وەها نییە کە لە حاڵەتی ئاساییدا جیاوازی جنسی ناونیشان بدات، بەڵام لە ڕستەدا هەموو ناوێك بە گوێرەی جنسی خۆی نیشانە وەردەگرێ، بەو پێیە لەم دیالێکتەدا کێشەی جنس دەستوورێکی تەواوی هەیە و لەڕێگەی ئیزافەکردنی نیشانەوە دەتوانرێ جنسەکانی ناو دیاری بکرێن.

١ـ لە دۆخی تیاندا:

ناو ئەگەر نێربوو لە دۆخی تیاندا نیشانەی (ی) پێوە دەلکێ، بەڵام کە مێ بوو نیشانەی (ێ)ی دەچێتە سەر)).[1] لێرەشدا مامۆستا کۆمەڵێک نموونەی بۆ جنسی نێر و مێ هێناوەتەوە بۆ نێر (سوڵطانی، میسری، مەزاری...)، بۆ جنسی (مێ)شی ئەمانەی کردۆتە نموونە (ئافیتابێ، گولابێ، خیالێدا، خەباتێ، خەمێ)، پاش ئەوەی مامۆستا ئەم کێشەیە یەکلادەکاتەوە و دەڵێت: ((... لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا جنسەکانی ناو دەستوورێکی ڕێکوپێکیان ڕەچاوکردووە و لەڕێگەی نیشانەوە لە یەکتر جیا دەبنەوە لە دۆخی تیاندا جنسی مێ نیشانەی (ێ) وەردەگرێ و جنسی نێریش نیشانەی (ی) پێوە دەلکێ)).[2]

مامۆستا زۆر بە باشی ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە:-((نزیکی نیشانەی نێر و مێ و یەکگرتنەوەی ناوی نێر و مێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، دەتوانرێ بە یەکێك لەو بەڵگە زانستییانە دابنرێ، کە نیشانی یەکێتی زمانی کوردی دەدەن)).[3]

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٠-١٨١.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

مامۆستا (ئەورەحمان) لە پەراوێزی (١٢٩)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: ((ئەوەی لە بواری جنسدا یەکێتی زمانی کوردی نیشانبدا، ئەوەیە کە نەک هەر ناو، بەڵکو هەندێ بەشە ئاخاوتنی تریش یەک دەگرنەوە، بە نموونە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، هەموو چاوگەکان لە ڕیزی جنسی مێن و ئەگەر لەو ڕووەوە لە بەشە دیالێکتەکانی موکریان و سۆران... ورد ببینەوە، دەبینین کە هەروەک کرمانجیی ژووروو تێکڕای چاوگەکان لە (جنسی مێن)).[1] نموونە بۆ هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیکەش لە لای مامۆستا چاوگە کوردییەکان کە لە بەشە دیالێکتی موکریان هەندێ بەشە دیالێکتی دیکە کرمانجیی خوارووو دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا نیشانەی جنسی مێیە.
وەک: خواردنێ، گەڕانێ... هتد.

مامۆستا (ئەورەحمانی حاجی مارف) دوو نیشانە دەستنیشاندەکات، کە لە دۆخی بانگهێشتندا جیاوازی لە نێوان نێر و مێ دەکەن (ۆ) بۆ جنسی نێر و (ێ) بۆ جنسی مێ وەک: ((باڤۆ- مەمۆ، دایکێ- لێلێ- زینێ)).[2]

مامۆستا لە باسی (نیشانەی نەناسیاوی) دا دەڵێت: ((لە ناوچەی سلێمانی و موکریان...دا (ێك) و (ێ) نیشانەی نەناسیاوین، هەرچی (ێ) یە گومانی لێ ناکرێ کە کورتکراوە و تەخفیفی (ێک)ە)).[3] لێرەدا مامۆستا بڕیاری یەکجارەکی دەدات و گومان لەوەدا ناهێڵێ (ێ) کورتکراوەی (ێک)ە، کە بەلای ئێمەش هەمان ڕا پەسەندە، چونکە هەموو ئەو ناوە و ئاوەڵناوە، کە بە (ێك) نەناسراو دەکرێت دەتوانرێ (ک) لێ لابدرێت و هەمان ئەرک بدینێت،

----------------
١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٥.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢١٤.

بۆ نموونـه (کوڕێك، ژنێـك، پیاوێـك) دەتوانرێ بوترێـت (کوڕێ، ژنـێ، پیاوێ).

مامۆسـتا پـاش ئـەوەی (ێ) بـە کورتکـراوەی (ێـک) دادەنێ ئینجا نیشـانەی نەناسـیاوی (ێـک، ێ، ەک) بەوە دادەنـێ، کە لە ژمارەی (یـەک)ەوە پەیدا بوونە، لـە ڕاستیشـدا تایبەتێتـی تاکایەتی ئەم نیشـانانە ئەوە نیشـاندەدات کە لـە ژمارە (یەک)ەوە پەیـدا بوبێتن.

جارێکـی دی مامۆسـتا سـەرنجمان ڕادەکێشـێ و دەڵێـت: ((ئـەوەی سـەرنج ڕابکێشـی، ئەوەیـە کـە لە شـێوەی سلێمانیدا، کاتێك نیشـانەی (ێـك) دەکرێ بە (ێ)، ئەوە بە ڕەوانی لەسـەر دەسـتوورێکی ڕێکوپێک دەڕواو ئەو لادانە نامێنی کە لـە بەکارهێنانـی (ێـك)دا دەبینرێ.

وەک: دیوار– دیوارێ– دیوارێك.

گا– گایێ– گایەک.

هەڵۆ– هەڵۆیێ– هەڵۆیەک...هتد)).[1]

مامۆسـتا پاش چەنـد نموونەیەک دەڵێـت: ((لەمەدا ئەوەمان بـۆ دەرکەوت کە لـە حاڵەتـی بەکارهێنانی (ێـك)دا دەسـتوورەکە دەرکەوت کە شـێواوە، کەچی لە حاڵەتـی بەکارهێنانـی (ێ)دا ڕێکوپێکـە، بێگومان ئەمەش جێگەی پرسـیار و بە شـوێندا گەڕان و لێکۆڵینەوەیە...)).[2]

واتـا لێـرەدا مامۆسـتا بڕیـاری یەکجارەکـی نـادا و مـاوەی ئـەوە دەدات کـە لێکۆڵینـەوە و باسـی لەسـەر بکرێـت.

مامۆسـتا (ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف) لـە هەمـان سـەرچاوەدا لـە ژێـر نـاوی (نیشـانەکانی ئیزافـە) بـە شـێوەیەکی زانسـتیانە دوو کۆمەڵـە نیشـانەمان بـۆ دەستنیشـاندەکات کـە ئەمانـەن لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـواروودا (ی– ە) و لـە ژووروودا (...، ێ، ...) نیشـانەی ئیزافەیـە.

---

1) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

2) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

نووسـەر لە پەراوێزی (١٧٠)شـدا سـەرنجمان بـۆ ئەوە ڕادەکێشـێ، کە (ێ) وەك نیشـانەی خستنەسـەر لە هەندێ ناوچەی سـۆراندا بـەکاردێ، کە ئەمیش جێی مەبەسـتی ئێمەیە، کە دەڵێت: ((١-لە هەندێ ناوچەی سـۆراندا نیشـانەی (ێ)ش ئیزافـە سـازدەکات، وەک: (بایـێ شـەمار نـاکا گێـرە لەسـەر سـنگی ئەنـووم تێـرە، چەند گوناحە سـێ هەند خێـرە))).[١]

لـە کۆتایی ئەم هەڵسـەنگاندنەدا دەمانـەوێ ئەم تێبینییە پێـش چاو بخەین: ئـەوەی زیاتـر جێگەی تێبینی و سـەرنج بێت، ئەوەیە مامۆسـتا بە هیچ جۆرێك باسـی پاشـگری (ێ)ی نەکـردووە کـە دەتوانێ نـاوی داڕێژراوە دروسـتبکات، بـە تایبەتـی بۆ نـاوی ئافـرەت، هـەروەک مامۆسـتا (مەسـعوود محەمـەد) ئەم لایەنـەی ڕوونکردۆتـەوە و دەڵێـت: ((بـەڵام لەگەڵ هەندێ وشـە (کـەژ، نەرم، گـوڵ، شـەم) نـاو پەیـدا دەکا بـۆ ئافـرەت و دەگوترێ (کـەژێ، نەرمـێ، گوڵی، شـەمێ))).[٢] کـە دەبوایـە لە باسـی (نـاوی داڕێـژراو)دا ئاماژەی بـۆ بکردایە.

هـەر لەبارەی هەڵسـەنگاندنی بەرهەمەکانـی مامۆسـتا (ئەوڕەحمانی حاجی مـارف)ەوە دەربـارەی مۆرفێمەکانـی (ێ) لـە لاپـەڕە (١٢٨)ی بەشـی دووەمی بەرگـی یەکەمـی کتێبـی ((ڕێزمانـی کـوردی))دا.[٣] ئەم سـەرناوە، سـەرنجمان ڕادەکێشـێت.(مۆرفێمی (ێ/ ێت). مامۆسـتا سـەبارەت بـەم مۆرفێمـە (سـێ) کێشـەی دیاریکردوە:

١ـ ئایامۆرفێمی(ێ)یە،یان(ێت)ە؟

٢ـ (ێ) جێناوە یان زیادەی گەردانی یە؟

٣ـ مەودای بەکارهێنانی چۆنە؟)).[٤]

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢

٢ ) مەسعوود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، ل٥٥ .

٣ ) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- وشە سازی (بەشی دووەم)- جێناو- بەغدا، ١٩٨٧, ل١٢٨.

٤ ) هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.

مامۆستا پێیوایە، ئەم مۆرفێمە (ێ)یە، نەك (ێت) چونکە لە تێکستی ئەدەبی کۆن و نوێ ناوچەی سلێمانیدا (ێ) بەکارهاتووە، پاشان بووە بە (ێت)- ئەوجا گەلێك نموونەی شیعری شاعیرانی وەک نالی و مەحوی و زێوەری کردۆتە بەڵگەی وتەکانی.

سەبارەت بە کێشەی دووەم مامۆستا بڕوای وایە ئەو (ێ)، (ێت). جێناو نییە و زیادەی گەردانییە. کە بەلای ئێمەوە ڕاست بۆی نەچووە، چونکە دەرنەکەوتنی لە چەند حاڵەتێکی کەمدا مانای ئەوە نییە (ێ) جێناو نەبێت و بە زیادەی گەردانی لە قەڵەم بدرێت. هەرچی مەودای بەکارهێنانی چۆنە و چۆن بەکاردێت شایانی باسە بووترێت بە شێوەیەکی ورد لە زۆر ڕووی ئەم مۆرفێمە دواوە، بۆ نموونە ((١-لەگەڵ کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێ وەک:

تێنەپەڕ- دەچێ، دەگەڕێ، دەمرێ.

تێپەڕ- دەنێرێ، دەفرۆشێ، دەگرێ... هتد)).[١]

مامۆستا (محەمەد ئەحمەد سەعید) لە ژێر ناونیشانی ((چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی))ی.[٢] دوکتۆر (ئەورەحمانی حاجی مارف) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە، لەم وتارەدا کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی تایبەتی خۆی دەربارەی کتێبی ناوبراوی مامۆستا (ئەورەحمانی حاجی مارف) دەربڕیوە، لە کۆتایی وتارەکەیدا چەند پاشگرێکی دیکەی دەستنیشانکردووە و یەکێك لەو پاشگرانەی، کە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوەیە پاشگری (ێ)یە، وەک: ((٧_ (ێ) لە وشەی (زۆرمەزلێ – ملە قوتێ، زۆرەملێ)دا)).[٣] پاشگرە، وتارێک

-----------------

١) هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.

٢) محەمەد ئەحمەد سەعید، چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەرباری ڕێزمانی، کوردی گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژمارە (١٤٣)، بەغدا ١٩٨٢, ل٤٠.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

بە ناوی: ((چەند سەرنجێکی سەرپێیی دەربارەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی)).[1] لە لایەن مامۆستا (حەننا ئەنتوان)ەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە، کە نووسەرەکەی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی سەرپێیی خێرا لە ژمارە نۆیەمی ساڵی ١٩٨٢ی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کوردی) هەڵدەسەگێنێت، دەگاتە وتارەکەی (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) و دەڵێت: ((لە باسەکەی دکتۆر (ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم)دا هەندێ مەسەلەی ڕاناوی (لکاو) هەڵدەسەنگێنێت، لەوانە (ێ)یە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە بە ناوەوە دەلکێ و دەبێ بە پاشگر، دکتۆر (ئیبراهیم عەزیز) چەند نموونەیەکی بۆ ئەم جۆرە (ێ)یە هێناوەتەوە، وەک: ئەمانەی خوارەوە. (دوێنێ زوو گەیشتمە هەولێرێ)، (ئاوی ڕژاندە ناو پەقرەنجێ))).[2]

مامۆستا (حەننا ئەنتوان) بەم جۆرە ڕەخنە لە (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) دەگرێت و دەڵێت: ((لێرەدا دکتۆر ئیبراهیم (ێ)ی هەولێری و (بەقرەنجێ)ێ بە ڕاناوی لکاو داناوە، بەڵام هەرچەندە بیرم لێکردەوە قەناعەتم نەهات کە ئەو چەشنە (ێ)یە ڕاناو بێ ١ـ بۆ نموونە: دکتۆری بەرێز دەڵێ: (نوێنەرەکان ڕۆیشتنە کەرکوکێ) بۆ چی (ێ) ی پاشگری (کەرکوک) ڕاناو بێ و بۆ نەڵێین تەلەفوزێکی تایبەتیە بە هەندێ ناوچەی تایبەتی کوردستان؟ بە ڕای من ئەو (ێ)یە کە بە فرمانەوە لکاو ئەوسا بە ڕاناو دادەنرێ هەر وەک: ئەو پارەی پێم بوو دامێ، بەردێکم پێ بوو هاوێشتمێ)).[3]

-----------------

١) حەننائەنتوان، چەند سەرنجێکی سەرپێیی دەربارەی گیر و گرفتەکانی نووسینی کوردی، گۆڤاری ((کاروان))، ژمارە (٨)، بەغدا، ١٩٨٣, ٦٥.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

باری سەرنجمان بۆ بۆچوونی هەردوو نووسەر ئەوەیە، کە مامۆستا (حەننا ئەنتوان) ئەوەی پێکاوە، کە ئەو (ێ) یەی (ئیبراهیم عەزیز بە جێناوی داناوە، هیچ پێوەندی بە جێناوی لکاوەوە نییە، گومانکردنی مامۆستا (حەننا ئەنتوان) لە جێی خۆیدایە، بەڵام ئەویش لە لێدوانەکەیدا دوو جار هەڵەیکردووە، یەکەم: (ێ)ی کۆتایی (هەولێر) ی بە پاشگر داناوە، کە لە ڕاستیدا نیشانەیە و نیشانەی مێینەیە و هەر وەک (مەکەنزی) دەڵێت: ((لە ناوچەی موکریان و سۆراندا بەکاردێت)).[1]

هەڵەی دووەم: ئەوەیە (ێ)ی کۆتایی کرداری (دامێ)ی بە جێناو داناوە، کە لە ڕاستیدا ئەو (ێ)یە جێناو نییە، بەڵکو جێگری پریپۆزیشنە و (دامێ) ڕستەیە و لە قاڵبی وشەدا دەردەکەوێت، واتە (دام بە ئەو).

مامۆستا (حەننا) ڕاست بۆ ئەوە چووە، کە ((ئەو (ێ)یە کراوەیە بە ناوەوە لکا، ئەوا لە جیاتی (ێك)ی تاکی نەناسراو بەکاردێ: ((یەقرەنجێ یەقرەنجێك...هتد)).[2] بەڵام پاشی ئەم پەرەگرافە دیسانەوە، دەکەوێتە هەڵەیەکی ترەوە کە دەڵێت: ((بەڵام کە بە ناوی ناسراوی وەک (شارووڵات)ەوە لکا ئەوا تەنها لقە شێوەیەکی ناوچەیەکی بچووکی کرمانجیی خوارووە، بەم جۆرە دەدوێن، (ێ)ی کراوە دەخەنە دوای هەموو ناوێك، کە لە کۆتایی ڕستەوە بێت)).[3] چونکە وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە (حەننا ئەنتوان) هەستی بەوە نەکردووە، کە ئەو (ێ)یانە نیشانەی مێینەن و بەکۆتایی ناوی شار و گوندەکانەوە

----------------

١) Mackenzie , Kurdish Dialect Studies , London 1967 ,50.

٢) حەننا ئەنتوان، چەند سەرنجێکی سەرپێیی دەربارەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی، ل٦٥.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

دەلکێـت وەک: (بەغدایـێ، کەرکوکـێ، هەولێرێ...هتـد).

مامۆسـتا (قەناتـی کـوردۆ) لە کتێبـی: ((ڕێزمانـی کوردی بەکەرەسـتەی دیالێکتـی کرمانجیـی و سـۆرانی)).[1] زۆر لایەنـی مۆرفێمەکانـی (ێ)ی ئاشـکراکردووە و لـە گەلێـك شـوێنی کتێبەکەیـدا بـە باشـی پەنجـەی بـۆ ڕاکێشـاوە، بـۆ نموونـە لـە باسـی (نیشـانەی نەناسـیاوی) لـە کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کوردیـدا ئـەوەی دەستنیشـانکردووە، کـە (ێ) کورتکـراوەی (ێـك)ە و لـە هەندێـک ناوچـەدا بەکاردێـت.

مامۆسـتا (کـوردۆ) لـە بەنـدی (٥٣)ی باسـی (ڕەسـەن)دا چەنـد دۆخێکی دەستنیشـانکردووە، بـۆ نموونـە (لـە دۆخـی بانگکـردن)دا لـە هـەردوو دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروو و کرمانجیـی خـواروودا، کـە وەرگێـڕ بـە (دیالێکتـی کرمانجیـی و سـۆرانی ناویـان دەبـات) دەڵێـت: ((دۆخـی بانگکـردن لـە سـۆرانیدا (ێ) بـۆ مێیـە و (ە) بـۆ ڕەسـەنی نێـرە)).[2]

مامۆسـتا لـە بەنـدی (٦٥)دا پێـی وایـە، کـە (ێ– ۆ– ە) ڕۆڵـی ڕێزمانـی دیکەیـان هەیـە و نـاوی تایبەتـی دادەڕێژن و بـەو بۆنەیەوە دەڵێـت: (((ێ) بۆ داڕشـتنی نـاوی تایبەتـی ڕەسـەنی مێیـە و (ۆ) بـۆ داڕشـتی نـاوی ڕەسـەنی نێـرە)).[3] نموونەکانیشـی ئەمانـەن: ((بێـزێ (لـە بێـزار)، فاتـێ (لـە فاطمـة) داڕێـژراوە)).[4] لـە ڕاسـتیدا مامۆسـتا لەمـەدا بەهەڵـە چـووە، کە پێی وایـە، ئەم (ێ)یـە نـاوی تایبەتـی داڕشـتووە، چونکە ئـەو (ێ)یە نەبـووە بە هـۆی گۆڕانی بەشـێکی ئاخاوتـن بۆ بەشـێکی دیکە، تابڵێین نـاوی تایبەتی داڕشـتووە، بەڵکو ئەرکـی ئـەو (ێ)یە بۆ بانگکـردن و بچووککردنەوەیە، ئەویش هەمـان ئەرکی (ە)

-----------------

١ ) ک.ک کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی و سۆرانی، د. کوردستانی موکریانی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی، هەولێر، ١٩٨٤, ل٧٧.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

٤ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

دەبینێ لە بچووککردنەوەی ناودا لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، وەک: (فاتێ)، (فاتە)، بەڵام وەک پاشگر بتوانێت ناوی تایبەتی درووستبکات، دەتوانین (کاڵێ) بکەین بە نموونە، کە بریتییە لە (کاڵ + ێ) بوو بە (کاڵێ) بۆ ناوی تایبەتی ئافرەتان.

هەروەها مامۆستا لە جیاکردنەوەی نێر و مێ لە دۆخی تیاندا دەڵێت: ((نیشانەکانی دۆخی تیان (ی،-ێ) لە هەردوو دیالێکتەکەدا هەمان ڕۆڵێ ڕێزمانی دەگێڕن)).[١] پاشان ئەوەش بە ڕاست دەستنیشاندەکات، کە ((هێندێك جار لە بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی خوارووداا ئەم دوو نیشانەیە کەتیگۆڕی ڕەسەنی (نێر و مێ) تێکەڵدەکەن، ئەمەش بە تایبەتی لە نیشانەی (ێ)ی مێدا بەرچاودەکەوێ)).[٢]

مامۆستا (کوردۆ) ڕاست بۆ ئەوە چووە، کە لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا نیشانەکانی دۆخی تیان بە دەگمەن بەرچاودەکەون، ئەویش لە هێندێک وشەدا هەن، ئینجا سێ نموونەی دیاریکردووە ((ئێوارێ، شەوێ، ماڵێ)).[٣] و تێکستەکانی (مەکەنزی کردۆتە بەڵگە، لە ڕاستیدا تەنها ئەو سێ وشەیە نییە کە وەک مامۆستا بۆی چووە نیشانەی دۆخی ناڕاستەوخۆیان چۆتە سەر، بەڵکو نموونەی دیش زۆرە وەک: ((دهێ، پشدەرێ، ساجێ، حەجێ...)).[٤]

(کوردۆییف)، کە دێتە سەر نیشانەکانی خستنەسەر لە ژێر سەرناوی (ئامرازەکانی خستنەسەر)دا ئەوەی دەستنیشانکردووە، کە (ێ) وەک ئامرازێک (بەلای ئێمەوە- نیشانە) لە هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردیدا دەوری (خستنە سەر) دەبینێت، بێگومان نابێ ئەوەش لە

-----------------

١) هەمان سەرچاوە، ل٨١.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

٤) د. ئەوڕەحمانی حاجی فارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی (بەرگی یەکەم)- ناو- ل١٧٨.

یـاد بکرێت، کە مامۆسـتا (کـوردۆ) ئەو جیاوازیەشـی دەستنیشـانکردووە کە لە دیالێکتی ژوورووی (یٚ) لەگەڵ تاکی ڕەسـەنی نێر بەکاردێت و ((لە بەشـە دیالێکتـی بنگـرد، پژدەر، هەولێـر، ڕەوانـدزدا ئامـرازی خستنەسـەری (یٚ) بە ناوانـەوە دەلکێـن کە مێن)).[1] پاشـان مامۆسـتا دەڵێت: ((لێـرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا لە دیالێکتی سـۆرانیدا (لە بەشـە دیالێکتی سلێمانی و موکـری نەبـێ دوو جۆرە ئامرازی خستنەسـەر هەیە، کە ئەویـش (یٚ) و (ی)، کـە هەردووکیـان بەرامبـەری ئامـرازی (ا) و (یٚ) خستنەسـەری کرمانجیـی ژووروون و ڕەسـەنیش پێشـادەدەن، بـەڵام هێندێـك جـار ئەم دوو ئامـرازە لە بـری یەکـتر بەکاردێـن، بۆ وێنـە ئەمانەی خـوارەوە بـەراورد بکە:

لەگەر مامی من. (مەکەنزی– ٢١٤)

کچێ مامێ وی.(مەکەنزی – ٢٢٠٠٠٠)).[2]

مامۆسـتا (کـوردۆ) سـەبارەت بـە کـرداری ڕانەبـردوو لـە بەنـدی (١٩٦) دا ڕاسـت بـۆ ئـەوە چـووە، کـە دەڵێـت: ((زۆربـەی بناخـەی کاری ڕانەبوردوو یەکـەم کردنـەوەی وەیـا گۆڕینی کۆتایـی بناخـەی کاری ڕابـوردوودا دەڕێژێ، ئەم کارانە ڕیزەکارێك لە کاری نەچەسـپیو پێکدەهێنن. ئەم کارە نەچەسـپیوانە لـە ڕووی داڕشـتن بناخـەی کاریانەوە چەنـد جۆرێکن هەر جـۆرەش تایبەتێتی گۆڕینـی دەنگـی ڕەگێکـی هەیە، وەک لـە خـوارەوەش دابەش کـراوە)).[3]

ئینجا مامۆسـتا لـە خاڵـی سـێیەمی ئـەو دابەشـکردنە، کە جێ مەبەسـتی ئـەم لێکۆڵینـەوەی ئێمەیـە دەڵێـت: ((جـۆری ئـەم کارانـە، جۆرێکـی تایبەتـە بـەو کارانـە، کـە بناخـەکاری ڕابوردوویـان کۆتایـی بـە (ا) دێـت و

-----------------

١ ) ک.ک کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی سۆرانی، ل٩٣.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.

لـە بناخـەی کاری ڕانەبـوردوودا بـە (ێ) دەگـۆڕێ. ئـەم جـۆرە گـۆڕینـە بـە زۆری لـە دیالێکتـی خـوارووی ئەم دیالێکتەی بەرچاو دەکەوێت)).[1]

پاشـان مامۆسـتا بـە شـێوەیەکی زانسـتی کۆمەڵێـک چاوگـی لـە هـەردوو دیالێکتـدا کردۆتـە نموونـەی بۆچوونەکانـی، وەک:

| چاوگ | | بناخەی کاری ڕابوردوو | | بناخەی کاری ڕانەبوردوو | |
|---|---|---|---|---|---|
| کرمانجیی | سۆرانی | کرمانجیی | سۆرانی | کرمانجیی | سۆرانی |
| زایین (زان) | زان | زا | زا | زێ | زێ |
| ستران | ---- | سترا | --- | سترێ | --- |
| ڕازان | ---- | ڕازا | --- | ڕازێ | ----- |
| ---- | خووسان | ---- | خوسا | --- | خووسێ |
| ---- | چەرخان | ---- | چەرخا | ---- | چەرخێ |
| ---- | شکان | ---- | شکا | ---- | شکێ[2] |

بێگومـان کارەکانـی مامۆسـتا (کـوردۆ) سـەرباری بوونـی کەموکـوڕی بـە کارێکـی بایەخدار و کـەم وێنـە دەژمێردرێـت، چونکـە گەلێـك ڕووی ڕاسـت و زانسـتی دەربڕیـوە.

مامۆسـتا (سـاڵح حسـێن پشـدەری) لـە کتێبـی: ((کورتەیـەک لـە ڕێزمانـی کـوردی کـرد و کـوو لێکۆڵینـەوە))دا.[3] لابـەلا لـە چەنـد شـوێنێکدا پەنجـەی بـۆ مۆرفێمەکانـی (ێ) ڕاکێشـاوە، بـۆ وێنـە پێیوایـە، کـە (ی، ێ) (نیشـانەی ناسـاندن)ن و لـە بارەیانـەوە نووسـیویە: ((ئـەم پیتـە لـە هەنـدێ ناوچـەدا بـۆ بیرهاتنـەوەی شـتی زانـراو بـە هـۆش دەخرێنـە دوا

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٧.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٧ _ ١٧٨.

٣ ) ساڵح حسێن پشدەری، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی کرد و کوو لێکۆڵینەوە، بەغدا، ١٩٨٥, ل٢٦.

وشـەکەیەوە و دەڵێـن: سـبەینێ زوو هەسـتا، لـە ڕەنگـی سـەماوەری... بـە هاوینـێ، لـە حەجـێ، لـە کـن مـەلای چۆخێنـێ، چێشـتێ لـێ بنـێ، شـەوێ بـە ئاسـوودەیی نوسـت)).[1]

پاشـان هەندێـك نموونـەی بـۆ کرمانجیـی ژووروویـش هێناوەتـەوە و وتوویـە: ((لـە کرمانجیـی ژووروەوشـدا دەڵێـن:... وێ شـوورێ خـوە هەلـدە مەڕوونـە وێ ئافتایـێ، نەرشـێنە لـێ گوڵابـێ، خباتـێ بکـە خیاڵـێ نەکـە)).[2]

لێـرەدا مامۆسـتا بـە هەڵـەدا چـووە، چونکـە ئـەو (ێ)یـە نیشـانەی (مێ)یـەو لـە دۆخـی تیانـدا دەچێتـە سـەر نـاو. هەروەهـا (ی)ش دەچیتـە سـەر نـاوی نێـر. بـە تایبەتـی لـە ناوچەکانـی موکریـان و سـۆران زیاتـر هەسـتیپێدەکرێت. هەرچـی (ێ)ی کرمانجیـی ژوورووی ئـەو حاڵەتەشـە، بـە پێچەوانـەی خـواروو بـۆ جنسـی نێـرە.

مامۆسـتا (سـاڵح حسـێن پشـدەری) لـە شـوێنێکی دیکـەدا بـۆ ئـەوە چـووە، کـە (ێ) کورتکـراوەی (یێـک)ە و لەگـەڵ نیشـانەکانی (ەک، ێـک، یـەک)دا گروپـن، وەک ((سـاڵێ، بەقـەد نێرەکـەرێ ئەبـێ، بزنـێ قەڵـەو، کوڕەکەچەڵـی ڕیویـێ ئەگـرێ)).[3]

هەروەهـا مامۆسـتا ئەوەیشـی دەستنیشـانکردووە کـە نیشـانەی (ێ – ێـك)ی تاکیەتـی نیشـاندەدات، بـۆ ئەوەیـش دوو خاڵـی یادداشـتکردووە و دەڵێـت: ((آ-دەخرێتـە دووا وشـەی یەکـەم، وەک کاتێکـی خـۆش، بـە دڵێکـی شـاد...

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧ _ ٢٨.

ب – دەخرێتە دوا وشەی دووەم، وەک.

مەڕی ئاغاییێک، دەنکە جۆیەک...)).[1]

لێرەدا دەبێ ئەوە بووترێت، کە مامۆستا نموونەکانی تەنها باسی (ییێک و یەک) دەکات بە هیچ شێوەیەک نموونەی بۆ (ێ) نەهێناوەتەوە، نووسیوویە ((قەراخی چەمێك)).[2] کە هەمان ڕستە دەتوانرێت بکرێت بە نموونەی دووەم خاڵ وەک (لە قەراخی چەمێ) یان (لە نزیک شارێ).

ئەوەندی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە بێت لە کتێبی مامۆستا (سالح حسێن پشدەری)دا ڕاست باسی ئەوەی کردووە، کە (ێ) وەک نیشانەیەک بۆ بانگهێشت بەکاردێت وەکو: (کچێ، خوشکێ، پوورێ)).[3]

لە وتارێکی مامۆستا (عەبدولوەهاب خالید)دا، کە لە ژێر سەرناوی ((نیشانێد نێر و مێ)).[4] دایە و بە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووی زمانی کوردی نووسراوە لە باسی نیشانەی (ێ)ێ خستنەسەردا وتراوە: ((ئیزافا (ێ): ئەڤ ئیزافە- نیشانە- دەچێتە سەر پەیڤەکا ئیزافە (نێر)وە بکرێت لەوی دەمی، ئەگەر چ جهناڤید نیشاندان ل بەراهیا دی پەیفێ نەهاتن ئەو پەیڤ دێ ئیزافا (ێ) وەرگریتن و دێ یاپیڤی دیارخەرەکی بیت، کو ل دویڤ ئیزافا (ێ) ڕابهێتن، دا واتایەکا تەواو ب بەخشێت)).[5]

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٣١-٣٢.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٣١.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

٤ ) عەبدولوەهاب خالید، نیشانێد نێر و مێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩٢٤)ـی ساڵی ١٩ / ١١ / ١٩٨٧, ٤٠.

٥ ) هەمان سەرچاوە, ل٤٠.

پاشان چەند نموونەیەک هێنراوەتەوە و نووسراوە، ئەگەر ئەو ڕستەیە ناوێک بێت بەم شێوەیە دەردەکەوێت.

١ـ کوڕ+ ێ+ وی ناف (دیار خراو)+ ئیزافە (بۆ نێر)+ جهناقی نیشاندان بۆ نێر (دیارخەر).

٢ـ کوڕ+ ێ+ بەژن ڕێکوبڵند

ناڤ (دیارخراو)+ ئیزافە (بۆ نێر)+ سیفە (دیارخەر) )).[1]

ناوبراو ڕاست بۆ ئەوە چووە، کە ئەم حاڵەتە تەنها بۆ (ناو) نییە، بەڵکوو بە هەمان شێوە لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەردەکەوێت، وەک:

١ـ شین+ ێ+ جاڤێد وێ.

ئاوەڵناڤ (دیارخراو) + ئیزافە (بۆ نێر) + سیفە (دیارخەر).

٢ـ ڕەنگ+ ێ+ ڕۆژا زەلال.

ئاوەڵناڤ (دیارخراو)+ ئیزافە (بۆ نێر+ سیفە (دیارخەر))).[2]

نووسەر خاڵێکی گرنگی دیکەی دیاریکردووە: ((ئەگەر ئەو پەیڤ ئاوەڵکارەک ژی بیت دێ ب ڤی ئارای دەرکەڤیتن: -

١ـ جە+ ێ+ خوشی و دڵ قسەکەر.

ئاوەڵکار (دیارخراو)+ ئیزافە (بۆ نێر)+ سیفە (دیارخەر).

٢ـ ڕەخ+ ێ+ هە ئاوەڵکار (دیارخراو)+ ئیزافە (بۆ نێر) + پاشگری (هە) بۆ دەستنیشان کرنێ (دیارخەر))).[3]

مامۆستا (عەبدولڕەحمان کاکل) وتارێکی بە ناوی ((دەورەکانی نیشانەی (ەک، ێک – ێ)))ەوە.[4] بڵاوکردۆتەوە، ئەوەندەی پێوەندی بە

------------------

١ ) هەمان سەرچاوە, ل٤٠.

٢ ) هەمان سەرچاوە, ل٤٠.

٣ ) هەمان سەرچاوە, ل٤٠.

٤ ) عەبدولڕەحمان کاکل، دەورەکانی نیشانەی– ەک، -یێك،- ێ. ڕۆژنامەی ((هاوکاری))، ژمارەی (٩٧٥)، ڕۆژی ١٦/ ٥/ ١٩٨٨, ل٥٠.

باسـەکەی ئێمـەوە هەبێـت- نیشـانەی (ێ)یـە سـەرەتا نووسـەر دەڵێـت: ((ئـەوەی لێـرە مـن مەبەسـتمە ڕوونکردنـەوەی دەورەکانـی ئـەم نیشـانەیە، کـە بێجگـە لـە نەناسـیاوی چ دەوری تـر دەبینـێ و هەروەهـا نیشـانەکە چییـە و لـە چییـەوە هاتـووە، دوایـش دەوری نیشـانەکە لەگـەڵ بەشـەکانی ئاخاوتنـدا چۆنـە و دەچیتـە سـەر کامیـان و ناچێتـە سـەر کامیـان)).[1] پاشـان نووسـەر بـۆ ئـەوە دەچێـت کـە ئـەم نیشـانانە کورتکـراوەی (یـەک) ن و بـە تێپـەڕ بوونـی کات و زۆر بـە کارهێنـان ئـەم گۆڕانانەیـان بەسـەردا هاتـووە، نووسـەر ڕاسـت بـۆ ئـەوە چـووە کـە لـە ناوچـەی موکریـان و سلێمانیدا (ێـک و ێ) بـە زۆری بەکاردێـت بـەڵام دەبوایـە ئەوەیشـی گوتبـا، کـە ((نیشـانەی نەناسـیاوی لەگـەڵ ئـەو ناوانـەی کۆتاییـان بـە نەبزوێـن هاتـووە شـێوەی (ێك- ێ) دەبینـن و لەگـەڵ ئـەو ناوانـەش، کـە کۆتاییـان بـە بزوێـن هاتـووە لـە شـێوەی (ک) یـەک دەبێـت.

میری سۆران لەشکرێکی ڕێك و پێکی پڕ چەکی پێویست بوە.

کە سەرم هەڵبڕی ئەبینم دەروێشێ لە بەر دەرگاکەم ڕاوەستاوە)).[2]

ئینجـا دەڵێـت: ((...دەبینیـن وشـەکە هێنـدە لەسـەرچاوەکەیەوە دوور نەکەوتۆتـەوە تـا نەناسرێتـەوە و ئـەم دیـاردەی پیـت سـووان و گۆڕانـەش لـە زمانـی کوردیـدا شـتێکی بەڵگـە نەویسـت و ئاشـکرایە کـە هـۆی گۆڕان و بـەرەو پێشـچوونی زمانـە و زمانیـش بـەرەو سـووکی هەنـگاو دەنـێ)).[3]

نووسـەر پـاش ئەم پێشـەکییە کورتـە تێبینییـەک تۆمـاردەکات و دەڵێت: ((بـە پێویسـتی دەزانـم کـە تەنهـا نیشـانەی (ەک- ێـک) بکەم بـە نموونەی باسـەکە و نیشـانەی (ێ) هەڵبوێـرم، لەبـەر ئـەوەی، لەگـەڵ نیشـانەی

----------------

١ ) هەمان سەرچاوە, ل٥٠.

٢ ) بڕوانە: د. زەرێ عارف یوسۆپۆڤا، ناو، وەرگێڕانی دوکتۆرە کوردستانی موکریانی، ڕۆژنامەی ((هاوکاری))، ژمارە (٨٩٧) ڕۆژی ١ / ٧ / ١٩٨٧.

٣ ) عەبدولڕەحمانی کاکل، دەورەکانی نیشانەی یەک، ێك،- ێ, ل٥٠.

(ێـك) یـەک دەوری هەیـە هـەر کورتکـراوەی (ێک)ە و هـەر لەهەمـان ناوچەش بـەکاردێ)).[١] بەڵێ ڕاستـە (ێ) کورتکـراوەی (ێک)ە بەڵام خۆ مەرج نییە هەمان دەوری (ێـک)ی هەبێت، بۆ نموونە دەڵێین: (مەنجەڵێک شـیرم کوڵاند)، هەروەها دەوترێـت (مەنجەڵێ شـیرم کوڵاند).

یاخـود ((کاتێـك نیشـانەی (ێـك) دەکـرێ بـە (ێ)، ئـەوە بـە ڕەوانـی لەسـەر دەسـتوورێکی ڕێکوپێـک دەڕوا و ئـەو لادانە نامێنێ، کە لـە بەکارهێنانی (ێك)دا دەبینرێ، وەک: دیوار- دیواری- دیوارێك، گا- گایێ- گایەک، هەڵۆ- هەڵۆیێ- هەڵۆیـەک، مـوو- موویـێ- موویـەک... هتد. لەمـەدا ئەوەمان بـۆ دەرکەوت کە لـە حاڵەتـی بەکارهێنانـی (ێ)دا ڕێکوپێکـە)).[٢] کەواتـە پێویسـتی بـەوە دەکـرد هەندێـک تیشـک بخاتە سـەر نیشـانەی (ێ) و خۆی لـێ هەڵنەبوێردایە.

(عەبدولرەحـمان کاکل) لـە خاڵێکـی دیکـەدا لـە ژێر سـەر نـاوی (تـاک و کۆ) بڕیاری ئەوە دەدات (ەک، ێک) ناچێتە سـەر ئەو ناوانەی کە بەهۆی نیشـانەکانی کۆکردنـەوە کۆکرابێتـەوە، وەک ((بەرخ+ ێک = بەرخێـك+ ان= بەرخان.

شوان+ ێك= شوانێک+ ان= شوانان)).[٣]

لەبـەر ئـەوەی لـە سـەرەتای وتارەکـەیدا (ێ)ی بـە کورتکـراوەی (ێـك) دانـا، ((بۆمان هەیە ڕەخنە لەو بۆچوونەوی بگرین سـەبارەت بە (ێك) دەربڕیوە، چونکە مـەرج نییـە (ان)ی کـۆ چووە سـەر ناوێک نیشـانەی نەناسـیاوی وەرنەگرێت، بۆ نموونە (کەسـانێک، ڕۆژانێک، لاوانێـک...)).[٤]

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە, ٥٠.

٢ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی (بەشێ یەکەم)- ناو- ە - ل٩٣ - ٢١٤.

٣ ) عەبدولرەحمان کاکل، دەورەکانی نیشانەی- یەک- ێك،- ێ, ل٥١.

٤ ) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکە- مۆرفۆلۆجی (بەشی یەکەم)- ناو- ل٢١.

## ـ تـــيـــشـــكـــێـــك:

تـــا ئێـــرە- واتـــە دوای کەمـــێ نیشـــاندانی ئـــەوەی چـــی لـــە بـــارەی مۆرفێمەکانـــی (ێ) لـــە زمانـــی کوردیـــدا نـــووسراوە، ئەوەمـــان بـــۆ ڕوونبـــووەوە، کـــە نووســـەرانی ڕێزمانـــی کـــوردی لەســـەر بەشـێکی زۆری کێشـەکانی ڕێکنەکەوتـــوون وێـــڕای ئـــەوەش بڕێکـــی لێدوانـــەکان ســـادە و ســـاکارن و هەڵـــە و ناتـــەواوی و کەموکورتییـــان تێدایـــە و بـــەلای زۆر لایەنـــی باســـەکەدا نەچـــوون و تیشـــکی ڕووناکیـــان ئاڕاســـتەی گەلێـــك ڕووی نەکـــردووە و ئەنجامێکـــی ســـەرکەوتوویان بەدەست نەهێناوە...بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـــدا چەنـــد کارێـــك هەیـــە، لەســـەر کەرەســـتەی باشـــن و شـــێوازی زانســـتی نـــووسراون... ئەگەرچـــی ئـــەو جـــۆرە هەڵانـــە گەلـــێ ڕووی (ێ)یـــان ســـاغکردووەتەوە، بـــەڵام هێشـــتا چەندیـــن نادیـــاری و تەمومـــژ بەســـەر ئـــەو کێشـــەیەی زمانەکەمانـــەوە هەیـــە، ئاشـــکرا نەکـــراون و نەڕەوێراونەتـــەوە تەنانـــەت هەنـــدێ شـــتی زۆر ئاشـــکراش دەبینیـــن، کـــە بـــە هیـــچ چەشـنێك لایـــان لـــێ نەکراوەتـــەوە، بۆیـــە ئێمـــەش بەشـــێ بـــە حاڵـــی خۆمـــان لـــە ڕێـــی وەلاوەنانـــی خـــەوش و هەڵـــە، پـــڕ کردنـــەوەی کەموکورتـــی و ناتـــەواوی، ســـوود و کەڵـــک لـــە لایەنـــە ڕاســـت و چاکەکانـــی کاری پێـــشرەوان و گـــەڕان و ســـۆراخ و لێکۆڵینـــەوەی خۆمـــان هەوڵدەدەیـــن، بـــە پێـــی توانســـت لـــە فەسڵی دووەم و سـێیەمدا لایەنـە ڕاسـت و باسنەکراوەکانی مۆرفێمەکانـی (ێ) بخەینـە پێـش چـاو.

# سەرنجی چوونە ناو بابەتەوە

وەک دەزانین لە زانستی زماندا بە گەلێک جۆر پێناسەی مۆرفێم کراوە، بە تایبەت لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و سینتاکی و سیمانتیکەوە، هەندێک بە بچووکترین دانەی واتاداری (زمانیان) داناوە، کە لە فۆنیمێ یا زیاتر پێکدێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە. دەستەیەکی دیکە بە بچووکترین دانەی ڕێزمانیان داناوە[1]... بە گشتیش سێ خاسیەتیان بۆ دیاریکردووە: -

١-واتادار بێت.

٢-ڕۆڵی ڕۆنانی وشە ببینێت.

٣-ڕۆڵی سینتاکسی هەبێت.

بەو پێیە دەشێ لە زمانی کوردیدا دوو جۆر مۆرفێم دەستنیشانبکرێن.

**أ- مۆرفێمی سەربەست.**

**ب - مۆرفێمی بەند.**

**أ- مۆرفێمی سەربەست:**

مۆرفێمی سەربەست ئەو مۆرفێمەیە، کە بەتەنیا مانایەکی سەربەخۆی هەیە، وەک: (شەو، سەر، ڕۆژ، بەرد، ماڵ...)و بە هۆی مۆرفێمی بەندەوە دەتوانرێت چەندین وشەی نوێیان لێ ڕۆبنرێ و لەگەلێ دۆخی ڕێزمانیدا ئاڵوگۆڕیان پێبکرێ...گەرچی مۆرفێمە سەربەستەکان لە زماندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەنها زۆر شتیان پێناکرێ و هەموو کارێکیان پێهەڵناسوورێ بۆ بە جێهێنانی ئەرک و مەبەستی تەواوی زمان و نەهێشتنی گیروگرفتی دەربڕی لەگەڵ مۆرفێمە بەندەکاندا یەکدەگرن.[2]

----------------

١ ) بڕوانە: د. وریا عومەر ئەمین، وشە، گۆڤاری ((نووسەری کورد)) ژمارە (٩)، بەغدا، ١٩٨٢، ل٨٥، د ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٢٣.

٢ ) لێرەدا بە چەند دێرێک و بە کورتی لە مۆرفێمی سەربەست دواوین، ئەویش لەبەر ئەوەی

**ب ـ مۆرفێمی بەند:**

ئەو مۆرفێمەیـە، کـە بەتەنیـا مانـای نییـە و سـەربەخۆ بەکارنایـەت و، بـە مۆرفێمێکـی دیکـەوە بەنـدە- واتـە مۆرفێمـی بەنـد بـە لکاندنـی بـە مۆرفێمـی سەربەسـتەوە دەردەکـەوێ، بـۆ نموونـە مۆرفێمـی بەنـدی (ێ)، کـە لەگـەڵ مۆرفێمـی سەربەسـتی (گـوڵ) یـەک دەگرێـت، وشـەیەکی نـوێ دروسـت دەبـێ و مانـا و مەبەسـتێکی دیکـە کـە (گوڵێ)یـە دێتـە گـۆڕێ.

لـە زمانـی کوردیـدا مۆرفێمـی بەنـد زۆرە، کـە لـە شـێوە و قاڵبـی (پێشـگر) و (پاشـگر) و (ناوگـر) و (ناوبەنـد) و (نیشـانە)... دا دەردەکـەون.

مۆرفێمە بەندەکانی زمانی کوردی دەشێ بکرێن بە دوو بەشەوە:

١ـ مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ.


٢ـ مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ.

مۆرفێمـی بەنـدی وشـەگۆڕ ئـەو مۆرفێمەیـە، کـە ئەرکـی ڕێزمانـی جۆراوجـۆر دەبینـێ و حاڵەتی هەمەچەشـن نیشـاندەدات وەك (ژمـارە، کەس، کات، ناسـیاوی، نەناسـیاوی، جیاکردنـەوەی ڕەگەز...هتـد). بـۆ نموونـە (ێ) ی جینـاوی کەسـی لـکاوی دەسـتەی دووەم، کـە کەسـی سـێیەمی تـاک نیشـاندەدات دەوترێـت (دەچـێ) وەک مۆرفێمێکـی بەنـد دەتوانـێ لەگـەڵ مۆرفێمێکـی سەربەسـتدا یـەک بگرێـت و دۆخـی ڕێزمانـی سـازبکات، بـە مانەیەکـی دی ئـەم مۆرفێمـە بەنـدە توانـی لـە ڕووی سینتاکسـەوە حاڵەتـی کـەس و ژمـارە دیـاری بـکات، وەک (کەسـی سـێیەمی تـاک)ی دیاریکـرد...

---

مۆرفێمەکانی (ێ) بەندن و، ڕاست وایە ئەو جۆرە مۆرفێمە بە تەواوی و باشی باس بکەین.

مۆرفێمی بەندی وشەدارێژیش بریتییە لەو ئەفیکسانەی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ مانا و مەبەستی نوێ تر لە کاردان – واتە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئەرکی دارشتنی وشە دەبینن...
بەو پێیە مۆرفێمە بەندەکان لەم وێنەیەدا نیشاندەدەین




کەواتە ئەو مۆرفێمەی ئەفێکسی پێوەدەلکێت بە مۆرفێمی سەربەست دادەنرێت و ئەوانی دیش بە مۆرفێمی بەند، بۆ ڕۆنانی وشەیەکی نوێ، یاخود دەربڕێنی حاڵەتی ڕێزمانی. دەشێ لەگەڵ مۆرفێمێکی سەربەستدا چەند مۆرفێمێکی بەند دەرکەوێت. بۆ نموونە، تا ئەم ماوەیەی پێشووش (اندن) وەک پاشگر تەماشا دەکرا بۆ گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی مۆرفێمەوە (اندن) هەڵوەشێنین و پارچە پارچەی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە (اندن) پاشگر نییە و بریتییە لە چەند مۆرفێمێک: وەک ئاشکرایە، (ن) نوونی چاوگە و هەموو ڕێزماننووسانی کورد لەسەر ئەوە ڕێکن و بێ کێشەیە، کە کۆتایی چاوگە کوردییەکان بە (ن) کۆتایی دێت. کەواتە ئەو (ن) بە بێ کێشە بوو بە (نوونی چاوگ). دێینە سەر (د)، کە بەلای ئێمەوە

مۆرفیمێکـی بەنـدە و کات پێشـاندەدات، ئەویـش کاتـی ڕابـردووە وەک لـە وشـەی سـووتاند: (دەغڵەکـەی سـووتاند)، مۆرفێمـی (ان) دەمێنێتـەوە، ئەویـش مۆرفێمێکـە کـرداری تێنەپـەڕ دەکات بـە تێپـەڕ.[1]

کەواتـە، ڕێـگا کراوەیـە مۆرفێمێکـی سەربەسـت چەنـد مۆرفێمێکـی بەنـد بەڕیـز پێـوەی بلکێـت و هەریەکـەش دەوری خـۆی ببینێـت، یاخـود لـە مۆرفێمـی بەنـدا ئـەوە دیـار دەکەوێـت، کـە چەنـد حاڵەتێکـی ڕێزمانـی پێشـاندەدەن. وەک: (ئامـراز، نیشـانە و... هتـد).

ئەمیـش ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە کـە مۆرفێمـی بەنـد بـە شـێوەیەکی گشـتی و بەڕواڵـەت بـێ مانایـە، بـەڵام کـە لەگـەڵ مۆرفێمێکـی دیکـەدا یـەک بگرێـت، لـە ئاسـتی مۆرفۆلۆژیـدا، دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی وشـەیەکی نـوێ. هەروەهـا لـە ئاسـتی ڕیزمانیـدا حاڵەتـی جیاجیـا پێشـاندەدات.

-----------------

١ ) بڕوانە: مستەفا زەنگەنە، پێکهێنەرەکانی (اندن) و ئەرکەکانیان، گۆڤاری ((کاروانی ئەکادیمی))، هەولێر، ١٩٩١، ل٧٥.

# بەشی دووەم

# مۆرفێمەکانی (ێ) وەک وشەگۆڕ

# بەشی دووەم

# مۆرفێمەکانی (ێ) وەک وشەگۆڕ

## ١- مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا:

مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆ لە هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردیدا دەبینرێت. لە سەرپاکی دەڤەرەکانی سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی چالاک بەکاردێت، هەرچی لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداپە لە چەند ناوچەیەکدا تا ئەم سەردەمەش زۆر بەکاردێت، بەڵام لە ناوچەی سلێمانیدا بە تەواوی ئەم نیشانەیە فەرامۆشکراوە. بۆیە دەڵێین فەرامۆشکراوە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئەم نیشانەیە لەسەردەمێکی زۆر کۆنا وەک دیالێکتی ژووروو بەکارهاتووە ئیدی هێدی هێدی بەرەو لە ناوچوون چووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە ئەم بەیتە شیعرانەی (نالی)یە، کە دەڵێت:

تا پێنەکەنێ گوڵ بە دەمی بادی سەباوە
نەمگوت کە (شەوێ) بلبلی بێچارە حەقی بوو. (نالی، ل٨٩)

یاخود

فەرمووتە کە بانگم کە (شەوێ) دێمە کەنارت
قوربان وەرە شەو ڕۆیی ئەوا وەعدەی بانگـــە (نالی، ل٩٩)

کەواتە ڕەنگە تا سەردەمی نالیش هەر نیشانەی (ێ) بەکارهاتبێت و پاشان لە ناوچووبێت، ئەم نیشانەیە هێشتا لە گەلێک ناوچەی دیکەی کوردستان وەک: ((موکریا و سۆران و هەندێك لە دەوروپشتی

سلێمانیش)).[1] بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی مێ لە نێر لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بەکاردەهێنرێ.

بۆ نموونە لە ناوچەی موکریان دەوترێت: -

- های لاوە، میرمەم، لەو شیرن خەوەی، هەڵستە گەلێکی وەک میری هاتەوە لە ڕاوێ. (تحفة مظفرية، ب ١، ل٣١٣).

- دەسترەی یایە زینێ برد، داتی دەیڕفێنێ.

(تحفة مظفرية، ب١، ل٣١٦).

- بە زمانی ئارەیان دەزنییێ خوڕی.

(تحفة مظفرية، ب١، ل٣١٧).

- دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ، لەبەر ئەوێ ژانێ.
- ئەمن هەورێك بووم لە هەورەكانی دە بەهەشتێ.

(تحفة مظفرية، ب١، ل٢٣٧).

- خوڵاوەندی عالەمیان ئەمنی لە بۆ تۆ هاویشتە پێ دەشتێ.

(تحفة مظفرية، ب١، ل٢٣٧).

چۆن لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان ئاشکرابوو، کە لە ناوچەی موکریاندا (ێ) وەک نیشانەی مێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بە ناوەوە دەلکێت، بە هەمان شێوە لە ناوچەی سۆرانیشدا بەدی دەکەین. بۆ نموونە: -

- (جغارە)کم بدەنێ.
- بە دەستی خەجیج خانێ.

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٤٢)

---

١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی (بەشی یەکەم)- ناو- بەغدا، ١٩٧٩، ل١٧٢.

- دەچمە ماڵی لەیلایێ
- دەرکەیان بە پەرژینە.

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٩٥)

- ئەگەر ناوی نازانن
- عەیشێ کەریم سەرکاری.

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل١٤٤)

- وەک جۆگەلەی لە بانان
- وەک ڕووباری بەهارێ.

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل١٩١)

- هاتی یە تەیری گەرمێنێ بەوان
- دەرین قەتێ یە

(چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، ل٥٦)

- ئامین و ئامین، مەڕ هاتە خوارێ
- بە پێش بێریان کەت، کیژێ خەزارێ
- بێنە ماچت کەم، کابانێ مارێ.
- کێ ئەمنی کوشتیە، ئەی شەدەلارێ

(چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، ل٤٦)

هەروەک پێشتر پەنجەمان بۆ ئەوە درێژکرد، کە لە ناوچەی سلێمانیش هەمان نیشانە بەکارهاتووە...جا جگە لەو بەیتەی (نالی) ((هەندێ پەندی پێشینان هەن کە نیشانەی (ێ) جنسی مێیان تێدا بەدیدەکرێ. جا ئەو (ێ)یەی لەو پەندانەدا خۆی نواندووە لەوە دەچێ پاشماوەی جنسی مێ بێت لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا)).[1]

-----------------

١) هەمان سەرچاوە، ل١٧٨.

ئەم چەند نموونەیەش پێش چاو دەکەوێت.

- دشی دشێ، بە چی دەچێ.

(پەندی پێشینان، ل ٢١٦)

- لە گەورە گەورەی پشدەرێ، هۆمان کەوتە قون مزە جارێ.

(پەندی پێشینان، ل ٣٥٤)

- ژن لە ساجێ، مێرد لە حەجێ پێکەوە گەیشتنە جێ.

(پەندی پێشینیان، ل ٣٦٤)

- بیست و یەکی ئاداریێ، بە فر بگاتە پاسارێ، نامێنێ تا هێوارێ.

(پەندی پێشینان، ل، ٢٩)

ڕەسەنی نێر و مێ لە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووی زمانی کوردی لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا زۆر ئاشکرا و ڕوونە و نیشانەکانی پارێزراون و ((لە دیالێکتی ژووروودا دۆخی تیانی تاکو کۆتایی بە نیشانەی دۆخی تیان دێ، کە ئەویش (ێ)یە، ئەمەش لە کاتێك دا کە ناوکە ڕەسەنی مێ بوو)).[١]

کەواتە بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی نێر و مێ لە زمانی کوردیدا پێویست ((وایە کە نیشانەکانی نێر و مێ بە گوێرەی حاڵەتەکانیان جیابکرێنەوە و باس بکرێن)).[٢]

چەند نموونەیەک بۆ ڕەسەنی مێینە لە دۆخی تیاندا، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووورووی زمانی کوردی:

-----------------

١) ک.ک کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی سۆرانی، د، کوردستانی موکریانی لە زمانی ڕووسییەوە وەریگێراوە بۆ زمانی کوردی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٧٩.

٢) سەرچاوەی ناوبراو: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی (بەشی یەکەم)- نا- ل٣٨٢.

- پەروەر دەیکی ب ئافیتا یێ
- هەردەم بڕەسینی لێ گوڵایێ

(خانی، ل ٤٤٦)

- دڵی یارێ مە نەبوو نەرم بصەد ئایی گری.
- ئەڤەرێ دێ چیکەت ئاب بصەد قەطرە لەنگ؟

(مەلای جزیری، ل ٣٤)

- یەک ئارمانج
یەک ڕێزان
یەک ڕامان
خەباتێ بکی
ژ بۆ کوردستان.

(صەبری، ل٦٧)

- ئەز چووم نک نەسرینێ ...هتد.

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرابوو کە نیشانەی ڕەسەنی مێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا (ێ)یە و نیشانەی (ی)ش بۆ ڕەسەنی نێر بەکاردێت.

بێگومان وەک پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە، لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا لە چەند دۆخێک نەبێت، بە تەواوی ئەم نیشانەی ڕەسەنە کۆتایی پێهاتووە و بە بێ جیاوازی لە ڕەسەنی نێر و مێ (ی) بەکاردەهێنرێ- واتە بۆ دۆخی ناڕاستەوخۆ و دۆخی ڕاستەوخۆی یەک نیشانە لە ئارادایە، کە ئەویش (ی)یە، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووشدا ((هەندێ ناو بەرچاو دەکەون، کە لە ڕیزی جنسی دوو لایەن دابنرێن،

وەک: هەڤاڵ، سەرکار، دژمن، دۆست، بەرخ، کار، گۆلک، پشیک، کاڤر...و گەلێکی تر، ئەو جۆرە ناوانە کاتێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بە واتای مێ دێن، ئەوە نیشانەی (ی) یان دەچێتە سەر، خۆ ئەگەر بە واتای نێر بێت، ئەو دەمە نیشانەی (ی) یان پێوە دەلکێ)).[١]

بۆ نموونە لە کاتی لەوەڕاندنی بەرخی مێدا دەوترێ (ئەزێ بەرخێ چیرینم)) و بۆ لەوەڕاندنی بەرخی نێریش دەوترێ ((ئەزی بەرخێ جێرینم)).[٢]

کەوابوو هەرچەندە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەستوورێکی ڕێکوپێک هەیە بۆ دیاریکردنی ڕەسەنی نێر و مێ، لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕێکدەکەوێ کە ڕیزپەڕ هەبێت ئەویش شتێکی زۆر ئاساییە لە زماندا.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە هەردوو دیالێکتی زمانی کوردیدا (ێ) لە دۆخی تیاندا بۆ ڕەسەنی (مێ) بەکارهاتووە، ئەمیش ئەوە دەسەلمێنی، کە ((نزیکیی نیشانەی نێر و مێ و یەکگرتنەوەی ناوی نیر و مێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، دەتوانرێ بە یەکێك لەو بەڵگە زانستییانە دابنرێ، کە نیشانی یەکێتی زمانی کوردی دەدەن)).[٣]

ئەگەر بە چاوێکی ورد بڕوانینە چاوگەکانی هەردوو دیالێکت، ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت بە تایبەتی کە لە هەردوو دیالێکتدا چاوگەکان کۆتاییان بە (ێ)ی ڕەسەنی (مێ) دێت، لە بەشە دیالێکتی موکریان و سۆران وەک: ((خواردنێ، گەڕانێ، کردنێ، گریانێ، مردنێ... هتد)).[٤]

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٣.

٢ ) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٣.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

٤ ) هەمان سەرچاه، پەراوێزی (١٢٩)، ل١٨٤_ ١٨٥.

هەروەها لە ناوچەی موکریان ((وشەکانی ()دار، ئاو، شەرم، ژان، غەم، ئیمان، قیامەت، دارستان، زەمین، ڕاو، شەڕ، کار، کوێستان، گەرمیان)... ناوی هەموو شار و ئاوایی (جگە لە وشەی ()شار، دێ، گوند...کە نیرن)...) لە جنسی مێن)).[1]

بۆ نموونە: -

- ((ئەمن دەزانم کاکە مەم دەگەڵ یابزینێ دەدیوانێ خەوی لێ کەوتووە.))

(تحفة مظفرية، ب ١، ل٣١٢)

- ((لەوێ چاوی بە خەزاڵێ مەلا نەبی یان کەوتبوو)).

(تحفة مظفرية، ب ١، ل٣١٥)

- ((خان ئەحمەد خان شکا چوو بۆ ئەستەمبووڵێ)).

(تحفة مظفرية، ب ١، ل١٧٩)

- ((...بە کوردستانێ داهات...)).

(تحفة مظفرية، ب١، ل١٧٩)

- ((لە دونیاییم لۆ نەبووی چت لێ بکەم لە قیامەتێ.))

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٩٤)

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل١٧٣.

## ٢ـ مۆرفێمــی (ێ) وەک نیشــانەی جنســی مــێ لــە دۆخــی بانگهێشــتندا:[١]*

ئــەم مۆرفێمــە وەک نیشــانەی بانگهێشــتن لــە هــەردوو دیالێکتــە سـەرەکیەکەی زمانـی کوردیـدا بـۆ جنسـی (مـێ) لـە دۆخـی بانگهێشـتندا بەکاردێـت هەرچەنـدە نیشـانەکانی نێـرِ و مـێ لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کوردیـدا کەمبۆتـەوە و تارِادەیەکـی زۆر جنسـی نێـر و مـێ نەمـاوە، کەچـی ئـەم نیشـانەیە لـە دۆخـی بانگهێشـتندا (تەنانـەت لـە ناوچـەی سلێمانیش) خـۆی پاراسـتووە و بەکاردەهێنرێـت بـە کۆتایـی نـاوی مێوە دەلکێت ئەمیش تەنها بۆ تاکە وەک:

(خوشـکێ، پـووری، کچـێ، بووکـێ، دایکـێ، کیـژێ، حورمێ)...هتـد جگـە لـەوەی (ێ) وەک نیشـانەی بانگهێشـتن دەوری سـەرەکی خـۆی دەبینێـت، هەروەهـا (هـێ)ش وەک نیشـانەی یارمەتیـدەر (بـۆ بانگکردنـی مێینـە دەخرێتـە پێـش ناوەکـەوە و ناوەکـەش نیشـانە (ێ) وەردەگرێـت وەک:

- هێ کچێ، ئاگاداری خۆت بە.
- هێ نەرمین (ناوی ئافرەتە)، بە خێر بێیت.[٢]

لــە فۆلکلــۆردا هەیــە دەڵــێ: ((هــێ ڕەوشــەنێ، هــێ چەلەنگــێ پێــش قوشەنێ.ڕەوشـەن نـاوی ئافرەتـە، چەلەنگیـش کـە بـووە بـە ئاوەڵنـاو بـۆ ڕەوشـەن مامڵەتـی مێـی لەگەڵـی دا کـراوە)).[٣] دەبـێ ئـەوەش بووترێـت، کـە ((نیشـانەکانی دۆخـی بانگکـردن لـە بـاری کـۆدا لـە هـەردوو دیالێکتدا

-----------------

١ * ئەم (ێ)یە بۆ بچووککردنەوەی ناوی مێ بەکاردێت، بڕوانە لاپەڕەکانی پاشتر.

٢ ) بڕوانە: ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ١٩٧٦، ل.٤٣٢ .

٣ ) مەسعود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤، ل٥٢.

ڕەسـەنی نێر و مـێ نییـە)).[1] هەروەهـا لـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروو لـە دۆخـی بانگهێشـتدا، نـاو ئەگـەر لـە جنسـی مـێ بـوو نیشـانەی (ێ) وەردەگرێـت، ئەمیـش هـەروەک دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کـوردی. بـۆ نموونـە: خوشـکێ، کچـێ، کەچـێ، دایکـێ، لێلـێ، زینـێ... هتـد.

چەند نموونەیەک بۆ کرمانجیی خواروو: -

- ناسر دەڵێ: ((خوشکێ دەوڵەت زیاد وماڵی ئاو)).

(تحفة مظفرية، ب٢، ل٤٠)

- ناسر دەڵێ: ((خوشکێ، خاتوونێ، وای خاتوون تەورێزی یە)).

(تحفة مظفرية، ب٢، ل٣٩)

- بووکێ، لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ.

(پەندی پێشینان، ل٩٥)

- کچێ وەرە بۆ ئێرە ...هتد

چەند نموونەیەک بۆ دیالێکتی کرمانجیی ژووروو: -

- خوشکێ، ناڤێ تە چی یە؟
- کەچێ، وەرە بخونە.
- دایکێ، هەسپێ من دەرخە.))

(قەناتی کوردۆییف، ل٩٧)

- مەمێ گووت: ((لێلی، زینێ، ئەز، نزانم کو تو ژ منڕە ڕاستی ئان دەرەوینی؟)).

(مەمی ئالان، ل١١١)

------------------

١) سەرچاوەی ناوبراو: ک.ک.کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی و سۆرانی، ل٧٧.

## ٣ـ مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی نەناسیاوی:

بێگومـان هـەر زمانـە و بـە گوێـرەی یاسـا و دەسـتووری تایبەتـی خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ نیشـانەکانی دەکات و بـە کۆتایـی یاخـود بـە پێشـی وشـەوە دەلکێـت. سـەبارەت بـە نیشـانەی نەناسـیاوی لـە زمانـی کوردیـداد ئەوەیـە، کـە ئـەم نیشـانەیە بـە کۆتایـی نـاو یاخـود ئاوەڵنـاوەوە دەنووسـێت و نەناسـیاوی پێشـاندەدات. یاخـود دەتوانیـن بڵێیـن ((نیشـانەی نەناسـیاوی لـەو کاتانـەدا بەکاردێـت کـە لـە شـتێکەوە یـا کەسـێکی نەنـاسراو دەدوێـت، بـۆ جیاکردنـەوەی شـتێك، یـا کەسـێک لـە نێـوان کۆمەڵێکـی وەکـو خۆیدا بەکاردێـت)).[١] وێـڕای ئـەوە، ئـەم نیشـانەیە جگـە لـە نەناسـیاوی کـردن تاکایەتیـش پێشـاندەدات.

سـەبارەت بـە نیشـانەی نەناسـیاوی (ێ) تـا ئیشـتا زۆربـەی نووسـەرانی کـورد لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـوون کـە ((لـە ناوچـەی سلێمانی و موکریان... دا (ێـك) و (ێ) نیشـانەی نەناسـیاوین. هەرچـی (ێ)یـە گومانـی لێناکـرێ کـە کورتکـراوە و تەخفیفـی (ێـك)ە)).[٢] ئـەم نیشـانانەش (ێـك، ێ، ەک) لـە ژمـارەی (یـەک)ەوە کەوتونەتـەوە، هـەر بۆیـەش تاکایەتـی پێشـاندەدەن وەک: دڵـێ، مانگـێ، شـارێ، کەژێ...هتـد، بـۆ نە ناسـیاوی کردنیـش وەک: شـاخێ، کـەژێ، سـەراوێ...هتد.

لـە بەکارهێنانـی ئـەم نیشـانەیەدا ئـەوە ڕووندەبێتـەوە کـە ((کاتێـک نیشـانەی (ێـك) دەکـرێ بـە (ێ)، ئـەوە بـە ڕەوانـی لەسـەر دەسـتوورێکی ڕێکوپێـک دەڕوا و ئـەو لادانـە نامێنـێ کـە لـە بەکارهێنانـی (ێـك)دا دەبینـرێ)).[٣] مەبەسـتی سـەرەکی لـەو وتانـەش ئەوەیـە کـە زۆرجـار

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

٢ ) سەرچاوەی ناوبراو: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆجی (بەشی یەکەم)- ناو- ل٢٠٣.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

(یەک) لە بری (ێك) بەکاردێت، ئەم گۆڕانەش بە زۆری لە ناوچەی سلێمانیدا ڕوودەدات بە تایبەتی ئەوانەی کۆتاییان بە (ە، ۆ، ێ، وو، ی) دێت.

وەک: پەروانەیەک بە بلبلی وا وت کە (بوالفضول)

سووتانە ئیشی ئەهلی مەحەبەت نە هوولە هوول...هتد.

(مەحوی، ل٢٠٦)

- ڕووتەیەک پارچەیەك جلی پێ ئەبڕێ
- بۆی ئەلوێ پێك بێنێ چەپەرە شیرێ

(گۆران، ل٢٥٥)

بەڵام کە نیشانەی (ێ) بەکارهێنرا ئەوا ئەو لادانە نامێنێ. بۆ نموونە: -

- پەروانە، پەروانەیەک، پەروانەیێ.
- گا، گایەک، گایێ.
- موو، موویەک، موویێ.
- ڕی، ڕێیەک، ڕێیێ.
- مراوی، مراوی یەک، مراوییێ.
- پەنجەرە، پەنجەرەیەک، پەنجەرەیێ.

بەڵگە: -

- ڕەقیبە لەعنەتی ی، عاشق دەکەی ڕەجم.
لە باتیی سەگ دەکەی شێرێ سەمەندۆک.

(مەحوی، ل١٩٢)

- بابیێ لە تەرەف قیبلەمەوە دێت وەزانە
یاعەتری هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانە.

(نالی، ل١٠٢)

هەر چاوەییێ کەو و مشک و عەقیمی بڵندی یە
وەک تەبعی من بە نەرمی خۆشی نەغمە زایەوە.

(نالی، ل١٠٩)

- شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ
ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ

(گۆران، ل١١٤)

مێشکێ ئاوا دەردی سک ئەندێشەی بێ
لە ناو دەریای ئیشا گێرە و کێشەی بێ ...هتد.

ئەوەی زیاتر جێی سەرنج بێت، ئەوەیە کە هەندێك جار نیشانەی (ێك، ێ) نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێت، ئەویش لەو کاتەدا، کە نیشانەی (ێک، ێ) تەنها مانای ناسیاوی ببەخشێت، نەک (یەک)، چونکە ئەگەر مانای تاکەیەتی ببەخشێ بە هیچ جۆرێک نیشانەی کۆ وەرناگرێت، هەر بۆیەش (یەک) لەگەڵ نیشانەی نەناسیاوی دەکەوێت. بۆ نموونە:

- زەمانە بەعضە کەسانێ لە پڕ کە هەڵدەبڕێ
ئەوەندەی هەڵدەبڕێتن هەتا لەکەل دەبڕێ.

(مەحوی، ل٣٥٧)

کەس+ ان+ ێ= کەسانێ.

سـەبارەت بـە کرمانجیـی ژوورووی زمانـی کوردیـش تەنهـا لـە حاڵەتێکـدا (ێ) دەردەکەوێـت، ((ئەگـەر نـاوە نەناسراوەکـە جنسـی مـێ بـێ، ئـەوە هەمیشـە نیشـانەی (ێ) وەردەگـرێ، وەک:

مالا ژنەکێ

خەباتا مالەکێ)).[1]

## ٤ـ مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی (ئیزافە) خستنەسەر:

نیشـانەی (ئیزافـە) خستنەسـەر ((بـەوە دەوترێـت کـە دیارخـەر و دیارخـراو بـە یەکـەوە ببەسـتێت و پێوەنـدی وەسـف و خاوەنێتـی و چۆنیەتی...نێوانیـان نیشـاندەدات)).[2]

بەشێوەکی گشتی لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کوردیدا (ی، ە، ...)یـە بـەڵام (لـە هەنـدێ ناوچـەی سۆراندا نیشـانەی (ێ)ش ئیزافـە سـازدەکا، وەک: -

((بابێ شەمار ناکا گێرە

لەسەر سینگی ئەنووم تێرە

چەند گواهە سێ هەند خێـــرە)).[3]

ئەگـەر ناوێـك و ئاوەڵناوێـک بـە نیشـانەی ئیزافـەی (ێ) پێکـەوە بەسـتران، ئـەوا دەتوانـرێ بـە نیشـانەی (ێ)ش ببەسـترێت و هەمـان ڕۆڵ ببینێـت وەک لـەم نموونانـەدا دیـارە.

---

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٣٢٦.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٢.

- ((تووتنی چاک ← تووتنێ چاک.
- قاوەییێ تاڵ ← قاوەییێ تاڵ.
- خانوییێ کۆن ← خانوییێ کۆن)).[1]

سەبارەت بە نیشانەی (ێ) دەبێ ئەوە بووترێت بە پێچەوانەی هەردوو نیشانەکەی دیکە ڕەسەنی مێ نیشاندەدات، بەڵام: ((لە کرمانجیی ژووروودا ئامرازەکانی ژمارە و ڕەسەنی نێوی دیارخرا بە دیار دەخەن)).[2] بۆ نموونە: -

ئایشە گوڵ خوشکێ بابمە.

کەواتە ((لە بەشە دیالێکتی بنگرد، پژدەر، هەولێر، ڕەواندوز، ئامرازی خستنە سەری (ێ) بەو ناوانەوە دەلکێن کە مێن)).[3]

چەند نموونەیەک: -

- ئامین و ئامین، مەر هاتە خوارێ.
- بەپێش بیریان کەت، کیژێ خەزارێ.
- ئامین و ئامین، مەڕ لە چیایە
- بە پێش بیریان کەت، فاتمێ مەلایە.

(چەپکێ هۆنراوە فۆلکلۆری، ل٤٦)

- بابێ شەمار کزەی جەرگم
خواردنم ژەهرە ڕابەرگم
باشی یارێ جوانم مەرگم

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٣٠)

-----------------

١) بڕوانە: ئەحمەد حەسن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٦، ل٨٣ – ٨٤.
٢) د.کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە، بەغدا، ١٩٨٦، ل٣١.
٣) ک.ک.کوردویف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەیی دیالێکتی کرمانجیی خواروو، ل٩٣.

- ژاری ماریَ دەخۆمەوە
وەرە بۆ قەسریَ من.

(مەکەنزی، ل١٦٥، ١٤٢)

نیشانەکانی ئیزافە لە کرمانجیی ژووروودا بریتیین (ا، ە، یَ، ی، یَد، یَت، ین، ...) و ئەوەی مەبەستی باسەکەی ئێمە بێت، تەنها (یَ)یە، کە ئیزافەی دیاریخراوی ژمارەی تاکی جنسی نێر سازدەکات، هەروەها ((لەگەڵ ناوی ڕەسەنی نێردا لە دیالێکتی ژووروودا ئامرازی (یَ) خستنەسەر بەکاردێت، وەک: شەهدیَ مسریَ، کوریَ وی، مەملەکەتی مەلیک شای، شووریَ خوە لە زەمانیَ ویدا)).[1]
بەم جۆرە بۆمان ڕوونبووەوە کە (یَ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بۆ ڕەسەنی مێیە و لە کرمانجیی ژووروشدا بۆ ڕەسەنی نێرە، (یَ) نیشانەی ئیزافە لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا وەک جنسی (نێر) دەچێتە سەر دیارخراوەکە (ەک)ی نیشانەی نەناسیاویی پێوەنەبیَ، وەک:[2]

- ڕابە هەڕە زوو ب بێژ، تاجەدین
گەر دیَ تەستی بە فیَ، مەمیَ زین.

(خانی، ل١٦٨)

لاویَ من، سەریَ میران، وەک چیاییَ بلّند، هەر ب مژو دومان.

(مەمی ئالان، ل٧٧)

-----------------
١ ) هەمان سەرچاوە، ل٩٨.
٢ ) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی (بەشی یەکەم)- ناو- ل٢٤٥.

- خورشیدێ نەخوەش لەسەر کەرێ ڕەش
پاڵدایە وسا خوەش.

(جگر خوێن، ل١٣١)

هەروەها ئەم نیشانەیە لە چەند حاڵەتێکا بە دەردەکەوێت وەک:

أـ ناو+ نیشانەی (ێ) ئیزافە (بۆ نێر)+ جێناوی کەسی جودا لە (دۆخی تیان).

کوڕ+ ێ+ وی = کوڕێ وی.

ب ـ ناو (دیارخراو)+ نیشانەی ئیزافە (بۆ نێر)+ ئاوەڵناو (دیارخەر).

کوڕ+ ێ+ بەژن ڕێکوبڵند = کوڕێ بەژن ڕێکوبڵند.

بێگومان ئەم حاڵەتە بە تەنها لەگەڵ ناودا دەرناکەوێت بەڵکو لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەردەکەوێت، و نیشانەی ڕەسەنی نێر وەردەگرێت، وەک:

١ـ-ئاوەڵناو (دیارخراو)+ نیشانەی ئیزافە+ ئاوڵناوی (دیارخەر).

شین+ ێ+ چاڤێد وێ = شینێ چاڤێید وێ.

٢ـ-ئاوەڵناو (دیارخراو)_ نیشانەی ئیزافە بۆ نێر+ ئاوەڵناو (دیارخراو).

ڕەنگ+ ێ+ ڕۆژازەلال= ڕەنگێ ڕۆژا زەلال.

هەروەها لەگەڵ ئاوەڵکرداریشدا بەم جۆرە دەردەکەون.

١ـ-ئاوەڵکردار (دیارخراو)+ نیشانەی ئیزافە (بۆ نێر)+ ئاوەڵناو (دیارخەر).

جە+ ێ+ خوش و دلڤەکەر= جەێ خوش و دلفەکەر.

٢ـ-ئاوەلکردار (دیارخراو) + نیشانەی ئیزافە (بۆ نێر) + پاشگرێ (ها) بۆ دەستنیشانکردنی (دیارخەر).

ڕەخ+ ێ+ هە = ڕەخی هە... هتد.[١]

لە هەندێ بەشە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، کاتێ ژمارەی بنجی وەک دیارخراو خۆی دەنوێنێ و نیشانەی (ێ)ی خستنەسەر وەردەگرێ، وەک ژمارەی پلەیێ لێدێ، ئەم شێوە پێکهاتنە بە زۆری لەگەڵ ناوی مانگەکاندا دێت وەک: -

((یەکێ گوڵانێ... هتد)).[٢]

## ٥ـ مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی کاتی ڕانەبردووی کردار لە حاڵەتی کارا نادیار:

لە ئاکامی گۆڕینی ڕستەیەکی کارا دیار بۆ کارا نادیار، پێویستە (کارا) لا ببرێت و ئەرکی (کارا) بە (بەرکار) بسپێرێت. ئەمەش ((دەستووری گشتی هەموو زمانێك لە گۆڕینی ڕستەییەکی کارا دیار بۆ کارا بزر بریتییە لە دەرهاوێشتنی کارا و سپاردنی ئەرک بە بەرکار، بەڵام بەرکار هەمان ئەرک و مفهومی خۆی دەمێنێ)).[٣] نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت کە هەر زمانە و خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی بۆ گۆڕینی کارا دیار بۆ کارا نادیار، ئەویش ((چ بە گۆڕینی قاڵبی فرمانەکەی بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی چ بەو ئامراز و وشانەی دەردەکەون یا بە هەردوو پێڕەو)).[٤]

-----------------

١ ) تێبینی: ئەم حاڵەتانە لەم سەرچاوەیە دا وەرگیراوە،
-عبدالوهاب خالید، نیشانێد نێر و مێ– ئیزافە– ل – دیالێکتا کرمانجییا ژووریێ ڕۆژنامەی (هوکاری) ژمارەی (٩٢٤)، لە ١٩/ ١١/ ١٩٨٧.

٢ ) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستە دیالێکتی کرمانجیی و سۆرانی، ل ١٨٩.

٣ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کوردی)). ب (٢٥ – ٢٦)، بەغدا، ١٩٩٤، ل٧٢.

٤ ) د. وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندی یەکانی بکەر نادیار، گۆڤاری، ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژمارە (١٢٩)، بەغدا، ١٩٩٢، ل١٨.

لە زمانی کوردیدا گۆڕینی پێوەندی نێوان بەشە بنجییەکانی ڕستە وەک: (کارا، بەرکار، کردار)...دەبێتە هۆی گۆڕینی قاڵبی کردارەکەش.

ئەوەی زیاتر جێی مەبەستی ئەم باسەی ئێمە بێت تەنها مۆرفیمی (ێ)یە، وەک نیشانە، بۆیە نامانەوێت بە وردی لە کرداری کارا دیار و کارا نادیار بدوێین، تەنها ئەو شوێنانەی مەبەستمانە دەخەینەڕوو.

لە ئەنجامی وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبردووی چاوگ و پێشخستنی (دە، ئە)ی نیشانەی ڕانەبوردووی و زیادکردنی ئامرازی نادیار (ر) و نیشانەی کاتی داهاتووی (ێ)یە کۆتایی کردارەکەوە کارا نادیار لە دەمی ڕانەبوردوو پێکدێت.

بۆ نموونە:

**١ـ بۆ چاوگ ئەلفی (ا): -**

هێنان ← دە/ ئە+ هێن+ ر+ ێ= دەهێنرێ.

کێڵان ← دە/ ئە+ کێڵ+ ر+ ێ= دەکێڵرێ.

شێلان ← دە/ ئە+ شێل+ ر+ ێ= دەشێلرێ...هتد.

**٢ـ بۆ چاوگی واوی (و): -**

چوون ← دە/ ئە+ چوو+ ر+ ێ= دەچوورێ

دروون ← دە/ ئە+ دروو+ ر+ ێ= دەدروورێ

گروون ← دە/ ئە+ گروو+ ر+ ێ= دەگروورێ...هتد.

**٣ـ بۆ چاوگی یائی (ی):**

ماڵین ← دە/ ئە+ ماڵ+ ر+ ێ= دەماڵرێ.

چنین ← دە/ ئە+ چن+ ر+ ێ= دەچنرێ.

بینین ← دە/ ئە+ بین+ ر+ ێ= دەبینرێ...هتد.

**٤ـ بۆ چاوگی دالی (د):**

ناردن ← دە/ ئە+ نێر+ ر+ ێ= دەنێررێ.

ژەندن ← دە/ ئە+ ژەن+ ر+ ێ= دەژەنرێ

خوێندن ← دە/ ئە+ خوێن+ ر+ ێ= دەخوێنرێ ...هتد.

**٥ـ بۆ چاوگی تائی (ت): -**

**کوشتن ← دە/ ئە+ کوژ+ ر+ێ= دەکوژرێ.**

**هێشتن ← دە/ ئە+ هێڵ+ ر+ ێ= دەهێڵرێ.**

**شوشتن ← دە/ ئە+ شۆ+ ر+ ێ= دەشۆرێ...هتد.**

**چەند نموونەیەک: -**

- **شێلم و بروێش تێك هەڵ ئەشێلرێ**
  **چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵ ئەکەنرێ**

**(پیرەمێرد، ل٢٧٣)**

- **پارو و هەتا نە جوورێ، قووت نارێ.**

**(پەندی پێشینان، ل١٣٠)**

- **ئەمووت ئەها هەر ئێستا ئەکوژرێم.**

**(لە خەوما، ل٣٠)**

- **کوڕە نەیەنە پێشەوە ئەکوژرێن.**

**(لە خەوما، ل٣٢)**

**هەروەک لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان ئاشکرابوو، کە ((ێ) نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کردارە لە حاڵەتی کارا بزردا)).[1]**

**هەروەک چۆن کرداری تێنەپەڕی کارا دیار جێناوە لکاوەکان وەردەگرێت بە هەمان شێوە کرداری کارا نادیاریش جێناوە لکاوەکان وەردەگرێت. بۆ نموونە: -**

- **((بینین ← دە/ ئە بین+ ر+ ێ+ م= دەبینرێم**
  **دە/ ئە بین+ ر+ ێ+ ی (یت)= دەبینرێی، دەبینرێیت**

---

١) سەرچاوەی ناوبراو: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، ل٧٩.

- ده/ ئه بین+ ر+ یٚ+ یٚ (یٚت)= دەبینریٚ)).[1] دەبینریٚت
- ده/ ئه بین+ ر+ یٚ+ ین= دەبینریٚین
- ده/ ئه بین+ ر+ یٚ+ ن= دەبینریٚین
- ده/ ئه بین+ ر+ یٚ+ ن= دەبینریٚین
- ده/ ئه بین+ ر+ یٚ+ ن= دەبینریٚین

هـەروەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد، کـە مۆرفێمـی (یٚ) وەک نیشـانەی کاتـی ڕانەبـردوو بـە کۆتایـی کـردارەوە دەلکێت، ئەمیـش یەکێکە لـە دەسـتوورەکانی زمانـی کـوردی، بـەڵام سـەرباری ئـەو دەسـتوورەش هەندێـک جـار حاڵەتـی ڕیزپـەڕ دێتـە ئـاراوە، بـۆ نموونـە:

ڕەگـی کاتـی ڕانەبـردووی (وتـن، گوتـن، لێ)یـەو ڕەگـی کاتـی ڕابوردوویـان (وت، گـوت)ە، کەچـی لـە کارا نادیـاردا دەوتـریٚ (دەگوتـریٚ، دەوتـریٚ) هەمـان شت سـەبارەت بە چاوگـی (ویسـتن وەک: (دەویسـتریٚ)، کـە ڕەگـی کاتـی ڕابـردوو کـراوە بـە بناغـە.[2]

هەروەهـا دەشـیٚ ڕەگـی کاتـی ڕانەبـردووی هەندێك چاوگ بکرێـت بـە کارا نادیـار لـە هەمـان کاتـدا قـەدی ئـەو چاوگـە ڕابوردووانـەش بکرێتـە حاڵەتـی کارا نادیـارەوە، بـۆ نموونـە: -

- هاویشتن ← دە+ هاویٚژ (ڕەگی ڕانەبوردوو)+ ر+ یٚ = دەهاویٚژریٚ.
- هاویشـتن ← دە + هاوێشـت (قـەدی چـاوگ، کاتـی ڕابـوردوو)+ ر+ یٚ = دەهاوێشـتریٚ.

هەروەها: -

- خواستن ← دەخوازریٚ (ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو).

-----------------
١ ) تێبینی: لەبەر ئەوەی دوو بزوێن پێکەوە نایەت بۆیە یەکێک لەو بزوێنانە تێچووە.
٢ ) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، ل٨١.

- خواستن ← دەخواسترێ (قەدی چاوگ، کاتی رابوردوو).
- خستن ← دەخرێ (ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو).
- خستن ← دەخسترێ (قەدی چاوگی، کاتی ڕابوردوو).

هەندێکجار گۆڕانی فۆنەتیکی ڕوودەدات، ئەگەر کردارەکە کۆتایی بە دەنگی (ە) یاخود (ێ) هاتبێ، ئەوە لە حاڵەتی کردنی بە کارا بزر دەبێ بە بزرۆکە (i) یاخود تێدەچێت.[1] ئەمیش ڕیزپەڕە، بۆ نموونە: -

تان ← دە+ نێ+ ر+ ێ = دەنێرێ.
- بردن ← بە ← دە+ بە+ ر+ ێ= دەبرێ...هتد

ئەو چاوگە تێنەپەڕانەی بە هۆی پێکهێنەری (اندن)[2]ەوە دەکرێن بە تێپەڕ بە هەمان شێوە دەکرێت بە کارا نادیار,[3] بۆ نموونە: ڕەگی ڕانەبوردووی هەردوو جۆری تێپەر و تێنەپەڕی (ڕژان، ڕژاندن، ڕژێن)، بۆیە لە حاڵەتی کارا بزردا دەبێت بە (ڕژێنرا، دەڕژێنرێ). بۆ نموونە: -

- سووتان ← سووتاندن ← سووتێن ← سووتێنرا ← دەسووتێنرێ.
- لەرزین ← لەرزاندن ← لەرزێن ← لەرزێنرا، دەلەرزێنرێ.
- خەوتن ← خەواندن ← خەوێن ← خەوێنرا، دەخەوێنرێ.
- مردن ← مراندن ← مرێن ← مرێنرا، دەمرێنرێ.

هەروەک لە سەرەتادا وتمان بۆ گۆڕینی کارا دیار بۆ کارا نادیار، دەبێ کارا لابرێت و دیار نەبێت ((بەڵام لە زمانی کوردیدا حاڵەتی

------------------

١ ) بروانە: سەرچاوەی ناوبراو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، ل٨٤.
٢ ) (اندن)– (ن) نوونی چاوگە و (د) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە (ان) لێرەدا مۆرفیمی تێپەڕاندنە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مستەفا زەنگەنە، پێکهێنەرەکانی (اندن) و ئەرکەکانیان، گۆڤاری ((کاروانی ئەکادیمی))، هەولێر، ١٩٩١، ل٧٥.
٣ ) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، ل٩٠-٩١.

ئەو تۆ بەرچاو دەکەوێ، کە بە ڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ ئەویش بە یاریدەی دەستەواژەی وەک (لەلایەن... وە، لە ڕێگەی...وە، بەهۆی...ەوە...هتد))).[1]

بۆ نموونە: بە یاریدەی (لە لایەن...ەوە) وەک:

- ئازاد لە لایەن نەوزادەوە دەنێردرێ.
- ئازاد لە ڕێی نەوزادەوە دەنێردرێ.
- ئازاد بە هۆی نەوزادەوە دەنێردرێ.

بە یاریدەی پاشبەندی (بە. لە...) وەک:

وڵات بە سەرباز دەپارێزرێ.

باج لە دەوڵەمەندی دەستێنرێ.

زانیاری لە کتێب وەردەگیرێ...هتد.[2]

سەبارەت بە حاڵەتی کارا نادیار کردار لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا یەکناگرنەوە، چونکە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی (ر) ئەو دەورە دەبینێ. بەڵام لە دیالێکتی کرمانی ژووروودا حاڵەتی کارا نادیاری کردار بە هۆی کرداری تێنەپەڕی یاریدەدەری (هاتن) ەوە دەردەبڕدرێت، کە دەکەوێتە پێش کرداره سەرەکییه تێپەڕەکەوە و گەردانیشدەکرێت بەڵام کرداره سەرەکییەکە گەردان ناکرێ و لە شێوەی چاوگیدا دەمێنێتەوە،[3] بۆ نموونە: -

- هاتن گرتن.
- هاتن کوشتن...هتد.

---

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٩١.
٢ ) هەمان سەرچاوە، ل٩٢.
٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

لە هەندێ بەشە دیالێکتدا نیشانەی (ێ)ی دۆخی ناڕاستەوخۆ (تیان) وەردەگرێ. بۆ نموونە:

- هاتن گرتنێ.
- هاتن کوشتنێ...هتد

خۆ گونجاندنی مۆرفیمی (ێ) لەگەڵ ئامرازی (لە)دا:

لە ئەنجامی یەکگرتنی ئامرازی (لە) و مۆرفیمی (ێ)، (لێ) دێتە ئاراوە، لەبەر ئەوەش، کە کۆتایی (لە) بزوێنە و لە (ێ)ی بزوێن بێهێزترە، بۆیە لەکاتی لێکداندا دەتوێتەوە و نامێنێ، تەنها شێوەی (لێ) وەردەگرێت، تایبەتێتی ئەم (لێ)یە ئەوەیە کە جێناوە کەسییە لکاوەکانی بە تاک و کۆیانەوە وەردەگرێت.[1] بۆ نموونە: -

- لێ+ م ← لێم.
- لێ+ ی ← لێی.
- لێ+ ت ← لێت.
- لێ+ مان ← لێمان.
- لێ+ یان ← لێیان.
- لێ+ تان ← لێتان.

چەند نموونەیەک:

- ئەوسا فریشتە دێتە سەرینم
  تا لێم بپرسن ڕێگای ئایـــنم.

(دیوانی پیرەمێرد، ل١٦٧)

------------------

١ ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامی، ئامرازی (لە) لە تەرازووی بەراوردا، گۆڤاری ((کاروان))، ژمارە (٣٨)، بەغدا، ١٩٨٥، ل٢٦.

- تۆ بی هەموو جیلوەی جوانیت
لێم خۆش بە دڵم ڕەنجانیت

(گۆران، ل٤٠)

- (جەوو)، لێی ئەتکێ، شادمانی
بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانیی

(گۆران، ل٤٠)

دەبێ سەبارەت بە (لێ)ئەوەش بووترێت، کە ((ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو جێگیرکرا پێشبەندی (بە) دەبی بە (پێ) و (لە) دەبێ بە (لێ)...)).[1]

- تۆ کتێبەکانت لە ئەوان وەرگرت.

دەبێتە:

- تۆ کتێبەکانت لێ وەرگرتن.
- ئێمە قسەکە بە تۆ دەڵێین.

دەبێتە:

- ئێمە قسەکەت پێ ئەڵێین... هتد.

-----------------
١) د. وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، بەغدا، ١٩٨٦، ل١٩.

## ٦ـ مۆرفێمی (ێ) وەک جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک:

جێناو وەک بەشێکی سەربەخۆی زمان لە ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، چونکە زۆر بەکاردەهێنرێت: ((جێناو لە ڕووی واتاوە دابەش دەبێ بەسەر چەند جۆرێکدا ئەو جۆرانە لە ڕووی خاسیەتی ئەو پیوەندییە جیادەبنەوە کەوا هەندێ گرووپی جێناو دەگەیەنن)).[1]

تا ئێستا (دە) جۆر جێناو دیاریکراوە، بەڵام ئەوەی بەلای باسەکەی ئێمەوە گرنگ بێت (جێناوی کەسی)یە، ئەم جێناوەش دابەش دەکرێت بەسەر دوو بەشی سەرەکی یەوە:

١ـ جێناوی کەسی جودا.

٢ـ جێناوی کەسی لکاو.

جیناوی کەسی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بریتییە لە دوو گرووپ، گرووپی یەکەمیان – (م، ت، ی، مان، تان، یان) کە زۆر بە هێزە و ڕێزماننووسانی کورد لەسەری مشتومڕیان نییە، گروپی دووەم بریتییە لە دوو دەستە، دەستەی یەکەم (م، یت، ات، ێت، ین، ن، ن) و دەستەی دووەم (م، یت، f، ین، ن، ن).

کەواتە لە بناخەدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک بریتییە لە (ات، ێت) بەڵام هەندێک جار (ێت) کورتدەکرێتەوە و لە شێوەی (ێ) خۆی دەنوێنێت، ئەم جێناوە بۆ کەسی سێیەمی تاک کاتی ئێستا و داهاتوو بەکاردێ، جا با کردارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ، هەروەها دەبێ ئەوەش بووترێت کە ((گەر فرمانەکە لە کاتی داهاتوودابوو...چ تێپەڕ بێ چ تێنەپەڕ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەرا)).[2] دەستەی سێیەمی لەگەڵدا دەردەکەوێت.

-----------------

١ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی– بەرگی یەکەم (وشە سازی) بەشی دووەم– جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ل٧٨.

٢ ) سەرچاوەی ناوبراو، د. وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ل١٠.

بۆ نموونە: کەسی سێیەم دەبێ بە (ات) وەک: -

دەخۆم– دەخۆیت– دەخوات– دەخۆین– دەخۆن– دەخۆن.

- دەڕۆم– دەڕۆیت– دەڕوات– دەڕۆین– دەڕۆن– دەڕۆن.

(لەگەڵ کرداری تێنەپەڕدا دێت) وەک:

- دەچم– دەچی– دەچێت– دەچین– دەچن– دەچن.
- دەمرم– دەمری– دەمرێت– دەمرین– دەمرن– دەمرن.
- دەبم– دەبی– دەبێت– دەبین– دەبن– دەبن.

دەشێت لە هەمان کرداردا (ت)ی (ێت) لاببرێت و بە تەنها (ێ) بمێنێتەوە، وەک:

- دەچم– دەچی– دەچێ– دەچین– دەچن– دەچن.
- دەمرم– دەمری– دەمرێ– دەمرین– دەمرن– دەمرن.
- دەبم– دەبی– دەبێ– دەبین– دەبن– دەبن

دیسان دەشێت جێناوی (ێ) لەگەڵ کرداری تێپەڕیشدا دەرکەوێت، وەک: -

- دەنووسم– دەنووسی– دەنووسێ– دەنووسین– دەنووسن– دەنووسن.
- دەنێرم– دەنێرێ– دەنێرێ– دەنێرین– دەنێرن– دەنێرن.
- دەفرۆشم– دەفرۆشی– دەفرۆشێ– دەفرۆشین– دەفرۆشن– دەفرۆشن.

دەشێ ئەو کردارە تێپەڕانەی سەرەوە بە (ێت)یش کۆتاییان بێت، وەک:

- دەنووسێت.
- دەنێرێت.
- دەفرۆشێت.

خاڵێکی گرنگ، کە نابێت لە یاد بکرێت، ئەوەیە، ئەو کردارانەی کۆتاییان بە (وو)ی بزوێن بێت، زۆر بە ڕوونی جێناوی (ێ) وەردەگرن، وەك: -

دەنووم- دەنوویت، (دەنوێ، دەنوێت)- دەنووین- دەنوون- دەنوون. (((نوو) ڕەگی داهاتووی (نووستن)ە. لە ڕووی جۆرەوە (تێنەپەڕە) لە ڕووی کاتەوە (داهاتووە))).[١]

لە هەندێک حاڵەتیشدا مەرجە (ت) لەگەڵ (ێ)دا دەرکەوێت، و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لاببرێت، وەک:

أـ جێناوی (ێت) لە کاتێکدا بەکاردەهێنرێت ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی ئامرازی پێوەندی (ە) بێت. ئەمیش بە هۆی ئەوەوەیە لە ڕێکەوتی زمانی کوردیدا وا دەخوازیت، کە دوو بزوێن پێکەوە نەیەن، بۆیە ناتوانرێت (ت) لا ببرێت، بۆ نموونە:

- ڤیان دەچێتە هەولێر...هتد.

بەڵام ئەگەر فرمانەکە کۆتایی بە (ێ) هاتبێت، ئەوا (ێ) یەک تێدەچێت و تەنها (ت) دەمێنێتەوە، وەک:

- دەنووسرێ + ێت – ێ = دەنووسرێت.
- دەفرۆشێ + ێت – ێ = دەفرۆشرێت.
- دەخوێنرێ + ێت – ێ = دەخوێنرێت...هتد

سەبارەت بە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووش دەتوانین بڵێین ((هەندێك جار (ێ) بەکار نایەت، بەڵکو دەچێتە وێنەی ئەو بزوێنە کورتەی وێنەی نییە لە عەرەبیدا و (i)ی بۆ بەکاردێت لە نووسینی لاتینیدا و ئەوەی ئیشارەت بۆ کەسەکە دەکات (ت)یە وەک:

دەچت، دکەت، نفیست...هتد.)).[٢]

------------------

١) هەمان سەرچاوە، ل١١.

٢) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٥٠.

## ٧ـ مۆرفێمی (ێ) وەک کۆتایی جێناوی کەسی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد، کە ڕەسەنی نێر و مێ لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا زۆر بە ئاشکرا دیارە و تا ئێستاش بە بەردەوامی پێڕەو دەکرێت، بە پێچەوانەوەش لە دیالێکتی خوارووودا بەرەو نەمان و تێچوون چووە، لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت. وەک باسکرا.

ئەم ڕەسەنی نێر و مێیە تەنانەت لە جێناوەکانیشدا پێڕەو دەکرێت، بە گوێرەی ڕەسەن و دۆخ لەم دیالێکتەی زمانی کوردیدا جێناوی کەسی جودا دەکرێت دوو بەشەوە، لە دیاریکردنی ئەم دوو بەشە دۆخ دەوری سەرەکی خۆی دەبینێت، بۆ نموونە: لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بۆ کەسی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی تاک (ئەز، تو، ئەو) بەکاردەهێنرێ، وە بۆ کەسی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی کۆ (ئەم، هوون، ئەو، ئەوان) بەکاردێت، لە دۆخی ناڕاستەوخۆشدا بۆ کەسی (یەکەم، دووەم، سێیەم) ی تاک (من، تە، (ئەوی، وێ) بومێ (ئەوی، وی) بۆ نێر بەکاردێت، بۆ کەسی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی کۆش (مە، وە، ئەوان، وان) بەکاردەهێنرێت.

واتە لە کەسی سێیەمی تاک بۆ ڕەسەنی مێینە (ئەوێ، وێ) بەکاردەهێنرێت، کە ئەم (ێ) یەش دیاریکردنی ڕەسەنی مێیە لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا، بۆ ڕەسەنی نێریش (ئەوی/ وی) لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بەکاردێت، کە بەرانبەر (ئەو)ی دیالێکتی کرمانجیی خوارو و دەوەستێت. ((فۆرمی ئە(وێ) و ئە(وی) دۆخی ناڕاستەوخۆ لە باخەی (ئەو) و (ێ) ی نیشانەی جنسی مێ و (ی) نیشانەی جنسی نێر ساز بووە)).[1]

---

١ ) سەرچاوەی ناوبراو، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم- وشەسازی (بەشی دووەم)- جێناو- ل٨٥.

چەند نموونەیەک:

- لەو ژ عیشقا وێ دنالن بازن و بەرگ و وەرەق.
جەز بەیا د ل من ژ رەمزا وان کە هایێ ڕاست و چەپ.
- وەعدە دا بوو دی شەهیدکم وێ بشیرێ خۆی شەریف
مانەبێ ئیرۆ پەشیمان ئەو ژ تە دبیرا صەواب.

(جزیری، ل٩٧ – ٩٠)

- وێ ئاگرەک بەردا لەشی
قەد من نەمان حال و خۆشی

(مەلای باتەیی، ل٨٠)

- ئەوێ دگوت ((ژمن ڕاستە عرو شەمە قیابینە، کراسێ هەوریشمی بینە.(کوردو، ل٣٣_ ٣٤)

جێناوی کەسی جودای دۆخی ڕاستەوخۆش لەم دیالێکتەدا بریتییە لە (ئەز، تو، ئەو) بۆ تاک و (ئەم، هوون، ئەوان) بۆ کۆ بۆ ڕەسەنی نێرینە (ی) هەندێکجاری دیکە جێناوی کەسیی جودا، کە لەگەڵ کرداری کاتی ڕابوردوو و ئایندەی ڕێژەی ئیخباریدا یان ئایندەی ئینشائیدا دێت، نیشانەی (ێ)وەردەگرێ.)).[1] بۆ نموونە: -

- گۆت : ((چەند ڕۆژا شووندا ئەزێ ژ تە ڕا بێژم)).

(کوردۆ، ل٤٥)

- ئەزێ بان کم جێری و خولامانە.

(مەمێ ئالان، ل٤٩)

- تویێ بزانیی چ کارا تەوی هەیە.

(کوردۆ، ل٣٩)

-----------------
١) هەمان سەچاوە، ل٨٦ .

**٨ـ مۆرفێمـی (ێ) وەک نیشانەی بچووککردنەوەی بۆ ناوی تایبەتی مێینە:**

سەرەڕای ئەوەی، کە (ێ) دەوری بچووککردنەوەی ناو دەبینێت، بەڵام پێمان وایە ئەو (ێ)یە هەمان نیشانەی مێینەیە دەچێتە سەر ناوی مێ و بچووکیدەکاتەوە. ئەوەی زیاتر پشتگیری ئەم بۆچوونەمان بکات، ئەوەیە کە (ێ) بۆ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی نێرینە بەکار نایەت، دەتوانین ئەم نموونەیە بکەینە بەڵگە: (خورشیدە) کە ناوی مێینەیە لە بچووککردنەوەدا دەبێت بە (خورشێ) و (خورشید) کە ناوی تایبەتی نێرینەیە دەبێت بە (خوشە).

دەبێ ئەوەش بوترێت کە ئەم نیشانەیە ناوی کوردی و ناوی بێگانەش بە هەمان شێوە کورتدەکاتەوە، لە پاش فڕێدانی چەند فۆنێمێک و زیادکردنی نیشانەی (ێ)، ئەم بچووککردنەوەیەش بۆ خۆشەویستی و نازی ئەو کەسە بەکاردیت کە ناوی دەبات.

بۆ نموونە: -

- شاناز ← شانێ.
- خورشیدە ← خورشێ.
- فاطمة ← فاتێ.
- أمنة ← ئامێ.
- خديجة ← خەجێ (و هەندێک جاریش بە (ئەجێ) بەکاردێت)... هتد.

## ٩ـ مۆرفێمی (ێ)ی جێگری پێشبەند (پریپۆزیشن):

پێشبەند (پریپۆزیشـن)، بەشێکە لـە بەشـەکانی ئاخاوتـن، کـە ڕواڵەتـی سـەربەخۆی هەیـە واتاکـەی لە پاڵ وشـەی دیکـەدا دەردەکەوێت پەیوەندی نێوانـی نـاو و ئاوەڵناوەکانـی لەگـەڵ بەشـەکانی دیکەی ئاخاوتـن پێکدێنێت لە داڕشتنی ڕستەدا.[1]

لـە زمانـی کوردیـدا زۆر جار بۆ مەبەسـتی کورتـی و دووبارەنەکردنەوەی هەنـدێ لـە بەشـەکانی ڕسـتە بـە پێشـبەند جێگـر دەکـرێ و مۆرفێمـی (ێ) توانسـتی جێگرکردنـی پێشـبەندی (بـە، ە)ی هەیـە، وەک:

(ئـەوان کتێبەکەیـان دایـە مـن.)- ئـەوان کتێبەکەیـان دامـێ.)، لـە کاتـی بچووککردنـەوەی ڕستەشـدا بۆ سـنووری وشـە قاڵبـی (ێ) وەردەگرێ وەک (دایانمـێ) و ئەگـەر ((دوو بزوێنـی (ە) و (ێ) لـە نێوانیانـا دەرکـەوت و بـوو بـە (بدەیـێ). لـە هەنـدێ شـێوەدا لـە جیاتـی ئـەم (ی) بـە (ر) دەردەکـەوێ و دەبێتـە: کتێبەکـەم بـدەرێ)).[2]

ئێسـتاش هەنـدێ یاسـا دەخەینـە بەرچـاو کـە دەوری جێگـری پێشـبەندی (ێ)یـە یەکاڵادەکاتـەوە و تایبەتیەکانـی پێشـاندەدات.

- لەگەڵ کرداری داخوازیدا:

ب+ بەرکاری ناڕاستوخۆ+ ڕەگ+ بکەر+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.

پارەکان بدەن بە ئێمە ← پارەکانمان بدەنێ ← بماندەنێ.

- لەگەڵ کرداری ڕابوردوودا:

کار+ بکەر+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.

ئەوان بەردەکەیان گرتە من ← ئەوان بەردەکەیان گرتمێ ← گرتیانمێ.

-----------------

١ ) سەرچاوەی ناوبراو- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، ل٣٠٩

٢ ) د. وریا عومەر ئەمین، پاشبەندەکان، بەغدا، ١٩٨٦، ل١٨٦.

- لەگەڵ کرداری ڕانەبوردوودا:

دە+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ڕەگ+ بکەر+ (یٚ)ی جێگری پێشبەند.

پارەکان دەدەن بە ئێمە ← پارەکانمان دەدەنێ ← دەمان دەنێ.

ئەگەر بە وردی سەرنجێک بدەینە ئەو نموونانە، دەبینین بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای کردارەکەوە و ڕیزبوونی و لکانی جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەگۆڕی، بە پێی جۆری کردارەکان لە ڕووی کات و داڕشتنەوە.

١ـ لەگەڵ کرداری ڕابووردووی تێپەڕدا: -

أـ لەگەڵ کرداری ڕابووردووی تێپەڕدا ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیرکرا (ە، بە) دەبێ بە (یٚ) و ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا بوو، ئەمە ڕیزبوونەکەیتی.

بەرکاری ڕاستەوخۆ+ بکەر+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ (یٚ)ی جێگری پێشبەند.

پارەکەم دابە ئێوە ← پارەکەم دایٚ

ب ـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیر کرا و لەم پلەیەدا خۆی تێدەچێت و نامێنێ و ڕیزبوون بەم جۆرە دەبێ:

ڕەگ+ بکەر+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ (یٚ)ی جێگری پێشبەند.

پارەکەم دانێ ← دابنێ.

ج ـ جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاک بە دیار ناکەوێ و ڕیزبوون بەم جۆرەیە: -

کار+ بکەر+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (f) + (یٚ)ی جێگری پێشبەند.

بەردم گرتە چۆیلەکە ← بەردم گرتێ ← گرتمێ.

٢ـ لەگەڵ کرداری ڕانەبرووی تێپەڕدا: -

أـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا هەبوو، ڕیزبوون بەم جۆرەیە:

بەرکاری ڕاستەوخۆ+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کار+ بکەر+ (ێ)ی جێگری پێشبەند

من پارە دەدەم بە ئێوە ← پارەتان دەدەمێ.

ب ـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا نەبوو- لابرا- ڕیز بوون بەم جۆرەیە: -

دە+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ ڕەگ+ بکەر+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.

پارە دەدەم بە ئێوە ← پارەتان دەدەمێ ← دەتان دەمێ.

٣- لەگەڵ کرداری داخوازیدا: -

أـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا هەبوو ڕیزبوون بەم جۆرەیە:

بەرکاری ڕاستەوخۆ+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ ب+ کار+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.

پارە بدەن بە ئەوان ← پارەیا بدەرێ.

ب ـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا نەبوو- لابرا- ڕیز بوون بەم جۆرەیە: -

ب+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کار + (ێ)ی جێگری پێشبەند.

پارەیان بدەرێ ← بیان دەرێ.

لە نموونەکانی پێشوو، بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە هەرسێ کاتەکەدا، کرداری تێپەڕمان بەکارهێناوە، بەڵام ئەگەر سەرنجێ لە کاری تێنەپەڕیش بدەین ئەوەی بەرچاو دەکەوێت بەم شێوەیە:

**أ- کرداری داخوازی: -**

**ب+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ ڕەگ+ بکەر+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.**

**بگەن بە من ← بمگەنێ.**

**ب - کرداری ڕابردوو: -**

**کردار+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ بکەر+ (ێ) جێگری پێشبەند.**

**گەیشتن بە من ← گەیشتمنێ.**

**ج - کرداری ڕانەبووردوو: -**

**دە+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ ڕەگ+ بکەر+ (ێ)ی جێگری پێشبەند.**

**دەگەن بە من ← دەمگەنێ.**

**واتە- پێشبەند دەکەوێتە پێش بەرکارەوە، بەڵام کە بەرکار کەوتە دوای کارەکەوە (ێ)ی جێگری پێشبەند دەکەوێتە دوای بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ڕیزبوون بەم جۆرەیە: -**

**کردار+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ (ێ)ی جێگری پێشبەند...**

**پارەکەمدا بە ئەوانەن ← پارەکەم دانێ ← دامنێ.**

**بەردم گرتە تۆ ← بەردم گرتیتێ ← گرتمیتێ[1]**

------------------

١ ) بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە: مەحموود فەتحوڵلا، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٨٨، ل١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣.

### ١٠ـ مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی پلەی ژمارە:

لـە هەنـدێ بەشـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروودا بـۆ سـازکردنی ژمـارەی پلەیـی، نیشـانەی (ێ) دەخرێتـە سـەر ژمـارەی بنجی لـە پێکهێنانی ئـەم فۆرمـەدا هەمیشـە جێنـاوی (یـا) بـۆ تاکـی مـێ و (یـێ) بـۆ تاکـی نێـر و (یێـد/ یێـت) بـۆ کـۆ بـەکار دێـنرێ.وەک: -

| | |
|---|---|
| یا یێکێ<br>یا سێیێ | بۆ تاکی مێ |
| یێ یێکێ<br>یێ سێیێ | بۆ تاکی نێر |
| یێد<br>یێت<br>سێیێ | بۆ کۆ[1] |

------------------

١) بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو: ک.ک. کوردۆییڤ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی و سۆرانی، ل١٩٤.



# بەشی سێیەم

# مۆرفیمەکانی (ێ) وەک وشەدارێژ



## بەشی سێیەم: مۆرفێمەکانی (ێ) وەک وشەدارێژ

### ١ـ مۆرفێمی (ێ) وەک پاشگر (Suffixes):

ئاشکرا و ڕوونە، کە وشەی هەر زمانێک چەندە زۆربێت لە دوو تووێی فەرهەنگێکدا جێی دەبێتەوە، پێویستی ژیانیش ئەوە دەخوازێت، کە وشەی نوێ بێتە ئاراوە. لە ئەنجامی ئەم پێویستییەشدا وشەکانی زمان توانستی ئەوەیان هەیە لەگەڵ یەکدی یەکبگرن وشەی نوێ بۆ مانا و مەبەستی نوێی دیکە بێننە کایەوە.

پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا بۆ داڕشتنی وشەی نوێ ڕۆڵی گرنگ دەبینن و بێشوومار یاریدەی ڕۆنانی وشە دەدەن، ئەوەی زیاتر جێ مەبەستی ئێمە بێت پاشگرە و بە تایبەتی، چونکە مۆرفێمی (ێ) وەک پاشگر لە کاردایە و لە شێوەی پێشگردا نییە.

((پاشگر))[١] بەو بەشە دەگوترێت، کە بە تەنیا واتای نییە و بەکارنایێت و دەکەوێتە پاش بناخەی وشە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە، ئەم پاشگرانەش وەک هەموو بەشەکانی تری زمان لە پڕ دەرنەکەوتوون، بەڵکوو بەرە بەرە و بە پێی پێویستی و لەسەر بناخەی زمان و لە زمانەکەوە هەڵقوڵاون و لە بنەڕەتدا لە وشەی سەربەخۆ وەرگیراون، واتە لە کۆندا واتای سەربەخۆ و تایبەتی یان هەبووە بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکارهێنانیانەوە وردە وردە ئەم شێوە تازەیەیان وەرگرتووە.[٢]

کەواتە پاشگر: ((کە بە لاتینی بە (Suffixes) ناسراوە، ئەو

---

١) بڕوانە: د. نەسرین فەخری، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد) بەشێ یەکەمی بەرگی سێیەم، بەغدا، ١٩٧٥، ل٢٠١.

٢) بڕوانە: د. نەسرین فەخری و مارف خەزنەدار و حافز مستەفا قازی، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەی، ١٩٧١، ل١٨.

مۆرفێمەیـە کـە بـە کۆتایـی بناغـەی وشـەوە دەنووسـێ و ڕواڵـەت و ناوەڕۆکـی وشـە دەگۆڕێـت و دەوری ڕۆنانـی وشـە دەبینـێ)).[1]

پاشـگریش توانسـتی گۆڕینـی وشـەی هەیـە لـە بەشـێکی ئاخاوتنـەوە بۆ بەشـێکی دیکـەی ئاخاوتـن، واتـا، نـاو دەکات بـە ئاوەڵنـاو، وەکو (کـرم) کە نـاوە. دەیـکات بـە ئاوەڵنـاو (کرمـێ) یـان بـە پێچەوانـەوە ئاوەڵنـاو دەکات بـە نـاو وەکـو (سـەوز) ئاوەڵنـاوە دەبێـت بـە (سـەوزێ) کـە ناوە...هتـد

ئـەوەی زیاتـر جێـی مەبەسـتی ئێمـە بێـت، مۆرفێمـی (ێ)یـە وەک پاشـگرێک دەوری ڕۆنانـی وشـەی نـوێ دەبینـێ بـۆ مانـا و مەبەسـتی نـوێ دیکـە وەک: -

**أـ (ێ) بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:**

١ـ ناو+ پاشگری (ێ)= ناوێکی داڕێژراو.

پرد+ ێ= پردێ.

بۆ نموونە:

- پردێ، کەوتۆتە نێوان شاری کەرکوک و هەولێرەوە.
- پردێ، شارێکی دڵڕفێنە.
- دۆڵ+ ێ= دۆڵێ.

بۆ نموونە: -

- ئازاد بەرەو دێـی دۆڵێ کەوتە ڕێ.
- دێـی دۆڵێ قەشەنگە.
- سۆز+ ێ= سۆزێ.

-----------------

١) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٣٦.

بۆ نموونە: -

- چاوی سۆزیێ ی کچی خوشکم جوانە.
- سۆزیێ کچێکی هێمن و زیرەکە.
- ناز+ یێ= نازیێ

بۆ نموونە: -

((کە چۆن نازیێ ی نارد بە دووی مامانەکە داو خۆی نەچوو بە فڕکانێ سواری عەرەبانەیەکی بکاو بیهێنێت)).

(ژانی گەل، ل١١)

- نازیێ کتێبی ڕێزمان دەخوێنێتەوە...هتد

٢ـ ئاوەڵناو+ یێ= ناوێکی داێژراو.

بۆ نموونە:

کاڵ+ یێ= کاڵیێ.

- ((بەسە تخوا کاڵیێ گیان)).

(ژانی گەل، ل١٠)

- ((چۆن تا ئێستا بچیێ؟! ئەی کاڵیێ بە دیار کێوە بە جێ بهێڵیێ بە دەم ئازاراوە گەوز بدات بە تەنیا)).

(ژانی گەل، ل١٠)

ئەسمەر+ یێ= ئەسمەریێ.

- ((ئەو کانی یەکەی لە سێبەریێ.
بە خۆم لیێ دا بە خەنجەریێ
کیێ ئاو لیێ برد زەردەسمەریێ)).

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٦٢)

سوور+ پاشگر (ێ)= سوورێ.

- سوورێ کچێکی زیرەکە.
- سوورێ ی خوشکم باڵا بەرز و جوانە.

**ب ـ پاشگری (ێ) بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو.**

- ناو+ پاشگری (ێ)= ئاوەڵناوی داڕێژراو.

کرم+ ێ= کرمێ

بۆ نموونە: -

- پیاوەکە دڵێ کرمێ بوو.

**ج ـ پاشگری (ێ) بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری داڕێژراو.**

ناو+ پاشگری (ێ)= ئاوەڵکرداری داڕێژراو.

بەهار+ (ێ)= بەهارێ.

بۆ نموونە: -

- ((وەک جۆگەلەی لە بانان
وەک ڕووباری بەهارێ)).

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل١٩١)

هاوین + پاشگرێ (ێ) = هاوینێ

بۆ نموونە: -

- ((بایێ شەمار بە هاوینێ
دەیدا لەرەندەی جۆ خینێ
خەو خۆشە لەگەر ئامینێ)).

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل٢٩)

شەو+ پاشگری (ێ)= شەوێ.

بۆ نموونە: -

- ((دەستم دەدا تفەنگێ

لە محەلی نیوە شەوێ

هەرم دەستاند لە خەوێ)).

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، ل١٨٩).

ئەم پاشگرە- (ێ) لە کرمانجیی ژووروووشدا بە هەمان شێوە دەچێتە سەر ناو و دەیکاتە ئاوەڵکردار وەک:

- ناو+ پاشگری (ێ)= ئاوەڵکرداری دارێژراو.

شەڤ+ ێ= شەڤێ.

بۆ نموونە:

- شەڤێ چوومە لای نەسرینێ.

(ئێڤارێ، سبەهێ...)

بۆ نموونە:

- ((...ژ ئێڤارێ هەیانی سبەهێ ل دۆرا قەسرا مەمێ نۆبەتێ بگرن))

(مەمێ ئالان، ل٤٢)

## ٢ـ مۆرفێمی (یَ) وەک ئینتەرفێکس (Interfixus)

ئینتەرفێکس چۆن لە هەندێ زمانانی جیهاندا هەیە، هەروەها لە زمانی کوردیشدا دەبینرێ و لەم زمانەدا دەورو تایبەتێتی خۆی دەبینێ.

ئینتەرفێکس ئەو مۆرفێمە بەندانەیە، کە بەتەنیا مانایان نییە و دەرناکەون، بەڵام لەگەڵ مۆرفێمی سەربەست دەردەکەون، بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراوی تازە و دوو مۆرفێمی سەربەست لێکدەدەن. هەروەها پێیان دەوترێت مۆرفێمی پەیوەندی.

لە زمانی کوردیدا مۆرفێمی (یَ) وەک ئینتەرفێکس دەردەکەوێت و دەور دەبینێت[١]* بۆ نموونە:

- مۆرفێمی سەربەست+ ئینتەرفێکس (یَ)+ مۆرفێمی سەربەست = وشەی لێکدراو.

پیر+ ئینتەرفێکسی (یَ)+ ژن = پیرێژن

بۆ نموونە: -

- ((یەک دوو بچکۆڵە و دوو سێ پیرێژن

بەکاسەی دۆوە، بەرەو پیر هاتن))

(دیوانی گۆران، ل١٤٢)

((مونەججیم عومری ضایع بوو لە بەخت و فیکری ئەفلاکا کە پیرێژن هەمیشە هەر لە ئەحواڵی خەرەک دەدوێ)).

(مەحوی، ل٣١٣)

((ئەمڕۆ وا بورجی پیرێژنانە

لە هەموو لایە سەهۆڵ بەندانە))

(پەندەکان پیرە مێرد، بەرگی چوارەم، ل٢١٨)

---

١ * تێبینی: سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێن، کە تائێشتا هیچ ڕێزمان نووسێکی کورد وەک ئینتەرفێکس، ئاماژەی بۆ ڕۆڵی (یَ) نەکردووە.

پیر+ ئینتەرفێکسی (ێ)+ دێو= پیرێ دێو.

- ((خورشە هەرکە پیرێ دێوی، بە توندی وتی:...))

(تەوفیق وەهبی (قواعد اللغة الكردية) بەشی چیرۆک، ل١٠١)

بۆر+ ێ+ زە= بۆرێزەن[(١)**]

- مام عودوڵا بۆڕێزەنێکی باش بوو.

## ٣ـ مۆرفێمی (ێ) وەک ناوگر: (Infix)

زاراوەی (ناوگر (لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Infix) ئەم زاراوەیەش لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە بریتییە لە (in) بە مانای (تێ، تێرا...) و (Figer , Fix) بە واتای (گرتن، پێکەوە نووسان، ...) کەواتە ناوگر بریتییە لەو دەنگەی ناو ئاخنی وشە دەسمێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشەکە، بۆ واتا و مەبەستێکی نوێ دیکە، بۆ نموونە: لە زمانی سانسکریتیدا- ن- وەک ناوگرێک خۆی دەنوێنێ، وەک لە وشەی:

((vid = زانی – vindami دزانم))[(٢)] یاخود لە زمانی (بونێک کە لە (فلیپین) پێیدەدوێن، وەک ((ب هێزکەفتن Fumikas، بهێز Fikas ، یان سۆربون Kumilad، سۆر Kilad)).[(٣)]

بێگومان ئەم دیاردە ڕێزمانییە، چۆن لە زمانی دیکەدا پێش چاو دەکەوێت، بە هەمان شێوە لە زمانی کوردیشدا (ناوگر) ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبینێت، ئەگەرچی بە کەمیش دەردەکەوێت[(٤)]، هەر ئەم کەمی

-----------------

١ ** بروانە: فەرهەنگی خال، بەرگی یەکەم. ل١٣٣.

٢ ) فازڵ عومەر، نێڤگر د زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژمارە (١٠٩) بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٦٥.

٣ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

٤ ) لە زمانی کوردیدیا پێشگر و پاشگر لە یاریدەی ڕۆنانی وشەی ناسادەدا زۆر لە ناوگر چالاکترن و

دەرکەوتنەی (ناوگر) وای لە هەندێک ڕێزمان نووسانی کورد کردووە بڵێن ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە.[1]

ئێمەش بە پێچەوانەوە وا بیر دەکەینەوە، کە بوونی ناوگر دیاردەیەکی ئاساییە و بوونیشی شتێکی مەحاڵ نییە، هەروەک دەزانین زمانی کوردیش سەر بە خێزانی گەورەی (هیند و- ئەورووپی)یە و بوونی ناوگر لەو زمانانەدا، خۆی لە خۆیدا نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بڵێین ئەم دیاردە ڕێزمانییەش لە زمانی کوردیدا هەیە.

هەروەها شۆڕبوونەوە بە ناخی وشەی زمانەکەدا، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە (ناوگر) هەبێت، هەروەک مامۆستا (مەسعوود محەمەد) دەڵێت: ((بە دەم سەرنج ڕاگرتن لە ئاخاوتنی کوردی و ڕێزمای کوردییەوە ڕۆژ لە دوا ڕۆژ، تاکە وشەی ئەو تۆم دۆزیوەتەوە کە لە ناو ئاخنەکەیدا دەنگێک وە یا زیاتر هەیە گومان لەوەدا نییە، کە لە لاوە بۆی هاتوە و واتاییێکی تازەی پەیدا کردوە وە یا گۆڕێنێکی خستۆتە ناو وشەکەوە بەو جۆرەی کە چاوەنۆر دەکرێ لە دەوری ناوگر)).[2]

کەواتە دەتوانین بڵێین (ێ) وەک (ناوگر **Infix-**) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشە و ناخی وشە دەسمێت.

بێگومان ئەم دیاردە مۆرفۆلۆژیە تەنها لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو هەمان دیاردە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروەشدا هەیە، ئەمیش دەبێتە هۆی پشت ئەستوور

---

بە گشتی ناوگر سستە.

١ ) بۆ نموونە: د. وریا پێی وایە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە، بڕوانە وتاری (ووشە)، گۆڤاری ((نووسەری کورد))، ژمارە (٩)، بەغدا، ١٩٨٢، ل٨٨.

٢ ) مەسعود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٧٨.

بوونمان و زیاتر پێداگرتنمان لە سەر بوونی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا.

ئەم ڕاستییە مامۆستا (مەسعود محەمەد) لە کتێبی ((چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی)).[1] ئاماژەی بۆ کردووە و لیستەیەک ناوی کردۆتە بەڵگە، کە ئەوەی زیاتر جێی مەبەستی باسەکەی ئێمە بێت مۆرفیمی (ێ)یە وەک ناوگر، کە نموونەی لە باری بۆ هێناوەتەوە، هەر لەم ڕووەوە مامۆستا (ئەورەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی (وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا) هیما بۆ هەمان بۆ چوون دەکات و دەڵێت: ((لەم بارەیەوە دەستکەوتێکی نوێی هێنایە ئەنجام)).[2] ئینجا ناو براو سێ وشە دەکاتە شایەتی حاڵ و بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا و یەکێك لەو سێ وشانە (برێشکە)یە کە (ێ) وەک ناوگر توانیویەتی ناخی بسمێ و وشەکە بگۆڕێت چونکە ((برێشکە: لە برژانەوە هاتووە دیارە دەنگێکی (ێ) لە لاوە هاتووە بۆ ناو ئاخنی وشەکە...)).[3]

کەواتە مۆرفیمی (ێ) وەک (ئینفیکس - ناوگر) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا لەم نموونانەدا خۆی دەنوێنێ.

١ـ برێشکە: لە برژانەوە هاتووە، هەروەک (ێ) یەک چووەتە ناوەندی وشەکەوە (برژ- برێژکە- برێشکە).

ناو برێشک ← لە برژاندندەوە هاتووە هەروەها (ێ) یەک چووەتە ناوەندنی وشەکە کردی بە (ناوبرێشك)، کە خۆی لە (نان برێشك)ەوە بووەتە (ناوبرێشک).

٢ـ ڕێژە و بێژە: لە ڕژان و پژانەوە هاتووە، دیارە دەنگێکی (ێ) هاتۆتە نێوان یەکەم و دووەم پیتی وشەکانەوە.

-----------------

١ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

٢ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٧٧، ل٧٩.

٣ ) سەرچاوەی ناوبراو: مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، ل٧٩.

**٣ـ درویێنە: لە (دروون)ەوە هاتووە: لێرەدا نوونەکەی چاوگ بە بەشێکی وشە حیسابکراوە و دەنگێکی (ێ) کەوتۆتە پێشیەوە.**[١]

**هەروەک چۆن (ێ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بوو بە ناوگر، بە هەمان شێوەش نموونەی وا بەرچاو دەکەوێت لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ئەوە بسەلمێنێت، کە (ێ) وەک (ناوگر) مۆرفێمێکی بە کارە، بۆ وێنە: -**

| کاری تێنەپەڕ | تێپەڕی خوەسەر |
|---|---|
| کشا | کێشا |
| ڕشت | ڕێت |
| گەڕا | گێڕا |
| پژیا | پێت / پەهت |

**هەروەها: -**

| تێپەڕی گشتی | بنکاریێ. تپ، خ |
|---|---|
| کشاند | کێش |
| ڕژاند | ڕێژ |
| گەڕاند | گێڕ |
| پژاند | پێژ[٢] |

-----------------

١ ) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە نموونەکانی مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، ل٧٩.

٢ ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فازڵ عومەر، نێڤگر زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژمارە (١٠٩)، بەغدا (١٩٨٦)، ل٢٧١.

# ئـــەنـــجـــام

# ئەنجام

لە تێڕوانینی سەرپێیدا ڕەنگە هەر هێندە بێتە بەرچاو، کە (ێ) دەنگێکی بزوێنە و هیچی دی...خۆ بێت و لەو نیگا و ڕوانگەیەشەوە وردبینەوە کە دانەکانی زمان و پێوەندی زمان و ئەرکی زمان– واتە ئەو سێ کۆمەڵە خاسیەتانەی لە لێکۆڵینەوەی سیستەمی زمان و پێکهاتنی دیوی ناوەوەیدا بۆ دیاریکردنی یاساکانی زمانەوانی بەکاردەهێنرێن، بێگومان گەلێ دیاردەی جۆراوجۆرمان لێ ئاشکرا دەبێ، ئەوەتە بە پێی چوونە نێو ناخی (ێ)ەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لە زمانی کوردیدا وەک سیازدە، مۆرفێمی جودا خۆی دەنوێنێ، لەو سیازدە مۆرفێمەش (١٠)یان هاریکاری سازدانی ڕستە دەکەن و سیانەکەی دیشیان یاریدەی ڕۆنانی وشە دەدەن:

١ـ مۆرفێمی (ێ)ی نیشانەی جنسی مێی دۆخی ناڕاستەوخۆ: -

ئەم مۆرفێمە لە سەرانسەری دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، لە بەشە دیالێکتی موکری و هەندێ ناوچەی سۆران و کەمێک لە دەورو پشتی سلێمانیی ئەمڕۆدا دەچێتە سەر ناوی جنسی مێ و لە جنسی نێری جیادەکاتەو...ئەم نێزیکی (ێ)ی نیشانەی جنسی مێ یە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، دەتوانرێ بە یەکێك لەو بەڵگە زانستییانە دابنرێ، کە نیشانی یەکێتی زمانی کوردی دەدەن.

٢ـ مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی جنسی مێ لە بانگهێشتندا:

ئەم مۆرفێیە وەک نیشانەی بانگهێشتن لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروو بۆ جنسی (مێ) لە دۆخی بانگهێشتندا بەکاردێت.

**٣-مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی نەناسیاوی:**

ئـەم مۆرفێمـە لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووادا لـە کۆتایـی نـاو یـان ئاوەڵنـاوەوە دێـت و نەناسـیاوی و تاکایەتـی پێشـاندەدات، هەنـدێ جـار نیشـانەی (ان)ی کـۆ وەردەگرێـت لـە کاتێـکدا تەنهـا مانـای نەناسـیاوی ببەخشـێت.

لـە کرمانجیـی ژووروودا ئـەم مۆرفێمـە لـە حاڵەتێـکا دەردەکەوێـت ئەویـش ئەگـەر نـاوە نەناسـیاوەکە مـێ بـوو.

**٤- مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی (ئیزافە) خستنەسەر:**

مۆرفێـی (ێ) وەک نیشـانەی خستنەسـەر لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کوردیـدا بـۆ ڕەسـەنی مێیـە و لـە کرمانجیـی ژووروشـدا بۆ ڕەسەنی نێر بەکاردێت.

**٥- مۆرفێمـی (ێ) وەک نیشـانەی کاتـی ڕانەبـردووی کـردار لـە حاڵەتـی کارا نادیـاردا:**

مۆرفێمـی (ێ) وەک نیشـانەی کاتـی ڕانەبـوردووی کـرداری کارا نادیـار لـە کرمانجیـی خـوارووودا لـە ئەنجامـی وەرگرتنـی ڕەگـی ڕانەبـووردووی و زیادکردنـی ئامـرازی نادیـاری (ە) و نیشـانەی کاتـی داهاتـووی (ێ) بـە کۆتایـی کردارەکـەوە کارا نادیـار لـە دەمـی ڕانەبـوردوو پێکدێـت.

سـەبارەت بە حاڵەتـی کارا نادیار کردار لە کرمانجیی خـواروو و ژووروودا یـەک ناگرنـەوە، چونکـە لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووادا (ر) ئـەو دەورە دەبینـێ، بـەڵام لـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروودا حاڵەتـی کارا نادیـاری کـردار بەهـۆی کـرداری تێنەپـەڕی یاریـدەدەری (هاتـن)ەوە دەردەبڕدرێت کـە دەکەوێتـە پێـش کـردارە سـەرەکییە تێپەڕەکـە و گەردانیشـدەکرێت بـەڵام کـردارە سـەرەکییەکە گەردانناکـرێ و لـە شـێوەی چاوگیـدا دەمێنێتـەوە.

٦ـ مۆرفێمی (ێ) وەک جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک: -

ئـەم مۆرفێمـە لـە بناغـەدا جێنـاوی کەسـی سـێیەمی تاکـە، بریتییـە لـە (ات/ یـت) بـەڵام هەندێکجـار (یـت) کورتدەکرێتـەوە و لـە شـێوەی (ێ) خـۆی دەنوێنێـت، ئـەم جێنـاوە بـۆ کەسـی سـێیەمی تاکـی کاتـی ئێسـتا و داهاتـوو بـەکاردێ جا بـا کردارەکـە تێپەڕبێـت یـان تێنەپـەڕ.و ئەگـەر فەرمانەکـە لـە کاتـی داهاتـوودا بـوو چ تێپـەڕ چ تێنەپـەڕ بـۆ دەربڕیـی ڕێکەوتـن لەگـەڵ بکـەرا دەسـتەی سـێیەمی لەگەڵـدا دەردەکەوێـت.

سـەبارەت بـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژوورووش هەنـدێ جـار (ێ) بەکارنایـەت و بـە وێنـەی بزرۆکـە (i ) دێـت و ئـەوەی ئیشـارەت بـۆ کەسـەکە دەکات (ت)ە.

٧ـ مۆرفێیمـی (ێ) وەک کۆتایـی جێنـاوی کەسـی جـودا لـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروودا: -

ئـەم مۆرفێمـە لـە کەسـی سـێیەمی تـاک بـۆ ڕەسـەنی مێینـە (ئـەوێ / وێ) بـەکار دەهێنرێـت، کـە ئـەم (ێ) یـەش بەدیـاری کردنـی ڕەسـەنی (مێ)یـە لـە دۆخـی ناڕاسـتەوخۆدا.

ئەم مۆرفێمە بەم وێنەیە لە کرمانجیی خوارووودا دەرناکەوێت.

٨ـ مۆرفێمـی (ێ) وەک نیشـانەی بچووککردنـەوە بـۆ نـاوی تایبەتـی مێینـە: -

مۆرفێمـی (ێ) لێـرەدا دەوری بچووککردنـەوەی نـاو دەبینێـت، بـەڵام پێـان وایە ئـەو (ێ) یـە هەمـان (ێ)ی نیشـانەی مێینەیـە دەچێتـە سـەر نـاوی مـێ و بچووکیدەکاتـەوە، ئـەوەی زیاتـر پشـتگیری ئـەم بۆچوونەمـان بـکات، ئەوەیـە کـە (ێ) بـۆ بچووککردنـەوەی نـاوی تایبەتـی نێرینـە بەکارنایـەت.

**٩- مۆرفێمی (ێ)ی جێگری پێشبەند (پریپۆزیشن): -**

لـە زمانـی کوردیـدا زۆر جـار بـۆ مەبەسـتی کورتـی و دووبـارە نەکردنـەوەی هەنـدێ لەبەشـەکانی ڕسـتە بـە پێشـبەند جێگـر دەکـرێ و مۆرفێمـی (ێ) توانسـتی جێگرکردنـی پێشـبەندی (بـە، ە)ی هەیـە.

**١٠- مۆرفێمی (ێ) وەک نیشانەی پلەی ژمارە:**

ئـەم مۆرفێمـە لـە هەنـدێ بەشـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووروودا بـۆ سـازکردنی ژمـارەی پلـەی بەکاردێـت.

**١١- مۆرفێمی (ێ) وەک پاشگر: -**

مۆرفێمـی (ێ) وەک پاشـگر لـە کرمانجیـی خـواروو و ژووروودا بەکاردێـت، کـە دەوری ڕۆنانـی وشـەی نـوێ دەبینـێ بـۆ مانـا و مەبەسـتی نـوێ تـر.

**١٢-مۆرفێمی (ێ) وەک ئینتەرفێکس: -**

ئـەم مۆرفێـە یارمەتـی دروسـتکردنی وشـەیەکی لێکـدراوی نوێـدەدات لـە هـەردوو دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارو و ژووروودا.

مۆرفێمـی سەربەسـت+ ئینترفێکسـی (ێ)+ مۆرفێمـی سەربەسـت= وشـەی لێکـدراو.

**١٣-مۆرفێمی (ێ) وەک ناوگر:**

(ێ) وەک ناوگـر لـە زمانـی کوردیـدا ڕۆڵـی خـۆی دەبینێـت و دەبێتـە هـۆی گـۆڕینـی مانـای وشـە و ناخـی دەسـمێت بێگومـان ئـەم دیـاردە مۆرفۆلۆژیـە تەنهـا لـە دیالێکتـی کرمانجیـی خـوارووی زمانـی کوردیـدا نییـە، بەڵکـو هەمـان دیـاردە لـە دیالێکتـی کرمانجیـی ژووررووشـدا هەیـە، ئەمیـش دەبێتـە هـۆی پشـت ئەسـتوور بوونمـان و زیاتـر پێداگرتنمان لـە سـەر بوونـی (ناوگـر) لـە زمانـی کوردیـدا.

١٤ـ سەرجەمی مۆرفیمەکانی (ێ)ی وشە دارێژ: -
(ێ)ی پاشگر، (ێ) ئینتەرفێکس، (ێ)ی ناوگر) لە هەدوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بە تەواوی یەک دەگرنەوە و بەشێکی زۆری مۆرفیمەکانی (ێ)ی وشە گۆڕێش (ێ)ی نیشانەی جنسی مێ دۆخی ناڕاستەوخۆ؛ (ێ)ی نیشانەی جنسی مێ دۆخی بانگهێشتن؛ (ێ)ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک...) وەک یەکن.

١٥ـ واش ڕێدەکەوێ، کە (ێ) لە کرمانجیی خوارودا نیشانەی جنسی مێیە، کە چی بە پێچەوانەوە لە کرمانجیی ژوورودا نیشانەی جنسی نێرە، بە وێنە (ێ) لە دۆخی خستنەسەردا).

١٦ـ هەندێ مۆرفیمی (ێ) لە کرمانجیی خواروودا هەن، وەک (ێ) ی نیشانەی نەناسیاوی, (ێ)ی نیشانەی کاتی ڕانەبووردووی کرداری کارا نادیار) و لە کرمانجیی ژووروودا نین، بە پێچەوانەشەوە چەند مۆرفێمێکی (ێ) لە کرمانجیی ژووروودا دەبینرێن، وەک: (ێ)ی کۆتایی جێناوی کەسی جودای جنسی مێ، (ێ)ی نیشانەی پلەی ژمارە) و لە کرمانجیی خواروودا بەدی ناکرێن.

# سەرچاوەکان



## سەرچاوەی نموونەکان:


١. ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل (ڕۆمان) سلێمانی، ١٩٧٢.

٢. پەندی پێشینان

پەندی پێشێنان کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، ١٩٧١.

٣. (پیرەمێرد)

پەندەکانی پیرەمێرد، بەرگی چوارەم، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی و پێشەکی (کاکە فەلاح)، بەغدا, ١٩٨٠.

٤. (تحفة مظفرية، ب١)

ئۆسکار مان، تحفة مظفرية، بەرلین، ١٩٠٥ م پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریان، بەشێ یەکەم، بەغدا، ١٩٧٥،

٥. (تحفة مظفرية، ب٢)

ئۆسکار مان، تحفة مظفرية، بەرلین، ١٩٠٥ پێشەکی وساخ کردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٥.

٦. (جزیری)

مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێکردووە، ١٣٦٠ هەتاوی.

٧. (جگر خوێن)

جگر خوێن، سەورا ئازادی، شام, ١٩٥٤.

٨. (خانی)

ئەحمەدی خانی، مەم و زین، گیو موکریانی، چاپی سێ یەمیی، هەولێر، ١٩٦٨.

٩. (صەبری)
هۆزانڤانێت کورد، دانان و تویژاندنا، صادق بهاءالدین ئامیدی، چاپا یەکێ، بەغدا,١٩٨٠.
١٠. (فۆلکلۆر)
هیمداد حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێرە، بەغدا, ١٩٨٦.
١١. (فۆلکلۆر)
فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، کۆکردنەوەی محەمد کەریم شەریف، کەرکوک، ١٩٧٤.
١٢. (کوردۆ)
کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ لە زاری کوردەکانی سۆفیەتەوە تۆماری کردووە، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی، بەغدا, ١٩٧٦.
١٣. (گۆران)
سەرجەمی دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٠.
١٤. (لە خەوما)
جەمیل صائب، لە خەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، بەغدا, ١٩٧٥.
١٥. (مەحوی)
دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا کریم، بەغدا، ١٩٧٧.

١٦. (مەمێ ئالان)

مەمێ ئالان، چیرۆک نڤیس کۆی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیەو، صالح عەلی کوللی و ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕێنووسی لاتینییەوە هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.

١٧. (نالی)

دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٧.

# سەرچاوەی بابەتەکان

**یەکەم/ بە زمانی کوردی: -**


١. ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

٢. د. ئەو ڕەحمانی حاجی مارف، ئاوەڵکردار و جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە، گۆڤاری (ڕۆشنبیریر نوێ و بەیان))، ژمارە (١٢٧)، بەغدا، ١٩٩١، ل٥٦.

٣. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم- ناو- بەغدا، ١٩٨٧.

٤. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشە سازی)، بەشی دووەم- جێناو- بەغدا، ١٩٨٧.

٥. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا, ١٩٨٦.

٦. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧.

٧. تەوفیق وەهبی، دەستووی زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا ١٩٢٩.

٨. جگر خوێن، آوا ئو دەستورا زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦١.

٩. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرک، ١٩٧٦.

١٠. جەمال نەبەز، نووسینی کوردی بەلاتینی، بەغدا، ١٩٥٧.

١١. حەسەن قزڵجی، لەبارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری ((کۆڕی زانیاری کورد)، بەرگی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٧، ل٢١

١٢. حەننا ئەنتوان، چەند سەرنجێکی سەر پێ ی دەربارەی

گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی، گۆڤاری (کاروان) ژمارە، ژمارە (٨)، بەغدا ١٩٨٣، ل٦٥.
١٣. رەئووفی ئەحمەد ئالانی، فێرستە کتێبێک، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٩٣) بەغدا، ١٩٨٢، ل٢٤.
١٤. ڕەفیق محەمەد محێدین، دەوری مۆرفێمی (ب) لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١٣٨)، بەغدا ١٩٦٦، ل٢٢ – ٢٥.
١٥. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا, ١٩٩٦.
١٦. زەریٚ عارف یوسۆپۆڤا، ئامرازی پیوەندی و پاشکۆکانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٠٤) بەغدا، ٢٧ / ٨ / ١٩٨٧. د. کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی.
١٧. زەریٚ عارف یوسۆپۆڤا، ئاوەڵکار، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٢٤)، بەدا، ١٩/ ١١/ ١٩٨٧ (د کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی).
١٨. زەریٚ عارف یوسۆپۆڤا، جێناوی دیار و نادیار، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٤٤)، بەغدا، ١٩٨٨/١/٢٨.
١٩. زەریٚ عارف یوسۆپۆڤا، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامراز، ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩١٣)، بەغدا، ١٢/ ١٠/ ١٩٨٧ (د.کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی).
٢٠. زەریٚ عارف یوسۆپۆڤا، ناو، ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٨٩٧) بەغدا، ٢/٧/ ١٩٨٧ (د. کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی).
٢١. ساڵح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی کرد و کۆ لێکۆڵینەوەی، بەغدا، ١٩٨٥.

٢٢. عەبدولرەحمان كاكل، دەورەكانی نیشانە (ەك، ێك- ی)، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژمارە (٩٧٥)، بەغدا (١٦/ ٥/ ١٩٨٨).
٢٣. عەبدولوەهاب خالید، نیشانید نێر و مێ- ئیزافە- ل دیالیكتا كرمانجییا ژووروی، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژمارە (٩٢٤) بەغدا ١٩ / ١١ / ١٩٨٧.
٢٤. عەبدوڵلا شاڵی، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، ١٩٧٦.
٢٥. فازڵ عومەر، نێڤگر د. زمانی كوردیدا گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٠١) بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٧١.
٢٦. قەناتی كوردۆ، ئاوەڵكار لە دیالێكتی كرمانجیی ژووروو و خواروودا گۆڤاری (ئاسۆی زانكۆیی) ژمارە (٤)، بەغدا، ١٩٨٠ (د. كوردستان موكریانی كردوویە بە كوردی).
٢٧. كامل بەسیر، ئامرازی پێناس لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، گۆڤاری (كۆڕی زانیاری عیراق-دەستە كوردی)، بەرگی چواردەهەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل٣.
٢٨. كوردستان موكریانی سینتاكسی ڕستەی سادە، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٩. ك. ك. كوردۆییف، ڕێزمانی كوردی بە كەرەستە و دیالێكتی كرمانجیی و سۆرانی، هەولێر، ١٩٨٤ (د. كوردستان موكریانی كردوویە بە كوردی).
٣٠. گیوی موكریانی، ئەلف و بێ ی كوردی وێنە دار بە تیپی لاتینی بە زاراوەكانی (سۆرانی، بادینی، فەیلی، هەورامی)، هەولێر، ١٩٧٢.
٣١. مەحموود زامدار، ناو و نازناو و ناو ناتورە و سووككردنی ناو لە ناو زمانی ئێمەدا، گۆڤاری (ڕۆژی كوردستان)، ژمارە (٣٢) بەغدا، ١٩٧٥, ل٤١.

٣٢. مەحمـوود فەتحولـلا ئەحمـەد، کار تەواوکـردن لـە کوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، هەولێـر، ١٩٨٨.
٣٣. مەسـعود محەمەد.بەسـەردا چوونـەوە، گۆڤـاری (کـۆڕێ زانیـاری کـورد) بەرگـی پێنجـەم، بەغـدا، ١٩٧٧، ل١٣٥.
٣٤. مەسـعود محەمـەد، تیروپشـکی لـە دەنگسـازی، گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری نـوێ)، بەغـدا، ١٩٨٤، ل١٠١.
٣٥. مەسـعوود محەمـەد، چەنـد حەشـارگەییێکی ڕێزمـای کـوردی، بەغـدا، ١٩٧٦.
٣٦. مەسعوود محەمـەد، زاراوەی پێوانـە، گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری نـوێ). ژمـارە (١١٢) بەغـدا، ١٩٨٦، ل١٦٢.
٣٧. مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، بەغدا، ١٩٨٦.
٣٨. مەسـعوود محەمـەد، وردبوونـەوە لـە چەنـد باسـێکی ڕێزمانـی کـوردی، بەغـدا، ١٩٧٤.
٣٩. مەسـعوود محەمـەد هەڵدانـەوەی چەنـد ڕووپەڕەییێکـی زمانـی کـوردی، گۆڤـاری (کـۆڕی زانیـاری کـورد) بەرگـی پێنجـەم، بەغـدا، ١٩٧٧، ل٢٧٦.
٤٠. محەمـەد ئەمیـن هەورامانـی، ئامـرازی (لە) لە تـەرازووی بـەراوردا گۆڤـاری (کاروان)، ژمـارە (٣٨)، بەغدا، ١٩٨٥، ل٢٠.
٤١. محەمـەد ئەمیـن هەورامـی، تەماشـاکردنێکی سـەرپێی زاری سـۆرانی و زاری هەورامـی، گۆڤـاری (کـۆڕی زانیـاری کـورد)، بەرگـی دووهـەم، بەغـدا، ١٩٧٤، ل١١٧.
٤٢. محەمـەد ئەمیـن هەورامانـی، سـەرتاییێک لـە فیلۆلـۆژی زمانـی کـوردی، بەغـدا، ١٩٧٤.

٤٣. مستەفا زەنگەنە، پێکهێنەرەکانی (اندن) و ئەرکەکانیان، گۆڤاری (کاروانی ئەکادیمی)، هەولێر، ١٩٩١، ل٧٥.
٤٤. نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.
٤٥. نووری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی (پێشگر و پاشگر) بەغدا، ١٩٥٨.
٤٦. د. نەسرین محەمەد فەخری پاشگری (اندن) لە زمانی کودیدا گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)) بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٥، ل١٩٨.
٤٧. د. نەسرین محەمەد فەخی، کەی کار بە بکەر نادیار تۆمار دەکرێن، چۆن و بۆ؟! گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٣٠) بەغدا ١٩٩٣، ل٧٣.
٤٨. د. نەسرین محەمەد فەخری و د. مارف خەزنەدارو حافز مستەفا قازی، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا، ١٩٧١.
٤٩. د. وریا عومەر ئەمین، ئەلەمۆرفی ڕێزمانی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٢٢)، بەغدا ١٩٨٩، ل١٦٦.
٥٠. د. وریا عومەر ئەمین، پاشبەندەکان گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد) بەرگی یازدەهەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل١٨٥.
٥١. د. وریا عومەر ئەمین چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجی داڕشتنی فرمان، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٠٩)، بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٦٠.
٥٢. د.وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، بەغدا، ١٩٨٦.
٥٣. د. وریا عومەر ئەمین، کات و ڕەگی فرمان، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە (٦٥) بەغدا ١٩٨٤، ل٧٩.

٥٤. د. وريا عومەر ئەمین، لە پەیوەندی یەکانی بکەر نادیار، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارەی (١٢٩)، بەغدا، ١٩٩٢، ل١٨.
٥٥. د. وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٣٨) بەغدا، ١٩٩٦, ل١٨.
٥٦. د. وریا عومەر ئەمین، وشە، گۆڤاری (نووسەری کورد) ژمارە (٩)، بەغدا، ١٩٨٢، ل٨٣.

دووەم/ بە زمانی فارسی: -

١. پایان نامە (برای دریافت درجة فوق لیسانس زبان و ادبیات فارسی)، موضوع (ساخت صرفی فعل در زبان فارسی)، برا هتهانی (دانشیار ارجمند دکتر علي زوین)، (عبدالاله محمد حسن عبدالعبیدی) بەغدا، ١٩٩٤.
٢. ذو النور، دستور پارسی در حرف و نحوو املایی فارسی، تهران، ١٣٤٣.

سییەم/ بە زمانی عەرەبی: -

١. احمد مختار عمر، علم الدلالة الطبعة الاولى، جامعة الكويت، ١٩٨٢.
٢. تمام حسان، مناهج البحث في اللغة، كلية دار العلوم، جامعة القاهرة ١٩٧٩.
٣. توفيق وهبى، قواعد اللغة الكردية، الجزء الاول، بيروت، ١٩٥٦.
٤. حاتم صالح الضامن، علم اللغة العام، بغداد، ١٩٨٩.
٥. د. كوردستان موكريانى، قواعد اللغة الكردية، بغداد، ١٩٨٩.
٦. محاضرات ودن، تأملات في اللغة، تقديم جومسكي، ترجمة الدكتور مرتضى جواد باقر الدكتور عبدالجهاد محمد علي، بغداد ١٩٩١.

٧. هاشم شلاش و آخرون، المذهب في علم الصرف، جامعة بغداد، بيت الحكمة، كلية التربية الاولى (ابن رشد)، قسم اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٩.

**چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی: -**

1. D.N.Mackenzie , Kurdish Dialect Studies I , London , 1961.
2. D.N.Makenzie , Kurdish Dialect Studies , London , 1976 .
3. Norman C.Stagebrg – Anontroductory English Grammar, University of Nortern Lowa , 1965.

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................... ٧

**بەشی یەکەم ............................................................... ١١**

پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێك.................................... ١١

سەرنجی چوونە ناو بابەتەوە ............................................. ٥٣

**بەشـــی دووەم ............................................................. ٥٩**

مۆرفـــێمەکـــانی (یً) وەک وشـــەگـۆڕ ................................... ٥٩

١ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا: ....... ٦١

٢ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی بانگهێشتندا: ....... ٨٦

٣ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی نەناسیاوی: .............................. ٧٠

٤ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی (ئیزافە) خستنەسەر: ............... ٧٣

٥ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی کاتی ڕانەبردووی کردار لە حاڵەتی کارا نادیار: .... ٧٧

٦ـ مۆرفێمی (یً) وەک جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک: ........ ٨٥

٧ـ مۆرفێمی (یً) وەک کۆتایی جێناوی کەسی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا. ... ٨٨

٨ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی بچووککردنەوەی بۆ ناوی تایبەتی مێینە: ........ ٩٠

٩ـ مۆرفێمی (یً)ی جێگری پێشبەند (پریپۆزیشن): ....................... ٩١

١٠ـ مۆرفێمی (یً) وەک نیشانەی پلەی ژمارە: ............................ ٩٥

**بەشـــی سێیەم.............................................................. ٩٧**

مۆرفـــێمەکـــانی (یً) وەک وشەداڕێژ........................................ ٩٧

١ـ مۆرفیمی (ێ) وەک پاشگر (Suffixes): .............................. ٩٩

٢ـ مۆرفیمی (ێ) وەک ئینتەرفێکس (Interfixus) .................... ١٠٤

٣ـ مۆرفیمی (ێ) وەک ناوگر: (Infix) .............................. ١٠٥

ئـــەنـــجـــام .............................................. ١٠٩

ســـەرچـــاوەکـــان .......................................... ١١٧

سەرچاوەی نموونەکان: .......................................... ١١٩

سەرچاوەی بابەتەکان.......................................... ١٢٢